

# دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن لە کوردستاندا

## ئۆپۆزسیونی بێ سەروبەر ناتوانێت سوود لە کەشوهەوای دیموکراتی وەربگرێت

ئۆپۆزیسیون و دەسەڵات، وەك( ئەو تاڵیی و شیرینییەیە) کە تەنیا چا کۆیان دەکاتەوە، پرۆسەی دیموکراسیش ئەو بازنەیە کە ئۆپۆزسیون و دەسەڵات پێکەوە کۆی دەکاتەوە، بەڵام توندوتیژی لە هەردوولایان دادەماڵێت و بە زمانی دیالۆگ و لێبوردەیی و یەکتری قبوڵکردنەوە، بەردەوامی بەپرۆسەی سیاسیی و کامڵبوونی جیاوازییەکان و دەستاودەستکردنی ئاشتییانەی دەسەڵات دەدات و،هەرچوار ساڵ جارێك دەنگی سندوقی دەنگدان دەبێتە حاکم و بریاردەر بەسەر ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتەوە، لەم بازنەیەشدا هیچ لایەك تاسەر ئۆپۆزسیون نییە و هیچ لایەکیش تاسەر دەسەڵاتدارنییە.

بارتیــۆی کۆمەڵناسی بەناوبانگی ئیتاڵی، گەوهەری پرۆسەی هەڵبژاردنی سیاسی بە چەسپاندنی پرانسیپی دستاودەستکردنی دەسەڵات دادەنێت، ئەم دستاودەستکردنەی دەسەڵاتیش لە روانگەی کەلچەری سیاسیی هاوچەرخەوە بە یەکێك لە مەرجەکانی پیادەکردنی دیموکراسی لەقەڵەم دەدرێت.

لەم بازنەیەدا کە ئۆپۆزسیون و دەسەڵات گەمەی سیاسیی دستاودەستکردنی دەسەڵاتی تیا پیادەدەکرێت، بەروونی یاسای گەمەکە دیاریکراوە و حەکەمی گەمەکەش سندوقی دەنگدان و دەنگی هاوڵاتییانە کە ئاکامی گەمەکە دیاریدەکات.

کەواتە ئەوەی بیەوێت بێتە ناو ئەم بازنەیە و لەم گەمەیەدا بەشداربێت، بێگومان دەبێت لەبەریەکدا بێت لەبەرەکەی دیکە جیاواز بێت، ناکرێت وەك یاریزانی تۆپی پێ فانیلەکەی هی ئەم لایێت و شۆرتەکەی هی لایەکەی دیکە بێت، هەروەها ناکرێت خۆسەپێن و گۆشەگیر بێت و ئامادەنەبێت بەرامبەرەکانی خۆی قبوڵ بکات، لەم گەمەیەدا کارتی سور و زەردی دادەوەر بەرزی ونزمی رێژەی دەنگدانە.، کە گەڵێك جار دەبێتە کارتی زەرد و بە کۆمەڵێك مەرجەوە لەگەمەکەدا دەمێنێتەوە و گەڵێك جاریش ئەو کارتە سورەیە کە لە گەمەکەدا جێی نابێتەوەو بوونیشی هەبێت وەك دەڵێن بوون و نەبوونی وەك یەك وایە.

دیموکراسییەت پرۆسەیەکی سیاسیی، هەردەبێت وەك سیاسەتیش مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، دەبێت لۆژیکی سیاسەت پێوەر بێت نەك لۆژیکی ئایدۆلۆژیا و یان کۆمەڵێك بۆچوونی دەستە بژێری گۆشەگیر.

بۆیە کاتێك ئەم پرۆسەیە بە دیدێکی سیاسیی سەیر دەکەین دەبێت ئەم خاڵانە لەبەرچاو بگرین :

* سیاسەت لۆژیکێکی هەیە کە مەرج نییە هەمووکات لەگەڵ لۆژیکی بیروبۆچوونە رەهاکان و ئەوانەی پێیان وایە هەموو راستی و هەقیقەتەکان لای خۆیانە یەکبگرێتەوە،

بۆیە مێژووی سیاسەت مێژووی سەرکەوتنەکانە، سیاسەتی فاشیل خاوەنی مێژوو نییە، سیاسەت کە فەشەلی هێنانە کارەسات بەدوای خۆیدا دێنێت، فەشەلی سیاسەت دەبێتە بەشێك لە مێژووی مرۆڤایەتی بۆ ئەوەی پەندی لێوەربگرن، بەڵام بە پێچەوانەوە مێژووی بیروبۆچونە رەهاکان، مێژووی فەشەلهێنانە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە بیروبۆچوونی رەها و توتالیتاری چەند خۆی بەسەرکەوتوو بزانێت هەرپێویستی بە پرکردنەوەی بۆشایی و ناتەواوییەکان هەیە.

• هەڵگرانی هزری توتالیتاری و بیروبۆچوونی رەها و نەتوانینی بەرامبەر قبوڵکردن،گرەو لەسەر خۆی دەکات، واتە هەمووکات بیر لەوە دەکاتەوە موغامەرە بەخۆی بکات بۆئەوەی ئامانجەکانی بێتە دی، ئەمانە زۆرتر حەزیان لە توندوتیژی و بەکارهێنانی هێز و خۆ فەرزکردنە، کاتێك ئەم بوارە نەمێنێت و بە ناچاری بێتە ناو گەمە دیموکراسییەکە دەبینین، یەکەم هەنگاویان ئەوەدەبێت رەش وسپی تێکەڵ دەکەن و تەرو وشك پێکەوە دەسوتێنن،هەوڵدەدەن پرۆسەی سیاسیی و بەرەوپێشەوەچوونی ئابووری رابگرن و سڕی بکەن، دەیانەوێت ئەو چاویلکەیە بەن کە خەڵك لەوێوەوە باردۆخەکە ببینێت، تەنانەت ئەگەر بەرامبەر هەنگاوێکی پێویست بۆ چاکسازی و بەرەوپێشەوەچوون هەڵبگرێت، لەبەر ئەوەی پێیان وایە هەموو هەقیقەت و راستییەکان لای ئەوانە، ئەوا هەوڵدەدەن، ئەو هەنگاوەش بشێوێنن و دیسان رەش وسپی لە چاوی خەڵکدا تێکەڵ بکەن. لەبەرامبەردا ئەو هێز و لایەنانەی وەك خۆی و بە دیدێکی سیاسییانە لە گەمە سیاسییەکەی دیموکراسیدا بەشداری دەکەن، دەبینن هەوڵدەدات لە بەرامبەرەکەی جیاوازبێت و هەوڵیش دەدات هاوڵاتییان بە جیاواز ببینن، بەڵام بەرامبەر قبوڵ دەکات و پارێزگاری بە جیاوازیەکانەوە دەکات، ئەمەیان هەرگیز ئەو موغامەرەیە ناکات وەك کورد دەڵێت : ( یان گاڵ دێنێت یان پەموو )یان وەك بەزمانی سیاسەت پێ دەڵێن ( یان سفر یان سەد )، ئەمەش لەبەر ئەوەیە وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد لە سیاسەتدا موغامەرە لەسەر سفر و سەد یان گاڵ و پەموو نییە، دەکرێت هەمووی پەموو نەبێت بەڵام دەبێت رێژەی پەموکە زیاتر بێت، لە سیاسەتدا سفر نییە، دەشێ هەموو خواستەکان نەیەنەدی، بەڵام دەبێت ئاکامەکەی پەسەند بێت، بۆیە سیاسەت مامەڵەیە لەگەڵ واقیع، نەك خەوبینین، لە سیاسەتدا بیر لەوەدەکرێتەوە ئیمکانییەتی بەردەست چین و چۆن دەتوانرێت بە جۆرێك ریکبخرێن کە باشترین ئاکام بەدەست بهێنێت، ئەمەش پیاوی میسالی یان ئەوانەی دەیانەوێت خۆیان بە میسالی پیشان بدەن زۆر بەباشی لەسیاسەتدا جێگەیان نابێتەوە.

## دەسەڵات وئۆپۆزسیون لە پرۆسەی دیموکراسیدا

یان دەبێت واز لە رێگەی دیموکراسی بهێنین و بیر لە شێوازێکی دیکەی حکومڕانی بکەینەوە، یان دەبێت قبوڵمان بێت کە دیموکراسییەت واتە ( دەسەڵات و ئۆپۆزسیون، دستاودەستکردنی دەسەڵات، پارێزگاریکردنی جیاوازییەکان و قبوڵکردنیان، بڕوا هێنان بە دیالۆگ و دوورکەوتنەوە لە توندوتیژی،جیاکردنەوەی رەش وسپی و تێکەڵنەکردنیان )، ئەم پرانسیپانە تەنیا چوارچێوە بۆ کارەکانی حزبی دەسەڵات یان ئەو کۆمەڵە حزبە دروست ناکات کە لە حکومەتدا هاوپەیمانن، بەڵکو ئەمە چوارچێوەی گەمەکەیە و ئەوەی لەو پرۆسەیەدا بەشدار بێت دەبێت بە بنەماکانی ئەو پرۆسە سیاسییەوە پابەند بێت، ئەم بنەمایانەش ئاستی پابەندبوونی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیون بە پرۆسە دیموکراسییەکەوە دیاری دەکات، لێرەدا

●●●

**مێژووی بیروبۆچونە رەهاکان، مێژووی فەشەلهێنانە**

●●●

●●●

**سیاسەت مامەڵەیە لەگەڵ واقیع، نەک خەوبینین، لە سیاسەتدا بیر لەوەدەکرێتەوە ئیمکانییەتی بەردەست چین و چۆن دەتوانرێت بە جۆرێک ریکبخرێن کە باشترین ئاکام بەدەست بهێنێت، ئەمەش پیاوی میسالی یان ئەوانەی دەیانەوێت خۆیان بە میسالی پیشان بدەن زۆر بەباشی لەسیاسەتدا جێگەیان نابێتەوە**

●●●

دەکرێت ئاماژە بەهەندێک لەو بنەمایانە بکەین:

• دەسەڵات ناتوانێت بانگێشە بۆ دیموکراسی بکات، ئەگەر بەپێی یاسا مەودای ئازادییەکانی تاک و ئازادی سیاسیی فراوان نەکات، هەر دەسەڵاتێکی سیاسیی بڕوای بەوە هەبێت کە پێویستە ئازادییەکان ڕێزیان لێبگیرێت، سانسۆر بۆ سەر ڕای ئازاد و چالاکی سیاسیی و دروستبوونی پارتی سیاسیی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دانەنێت، ئەوا دەبێت دان بەوەدا بنرێت ئەو دەسەڵاتە هەنگاو بەرەو دیموکراسی هەڵدەگرێت و دەبێت بە چاوی ڕێزەوە سەیری ئەو هەنگاوانە بکرێت.

• لە بەرامبەردا ئۆپۆزسیونیش دەبێت چۆن داوا لە دەسەڵات دەکات ئازادی بۆ فەراهەم بکات بۆ ئەوەی بتوانێت کار وچالاکی سیاسیی ئەنجامبدات، دەبێت فاکتەرێکیش بۆ پاراستنی ئەو ئازادییە و پارێزگاری کردنی جیاوازییەکان، دەبێت ئەوە بزانێت کە پرۆسەی دیموکراسی بیری شمولی و تۆتالیتاری و خۆسەپێن قبوڵ ناکات، هەروەها دەبێت ئاگاداری ئەو ڕاستییە بێت هەقیقەت یان ڕاستی شتێکی ڕێژەییە و هیچ لایەک هەموو ڕاستی و هەقیقەتەکانی لانییە، هەربۆنموونە، با وای دابنێین لە کوردستاندا لایەنێک یان هەندێک لەوانەی دەیانەوێت ڕۆڵی ئۆپۆزسیون بگێڕن ڕەخنە لە بەرنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگرن بۆ چارەسەرکردنی گرفتی کەمئاوی و دابینکردنی ئاوی خواردنەوە و دابینکردنی وزەی کارەبا، کە دووخزمەتگوزاری سەرەکی و گرنگن بۆ هەموو هاوڵاتییانی کوردستان و پێیان وابێت، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیتوانی بەڕێگەیەکی دیکە و بەشێوازێکی سەردەمیانە تر ئەم کێشەیە چارەسەر بکات، ئەمە هەنگاوێکی گرنگە و دەبێت ڕێزی لێ بگیرێت و دەبێت حکومەتیش وەک پێشنیارێکی بەسوود سەیری بکات، بەڵام گرفتەکە لێرەدایە ڕەخنەکان بەو شێوەیە بخرێنە ڕوو کە هەموو بەرنامەی حکومەت بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە هەڵەیە و ئەوەی ئەوان دەیخەنە ڕوو هەر ئەوە ڕاستە، لێرەدا جێگەی خۆیەتی ئاماژەیەکی خێرا بەم لایەنە بکەین و خوێنەری لێ ئاگاداربکەینەوە:

أ- حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی ٥ ی ساڵی دوای ڕووخانی ڕژێمی سەددام حوسێنەوە، بڕی زیاتر لە ٣-٤ ملیار دۆلاری بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئاوی خواردنەوە و وزەی کارەبا تەرخانکردووە، ئێستا لە کوردستاندا بە ڕێژەی لە ٦٠٪ کێشەی بێ ئاوی چارەسەرکراوە، بە تەواو بوونی پرۆژەی دووەمی ئاوی دوکان — سلێمانی ئەم ڕێژەیە بەرز دەبێتەوە بۆ ٨٥٪-٨٠٪، سەیر لەوەدایە خەڵکێک هەبێت پێی وابێت، ئەم پرۆژە ستراتیژیانەی کە هەوڵدراوە سەرچاوە ئاوییەکانی کوردستان سوودی لێوەربگیرێت هەڵەیە و دەبوایە سوود لە ئاوی ژێر زەوی وەربگیرێت. لە کاتێکدا پێش پیادەکردنی ئەم ستراتیژەی حکومەت، گەورەترین گرفتی زەویناس و جیۆلۆجییەکان ئەوەبوو کە ئەم سامانە مەترسی لە دەستدانی لەسەرە، ئێستاش گەورەترین دەسکەوت ئەوەیە کە توانراوە لە هەولێر زیاتر لە ٤٠٠ بیری ئاو دابخرێت و لە سلێمانیش کە بەپێی هەندێک ئامار ژمارەی بیرەکانی ئاو گەیشتۆتە ١٠ هەزار بیری ئیرتیوازی، گەورەترین دەسکەوت ئەوەیە دوای تەواو بوونی پرۆژەکە ئەگەر نەتوانرێت هەموو بیرەکانیش دابخرێن، بەڵام لە ٧٠٪-٨٠ ی دابخرێت، مەترسی پەنابردن بۆ ئاوی ژێر زەوی بێجگە لەوەی بە فیڕۆدانی سامانێکی گەورەی نیشتمانییە، بەڵام وەک هەندێک لە ئەکادیمیەکانی جیۆلۆجیش ئاماژەی پێدەکەن، ژمارەی زۆری بیرەکانی ئاو هۆکارێکە بۆ زەوی لەرزین یان کاریگەری زەوی لەرزین یان بومەلەرزە زیاتر دەکات. ئیتر چۆن دەتوانین بەو کەسانە نەڵێن بێسەروبەر لە کاتێکدا بۆ چارەسەرکردنی تەنیا خزمەتگوزارییەک کە پەیوەندی بە ئایندەی نەتەوەیەکەوە هەیە بیروبۆچوونی هەڵە و ڕەها بڵاو بکاتەوە، لێرەدا جێگەی خۆیەتی ئاماژەش بەوە بکەین بیروبۆچوونی هەڵە و نازانستی ناچێتە چوارچێوەی جیاوازییەوە.

ب- بەپێی ڕاپۆرتی کۆمسیۆنی لێپرسینەوەی حکومەت (GAO)ی ئەمریکی، ئیدارەی ئەمریکی بڕی ٥ ملیار دۆلاری بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کارەبای عێراق تەرخانکردووە و بەپێی ئەوەی کە هەرێمی کوردستان هاوبەشە بەڕێژەی ١٧٪ لە هەموو داهاتێکی عێراقدا دەبوو بڕی ٨٥٠ ملیۆن دۆلار لەم پارەیە بۆ چارەسەرکردنی کارەبای کوردستان تەرخانبکرایە، بەڵام ئەم پارەیە کەوەک گەندەڵییەکی گەورە ڕاپۆرتەکە ئاماژەی پێدەکات، نە دۆلارێکی درا بەکوردستان نە کارەبای بەشەکانی دیکەی عێراقی پێ چارەسەر کرا، بەڵام لەبەر ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەستی کرد، کە کێشەی کارەبا ناکرێت پشتگوێ بخرێت، بەناچاری لە ڕێگەی کەرتی تایبەت و بە هەوڵی خۆی توانیویەتی بە ڕێژەی ٧٠٪ وەک کارەبای نیشتمانی و بەڕێژەی ٩٠٪ لەگەڵ پەنابردن بۆ کارەبای مولیدە ئەهلییەکان ئەم کێشەیە چارەسەر بکات و هەنگاوەکان بەو ئاراستەیەن کە لە ئایندەیەکی نزیکدا بە

**ئۆپۆزسیونیش دەبێت چۆن داوا لە دەسەڵات دەکات ئازادی بۆ فەراهەم بکات بۆ ئەوەی بتوانێت کار وچالاکی سیاسیی ئەنجامبدات، دەبێت فاکتەرێکیش بۆ پاراستنی ئەو ئازادییە و پارێزگاری کردنی جیاوازییەکان، دەبێت ئەوە بزانێت کە پرۆسەی دیموکراسی بیری شمولی و تۆتالیتاری و خۆسەپێن قبوڵ ناکات**

**ئەوانەی بازارگەرمیان بۆ مایکل ڕۆبن و سام براتێن دەکەن لەوە بێئاگان، دامەزراوەی سەربازی تورکیا چ ڕۆڵێک دەگێڕێت بۆ ئەوەی ڕای گشتی ئەمەریکا و کۆشکی سپی بگەیەنێتە قەناعەت بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان داگیر بکات**



تەواوەتی ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت، گرفتی سەرەکی لێرەدا ئەوەیە ئەوانەی خۆیان بە ئۆپۆزسیون پێناسە دەکەن هەوڵبدەن ئەم هەوڵانە بێئاکام پیشانی خەڵك بدەن و لە هەمانکاتیشدا ئەو ئاستەنگە سەرەکیانەی دێنە بەردەم هەوڵەکانی حکومەت، وەك گەندەڵی حکومەتی بەغدا و شۆڤێنیەتی دەسەڵاتدارانی عێراق بۆ دابینکردنی سەرچاوەی وزەی پێویست بۆ کارپێکردنی ئەو پرۆژە گەورەیە لە خەڵکی بشارنەوە و هەوڵەکانی حکومەتی خۆیان بکەن بە قوربانی گەندەڵی بەغدا و شۆڤینیەتی دەسەڵاتدارانی عێراق، کە هەموو کات ڕێگربوون لەبەردەم بونیادنانەوەی کوردستاندا، ئەگەر لەم وڵاتەدا ئۆپۆزسیونی نیشتمانی بوونی هەبوایە دەبوو ڕێگە چارەی دیکە پیشانی خەڵك و حکومەت بدات و خەڵکی هانبدایە لەئاستی ئاستەنگەکانی بەغدا بێدەنگ نەبن، نەك هەرزەکارانە گاڵتە بە پرۆژەکانی حکومەت بکات و لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوی بکاتەوە (کارەبا زیاد مەکەن با تاریکتر نەبێت).

## گۆڕانکاری، ڕووخاندن نییە

جوانترین ڕەخنەی حزبی دیموکراتی ئەمەریکا لە ئیدارەی سەرۆك بۆش ئەوەیە کەدەڵێن: (بوش جەنگی ڕووخانی عێراقی بردەوە، بەڵام شەڕی بونیادناوەی عێراقی دۆڕاند )، دیموکراتەکان تێبینی وسەرنج و ڕەخنەیان لەسەر شەری دژە تیرۆر و چۆنیەتی مامەڵەکردنی ئەمەریکا لەگەڵ ئێران هەیە، بەڵام هەرگیز پشتگیری بن لادن یان ڕێکخراوی قاعیدە ناکەن و هەرگیز وتەیەکی سەرکردەکانی قاعیدە ناکەنە مانشێتی یەکەمی ڕۆژنامەکانیان، یان هەرگیز ناڵین ئێمە کە هاتینە دەسەڵات واز لە ئێران دەهێنین با پرۆگرامە ئەتۆمیەکەی تەواو بکات، ئەوان کە ڕەخنە لە ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا دەگرن بۆ نمونە لەسەر عێراق، بەگەلی خۆیان دەڵێن ئەگەر پلانی ئیدارەی ئێستا پلانی Aی بێت ئەوە ئەمەش پلانی ئێمەیە کە ناومان ناوە پلانی B، ئامادەشن لە زۆربەی هەوڵەکاندا بۆ ڕزگارکردنی وڵاتەکەیان لەو کێشانەی ڕووبەرووی دەبێتەوە، کاری هاوبەش لەگەڵ کۆمارییەکاندا بکەن و لە لیژنەیەکی هاوبەشدا پێکەوە کاربکەن، باشترین و تازەترین نمونەش لیژنەی دیراساتی عێراقە (IRAQ STUDY GROUP) کە دووسەرۆکی هەبوو یەکەمیان لی هاملتۆنی سیناتۆری دیموکراتی و دووەمیان جێمس بەیکەری وەزیری دەرەوەی سەردەمی بۆشی باوك بوو، ئەمە بێجگە لە بەشداری سەرجەم، سەرۆك و وەزیرانی پێشووی دەرەوە و

ڕاوێژکارانی ئاسایشی نەتەوەیی ( ئەوانەی لە ژیاندا ماون ) بەشداریان تێداکردووە، کە دیارترینیان کلینتۆن و مادلین ئۆلبرایت و برژنسکی بوون، ئەمانەمان بۆیە ئاماژە پێکرد لەبەر ئەوەی ئەمانە هەڵسوڕێنەری ململانێی دیموکراتییەکانن دژی کۆمارییەکان و هەریەکەیان بیروبۆچوونی تایبەتی خۆی هەیە دژی سیاسەتەکانی ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا و هەموو ئەمەریکاش گوێ لە بۆچونەکانیان دەگرێت، بەڵام کە هاتە سەر بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی ئەمەریکا ئەوا ململانێ نامێنێت و ڕێز لەبەرژەوەندییەکانی وڵاتی خۆیان دەگرن.

ئێمە وەك گۆڤاری گوڵان لە کاتی دەرچوونی ئەو ڕاپۆرتە کە بە ڕاپۆرتی بیکەر هاملتۆن ناسرابوو، ڕابۆچوونی زۆر لەو کەسانەمان وەرگرت کە لە دارشتنی ئەو ڕاپۆرتەدا بەشداربوون، لەوانە بەڕێز لیسلی گلب سەرۆکی فەخری ئەنجوومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوە و هەروەها مارینا ئۆتاوا پرۆفیسۆر و تایبەتمەند لەسەر دۆسیێی عێراق لە ئامۆژگای کارنجی، ئەوەی بەلامانەوە سەیر بوو، ئەوان پێیان دەگوتین ئێمە لەگەڵ فلان ڕاسپاردەنیین کە لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە و بۆچوونی جیاوازیان هەبوو، بەڵام کە لێمان دەپرسین باشە بۆچی هەوڵتان نەداوە ئەو بۆچونانەی خۆتان لە ڕاپۆرتەکەدا بچەسپێنن ؟ لەوەڵامدا پێیان دەگوتین ئەو ڕاسپاردانە کۆی سەرجەم بیرو بۆچوونە جیاوازەکانە، ڕاستە ئێمە بۆچوونی دیکەمان هەیە بەڵام ڕێزی جیاوازییەکانیش دەگرین و سەرەنجامیش هەموو ڕاسپاردەکان کەدەچنە بەردەم ئیدارەی ئەمەریکا هیچ کامیان مولزەم نین و سەرۆك بڕیاردەدا کامیان جێبەجێ دەکرێن و کامیان پشت گوێ دەخرێن.

هێنانەوەی ئەم نمونەیە بۆ ئەوەیە چۆن ئۆپۆزسیون ڕێز لە دەسەڵاتی حکومەتی خۆی دەگرێت و چۆن دەسەڵاتیش زەمینەی لەبار بۆ ئازادی ڕادەربڕین فەراهەم دەکات، بەداخەوە هەندێك جار ئەم واقیعە لە وڵاتی ئێمە پێچەوانە دەبێتەوە، ئەوانەی بانگێشە بۆ ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی دەکەن، زۆرجار هەوڵی دوژمنانیان بۆ ڕوخاندنی ئەم حکومەتە و ئەم کیانەی لە کوردستانە دروستبووە، بۆ تەرجەمە کردوین و وەك ئەوەی هەنگوینیان لەدار دۆزیبێتەوە بەخەڵکی کوردستانیان فرۆشتۆتەوە و ئەوەی جێگەی سەرنجیشە زۆر لەو هەوڵانەی لە هەندێك ڕۆژنامەی کوردستاندا تەرجەمەدەکرێت و دەڕازانرێتەوە، بەرەی تورکمانی کە هەموو ئامانجی ڕووخاندنی ئەم کیانەیە بەو ئاستە بایەخی پێنادات و نایڕازێنێتەوە.

بۆنمونە، دەبێت کورد چ قازانجێك بکات دوو کرێگرتەی وەك مایکل ڕۆبن و سام براونین کە بەپارەی ژەنراڵەکانی تورکیا لە

●●●

**بیروبۆچوونی هەڵە و نازانستی ناچێتە چوارچێوەی جیاوازییەوە**

●●●

●●●

**جوانترین ڕەخنەی حزبی دیموکراتی ئەمەریکا لە ئیدارەی سەرۆك بۆش ئەوەیە کەدەڵێن: (بوش جەنگی ڕووخانی عێراقی بردەوە، بەڵام شەڕی بونیادناوەی عێراقی دۆڕاند)، دیموکراتەکان تێبینی وسەرنج و ڕەخنەیان لەسەر شەری دژە تیرۆر و چۆنیەتی مامەڵەکردنی ئەمەریکا لەگەڵ ئێران هەیە، بەڵام هەرگیز پشتگیری بن لادن یان ڕێکخراوی قاعیدە ناکەن و هەرگیز وتەیەکی سەرکردەکانی قاعیدە ناکەنە مانشێتی یەکەمی ڕۆژنامەکانیان، یان هەرگیز ناڵین ئێمە کە هاتینە دەسەڵات واز لە ئێران دەهێنین با پرۆگرامە ئەتۆمیەکەی تەواو بکات**

●●●



دژی هەرێمی کوردستان لە میدیاکانی ئەمەریکا دەنوسن، بکرێتە کوردی و برازینرێتەوەو وەك چەکێك دژی حکومەتەکەی خۆت بەکاریبهێنیتەوە،ئەمەش قەینا باشە بۆ خەڵکی کوردستان لە راستی ئەو کەسانە ئاگادار ناکەنەوە، دواتر بۆ هەوڵدەدەن جێگەی رۆژنامەکانی تورکیا و بەرەی تورکمانی بگرنەوە، مایکل رۆبن سەرەتا پێی وابوو رۆژنامەکانی کوردستان بەو ئاستە هاوکاری ناکەن بۆیە بە ٤ زمان ( تورکی، عەرەبی، کوردی، ئینگلیزی ) لەسایتی ئەمەریکا ئەنتەر پرایس بڵاویکردبۆوە، بەڵام کەبینی هەندێك رۆژنامە درێغیان بۆ نەکرد، ئەویش هەستا هەماهەنگییەکی زیاتری لەگەڵ ئەو رۆژنامانە دروستکرد و هەندێك لە هەواڵەکانی بۆکردن بە ئینگلیزی لە میدیاکانی ئەمەریکا جارێکی دیکە بڵاوکردەوە، ئەوانەی بازارگەرمیان بۆ مایکل رۆبن و سام برانێن دەکەن لەوە بێئاگان، دامەزراوەی سەربازی تورکیا چ رۆڵێك دەگێرێت بۆ ئەوەی رای گشتی ئەمەریکا و کۆشکی سپی بگەیەنێتە قەناعەت بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان داگیر بکات، سەرنج بدەن وتارەکەی مایکل رۆبینی ساڵی پار تەنیا یەك دوو هەفتە پێش هێرشە زەمینیەکەی تورکیا بووە بۆ سەر هەرێمی کوردستان و، وتارەکەی سان برانێنیش هەر یەك دوو هەفتە پێش هەرەشەکانی ئێستای تورکیایە و ناونیشانی هەردوو وتارەکەش یەك مانای هەیە، هەربۆیە دەبێت هەموو کورد شانازی بە خۆیەوە بکات کاتێك ناحەزەکەت یان ئەوەی دەیەوێت وڵاتەکەت داگیر بکات حکومڕانی وڵاتەکەت بە باش نەزانێت، لێرەداجارێکی دیکە تەنیا ئەو پرسیارە دووبارە دەکەینەوە، ئایا چ کاتێك تورکیا شاهیدی حکومڕانی باش بۆ حکومڕانی بارزانی دەدات ؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لای هەمووان ئاشکرایە.

بەڵام گرنگە لێرەدا بە مێژووی رووداوەکاندا بچینەوە، بەتایبەتی لە دوای پاکانەکەی مایکل رۆبین لە ٢٠٠٧ بۆ یەشار بیوکانتی سەرۆك ئەرکانی سوپای تورکیای ئەوکات، دەبینین بەر لەوەی دەزگای میتی تورکیا دەستی بگاتە هەندێك شوێن و گەیشتن بە هەندێك زانیاری مەسەلەی تۆمەتبارکردنی بارزانی بە پلەی یەکەم گەندەڵی نەبووە، بەڵکو تۆمەتبارکردنی بارزانی بووە بەوەی نەخشەی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی هەیە، ئەمەش نەك هەر لە هەرێمی کوردستاندا بەڵکو وایان بڵاوکردەوە کە بارزانی هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی دەدات و بەڵگەشیان بۆ ئەمە ئەوەبوو نەخشەی کوردستانی گەورە لە هەولێر چاپکراوە، بەراوردکردنی یەکەمجاریشیان لەگەڵ خوالێخۆشبوو یاسر عەرەفات هەر لەسەر سوربونی عەرەفات بوو لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتی فەڵەستین، نەك خراپی حکومڕانی دەسەڵاتی نیشتمانی فەلەستین، هەربۆیە کە لە دوای ئەو بەروارەوە سەیری رووداوەکان دەکەیت و بەدوایدا دەچین دەبینن ئەم گۆڕانکارییە سیمای ئەقڵێکی ژەهراوی ناوخۆی کوردستانی پێوەیە، کاردانەوەی ئەو هەندێك رۆژنامەش بە تەفاعولکردنیان لەگەڵ ئەم هەوڵانە هێندەی دیکە گومانەکان لەسەر ئەو بۆچوونە زیاتر چردەکاتەوە.

لێرەدا هەقە ئەو پرسیارە بکەین، ئایا میدیای تورکی بە هەمان شێوە لەگەڵ حکومەت و دەسەڵاتی وڵاتەکەی مامەڵە دەکات، ئایا ئەوان هاتن هەواڵی دامەزراندنی کۆمیتەی پشگیری کورد لە کۆنگرێس بڵاو بکەنەوە، یان لە رۆژی ٢٠٠٨/٥/٩ بۆ ماوەی ٣ رۆژ لە ناو کۆنگرێسی ئەمەریکا کۆنفراسێك لەسەر ئایندەی کورد گرێدرا تەنانەت هەواڵێکیشیان بڵاوکردەوە، ئایا میدیای تورکی تائێستا وتارێکی یەکێك لە دۆستە ئەمەریکییەکانی کوردیان بڵاوکردۆتەوە کە دژی تورکیا و لەبەرژەوەندی کورد نووسیویانە، ئایا قەت بینومانە رۆژنامەکانی تورکیا وتارێکی رالف پیتەرس، مایکل گەنتەر، براندن ئۆلیری، دێڤید فلیپس، کارۆل ئۆلیری بڵاو بکەنەوە، ئەمانەی ئاماژەمان پێکردن وتارەکانیان لە وتارەکانی رۆبن و برانێن لە میدیاکانی ئەمەریکا زیاترن.

ئەم واقیعەی ئاماژەمان پێکرد کە بەداخەوە هەتا ئێستاش لە کوردستان هەیە و بازارگەرمی بۆ بەرژەوەندی دوژمنان پێدەکرێت، چەمکەکانی پرۆسەی سیاسی لە کایەی دیموکراسی دەردەهێنێت و دەیباتەوە کایەی ئەقڵییەتی شۆرشگێری توندرۆ بە هەمان ئامانجی پارتە ئیسلامییە ئسولییەکان بەڵام بە میکانیزمێکی جیاواز، لەوانەیە ئێستا هەندێك لەوانە خەو بە شۆرشی پرتەقالیەوە ببین، بەڵام دەبێت ئەوە بزانن و خۆیان لێ تێك نەچێت شۆرشی پرتەقاڵی بۆ کۆتایهێنان بوو بە تۆتالیتاریەت و بونیادی دیموکراسی نەك کۆتایهێنان بەدیموکراسی و گەرانەوە بۆ تۆتالیتاریەت، مەترسی تۆتالیتاریەت لەوەدایە کە گۆڕین بە مانای رووخاندن تێدەگات.، جیاوازی بە دوژمنایەتی لەقەڵەم دەدات، بێجگە لەوەی خۆی بڕوای پێیەتی هەموو ئەوانی تر بە هەڵە دەزانێت، وەك چۆن سوود وەرگرتن لە ئاوی ژێر زەوی بە هەنگاوێکی باش دەزانێت و سوود وەرگرتن لە سەرچاوە ئاوییەکان بە هەڵە دەزانێت.

## ئۆپۆزیسیون بە دروشمی بریقەدار دروست نابێت و فراوانیش نابێت

جیاوازی نێوان کۆمەڵگەی دیموکراتی لەگەڵ هەر کۆمەڵگەیەکی دیکە ئەوەیە کە زمانی ژمارە و داتا و ئاکامی حکومڕانی حوکمدەدا، نەك رازاندنەوەی وشە و وەعزدان.

د.ئوسامە سەرایاسەرنوسەری ئەلئەهرام ئەلعەرەبی کە باسی تونس دەکات، ناڵێت زەینلعابدین باشە یان خراپە، بەڵکو دەڵێت ئاکامەکانی سیاسەتی حکومڕانی عابدین تونسی لە وڵاتانی عەرەبی جیاکردۆتەوە و ئاماژە بەو سیاسەتە دەکات کە عابدین لە تونسدا گۆڕانکاری پێدروستکردووە.

سەرایا، نەهاتووە بڵێت گوتارەکەی عابدین لە کۆمکاری عەرەبی هەموومانی هەژاند، بەڵکو دەڵێت، ئەوەی تونس لە میسر جیادەکاتەوە ئەوەیە، ئێستا داهاتی تاکەکەس لە تونس لە سەروی ٣٠٠٠دۆلارەوەیە،٨٠٪ی هاوڵاتییانی تونس شوێنی نیشتەجێکردنی بۆ دابینکراوە، تونس تەنیا وڵاتی عەرەبییە کە شانەیەکی رێکخراوی قاعیدەی تیانییە، یاسای پارتە سیاسییەکان هەیە و پارتی سیاسی تازە دادەمەزرێت.، بواری رۆژنامەگەری بە ئاراستەی دیموکراسی پێگەیشتووە،

هەقە ئەو پرسیارە بکەین، ئایا میدیای تورکی بە هەمان شێوە لەگەڵ حکومەت و دەسەڵاتی وڵاتەکەی مامەڵە دەکات، ئایا ئەوان هاتن هەواڵی دامەزراندنی کۆمیتەی پشگیری کورد لە کۆنگرێس بڵاو بکەنەوە، یان لە رۆژی ٢٠٠٨/٥/٩ بۆ ماوەی ٣ رۆژ لە ناو کۆنگرێسی ئەمەریکا کۆنفراسێك لەسەر ئایندەی کورد گرێدرا تەنانەت هەواڵێکیشیان بڵاوکردەوە، ئایا میدیای تورکی تائێستا وتارێکی یەکێك لە دۆستە ئەمەریکییەکانی کوردیان بڵاوکردۆتەوە کە دژی تورکیا و لەبەرژەوەندی کورد نووسیویانە، ئایا قەت بینومانە رۆژنامەکانی تورکیا وتارێکی رالف پیتەرس، مایکل گەنتەر، براندن ئۆلیری، دێڤید فلیپس، کارۆل ئۆلیری بڵاو بکەنەوە، ئەمانەی ئاماژەمان پێکردن وتارەکانیان لە وتارەکانی رۆبن و برانێن لە میدیاکانی ئەمەریکا زیاترن




ترسی تۆتالیتاریەت لەوەدایە کە گۆڕین بە مانای رووخاندن تێدەگات.. جیاوازی بە دوژمنایەتی لەقەڵەم دەدات، بێجگە لەوەی خۆی بروای پێیەتی هەموو ئەوانی تر بە هەڵە دەزانێت

جیاوازی نێوان کۆمەڵگەی دیموکراتی لەگەڵ هەر کۆمەڵگەیەکی دیکە ئەوەیە کە زمانی ژمارە و داتا و ئاکامی حکومڕانی حوکمدەدا، نەک رازاندنەوەی وشە و وەعزدان

ئەنجوومەنی نوێنەران چاودێری کاری حکومەت دەکات.

ئەگەر بەپێی هەڵسەنگاندنەکەی ئوسامە سەرایا سەیری حکومڕانی حکومەتی کوردستان بکەین، دەبینین هەموو ئەو خاڵانەی کە ئەو ئاماژەی پێکردوون بۆ حکومڕانی باش لە تونس هەمان ئەو خاڵانە و زیاتریش لە کوردستان بوونی هەیە و حکومەتی کوردستان ئێستا لە هەوڵی ئەوەدایە کوردستان بکاتە ئەو وڵاتەی کە تەنیا پشت بە داهاتی نەوت نەبەستێت، قوباد تاڵەبانی نوینەری حکومەتی کوردستانیش لە لێدوانێکیدا بۆ ئاژانسی یونایتد پرێس سەبارەت بە وتارەکەی سام برانێن کە باس لە خراپی حکومڕانی کوردستان، بە واقعیانە وەڵامداتەوەو دەپرسێت، ئەگەر حکومڕانی کوردستان خراپ بێت چۆن زۆربەی بەرپرسانی ئیدارەی ئەمریکی و سیناتۆرەکان شاهیدی سەرکەوتنی بۆ دەدەن، راستە گەندەڵی هەیە و لە هەموو کۆمەڵگەیەکیشدا گەندەڵی هەیە و حکومەتی کوردستانیش ئەو راستییەی نەشاردۆتەوە، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ دەوروبەری کوردستان،لە هەرێمی کوردستان کەمترین گەندەڵی هەیە و سەرکەوتووترین بەشی عێراقیشە.

وەڵامەکەی تاڵەبانی بۆ سام برانێن، پیشاندانی جیاوازیەکانی کوردستانە لەگەڵ دەوروبەری ئەو جیاوازییانەی ئوسامە سەرایا هەوڵیداوە تونسی لە وڵاتانی دیکە پێجیابکاتەوە، لێرەوە هەستدەکەین هەوڵەکانی حکومەت و حکومڕانی کوردستان بۆ زیاتر چەسپاندنی ئەو جیاوازیانەیە، هەرچی ئەوانەی دەیانەویت وەك ئۆپۆزسیون خۆیان پیشانبدەن، هەوڵەکانیان بۆ ئەوەیە رەوتی بەرەو پێشەوە چوونی ئەو جیاوازیانە رابگرن، هەربۆیە لەبری ئەوەی ببنە خاوەنی بنکەیەکی جەماوەری رۆژ لە دوای رۆژ لە دەستەبژێرێکی گۆشەگیر نزیك دەبنەوە.

خاتوو ئەمال موسا کە ئەویش یەکێکە لە نوسەرە دیارەکانی تونس سەبارەت بە پارتە ئۆپۆزسیونەکانی تونس لە وتاریکیدا لە رۆژنامە الشرق الاوسط نووسیوییەتی (پارتە ئۆپۆزیسیونەکانی تونس چیان هەیە و خەریکی چین ؟)و سەرەتا لەوە دەست پێدەکات کە ئۆپۆزسیونی تونسی نەیتوانیوە لە پرۆسەی دەستاودەستکردنی دەسەڵات ببنە ئەو هێزەی رۆڵی خۆیان بگێرن، لەبەر ئەوەی ئەمەش نەبۆتە ئامانجی سیاسیان دەبینن هەر لە چوارچێوەی دەستەبژێرێکی گۆشەگیر ماونەتەوە و بەردەوامیش کە قسە دەکەن خۆیان واپیشان دەدەن کە هەموو راستییەکان لای خۆیانە، بۆیە هێندەی سەرقاڵی ئینشقاق و لێکجیابونەوەن، هێندە خەم لەوە ناخۆن و لە دەوری ئامانجە سیاسیی سەرەکییەکانیان کۆببنەوە.

ئەگەر لێرەوە لەسەر هۆکارە خودی و بابەتییەکانی بێ سەروبەری ئۆپۆزسیون لە کوردستان رابوەستین و بڵێین ئایا هۆکاری نەبوونی ئۆپۆزسیونێکی پێگەیشتوو پەیوەندنی بە خودی ئەوانەوە هەیە کە دەیانەوێت ببنە ئۆپۆزسیون ؟ یان باردۆخی بابەتی رێگرە بۆ دروستبوونی ئەو ئۆپۆزسیونە؟ بێگومان وەڵامی ئەو پرسیارە لای هەموو خەڵکی کوردستان ئاشکرایە و هەموو کەسێك بۆی هەیە لە کوردستاندا پارتی سیاسی دابمەزرێنێت و رۆژنامە و کەناڵی راگەیاندنی سەربەخۆی خۆی هەبێت و حکومەتیش بە پێی یاسای پارتە سیاسییەکان هاوکاری دەکات، بەڵام کە جەماوەریان لێکۆنەبێتەوە و نەبنە ئەو هێزەی کە خەوی پێوە دەبینن، ئەوە گوناهی حکومەت نییە، دوابریار لای هاوڵاتییان و جەماوەری کوردستانە.

بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی ئەم باسە هەوڵمانداوە پەیوەندی بە چەند شارەزایەکەوە بکەین بۆ ئەوەی خوێنەرانی گوڵان بە نموونەی شێوازی حکومڕانی چەند دەوڵەتێك ئاشنا بکەین.

ئەمەش بۆچوونی ئەو بەرێزانەیە.

ستیفن ئیف جۆنز پسپۆر و تایبەتمەند لەسەر دەوڵەتانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو بۆ گوڵان:

# سەرکەوتنی پرۆسەی دیموکراسیی پێویستی بە کەلتوری ململانێی سیاسیی هەیە

*** ئایا رۆڵی پارتە سیاسییەکان لە بونیادی دیموکراسیدا چییە و چۆن هەڵدەسەنگێرێت؟**

- ئەوە پرسیارێکی سەختە، لەبەر ئەوەی لە رۆژئاوادا گەشبینییەك هەبوو کە دەتوانرێت سیستەمی ئەو وڵاتانە، وەك دیموکراسی و چەمکی پارتە سیاسییەکان بگوازرێتەوە بۆ وڵاتانی دیکە و لەوێشدا بتوانرێت بچەسپێنرێت، بۆ نموونە لە عێراقدا، بەڵام دەرکەوت ئەمە حاڵەتەکە نییە، لەبەر ئەوەی گواستنەوەی ئەو بەهایانە بۆ وڵاتێکی جیاواز کە خاوەنی مێژوو و کەلتورێکی جیاواز بێت کارێکی سەختە. ئەوەی پەیوەندی بە پارتە سیاسییەکانەوە هەبێت، ئەوا خەڵکی هاوڕان کە پارتە سیاسییەکان گرنگی خۆیان هەیە بۆ نوێنەرایەتی کردنیان، بە تایبەتی کە دیموکراسییەتی راستەوخۆ پیادە ناکرێت، بەڵام ئەمەش پێویستە بە کەلتووری ململانێی سیاسیی هەیە کە زۆرێك لە وڵاتان لە نێویاندا عێراق خاوەنی ئەم ئەزموون و مێژووە نییە و کاتێکی دوورودرێژی دەوێت بۆ ئەوەی ئەم کەلتوورە دروست ببێت.

*** لە وڵاتانی دوای کۆمۆنیستیدا، یان وڵاتانی ئەوروپای رۆژهەڵاتدا کە بە قۆناغی راگوزاریدا تێپەڕیتن ئایا ئەو گرفت و کۆسپانەی دووچاری بوون چی بوون؟**

- لە راستیدا هەر وڵاتێك ئەزموونی جیاوازی خۆی هەیە، بۆ نموونە لە وڵاتی پۆڵەندا و کۆماری چیکدا سیستەمی پارتە سیاسییەکان تێیاندا سیستەمێکی سەرکەوتووە، بەڵام ئەزموونی وڵاتانی ئەرمینیا و ئازەربایجان، یاخود وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست، وەك کازاخستان و ئۆزبەکستان سەرکەتوو نەبووە، لەبەر ئەوە من لەو باوەڕەدام لە زۆرێك لە حاڵەتەکاندا سەرکردە سیاسییەکانی ئەو وڵاتانە خوازیاری هێنانەدی و چەسپاندنی دیموکراسی نین. ئامانجە راگەیەندراوەکە بریتییە لە هێنانەدی دیموکراسی و فرەیی، بەڵام لە زۆرێك لە حاڵەتەکاندا سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە، چەند هۆکارێکی ئاڵۆز هەن بۆ سەرنەکەوتنی ئەم پرۆسەیە، وەك نەبوونی نەریت و کەلتوورێکی سیاسیی دوورودرێژ، نەبوونی ئەو دامەزراوانەی کە نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی خەڵك دەکەن و دەیان پارێزن، واتە خەڵکی زیاتر پەیوستن بە سەرکردە و کەسایەتییەکانەوە، نەك بە بەرنامەی پارتە سیاسییەکان و بە دامەزراوەکانەوە، لە لایەکی دیکەوە کێشەی ئەوە هەیە کە پارتە سیاسییەکان ناتوانن سەربەخۆی خۆیان وەربگرن لە دەوڵەت، لەبەر ئەوەی بۆ رۆژگارێکی دوورودرێژ دەوڵەتی هەموو لایەن و رەهەندێکی کۆمەڵگەی کۆنترۆڵ کردبوو.

*** بەڵام زۆرجار باس لەوە دەکرێت بوونی دوو پارتی رکابەر دەبێتە هۆی سەرکەوتنی پرۆسە دیموکراسییەکە، هۆکارەکە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- مەرج نییە ئەمە تەنیا مۆدیلێك بێت، لەبەر ئەوەی لە هەندێ لە وڵاتاندا زیاتر لە دوو پارتی سیاسیی رکابەری دەکەن، بەڵام زۆرجار هۆکارەکە بۆ ئەو سیستەمی هەڵبژاردنە دەگەڕێتەوە کە کاری پێدەکرێت، بۆ نموونە لە هەندێ لە وڵاتاندا، وەك تورکیا ئەگەر پارتێکی سیاسیی رێژەی ٨ یان ٩ی لە سەدای دەنگەکان بەدەست نەهێنێت ئەوا ناتوانێت نوێنەری لە پەرلەماندا هەبێت، ئەمەش لە بەرژەوەندی پارتە گەورەکانەوە. من پێم وا نییە بوونی دوو پارت لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا شێوەیەکی گونجاوبێت، بە تایبەتی بەلەبەرچاوگرتنی جیاوازی دید و بۆچوونەکان لەو وڵاتەدا، بەڵام هەندێ جار هاوڵاتییان خوازیاری پاراستنی سەقامگیرین و تێڕوانینەکەش ئەوەیە بوونی دوو پارتی رکابەر سەردەکێشێت بۆ پاراستن و چەسپاندنی سەقامگیری.



*** زۆرجار هەوڵەکانی هێنانەدی ئاڵ و گۆڕ لە حکومەتدا سەردەکێشێت بۆ رووخاندنی حکومەت، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن دەکرێت پارتی بەرهەڵستکار ببێتە هۆکارێکی ئیجابی لە**

●●●
**رێسای دیموکراسی ئەوەیە کە ئەو راستییە قبوڵ بکەیت کە دەسەڵات لە دەست دەدەیت، بەڵام دەتوانێت دووبارە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا بەدەستی بهێنیتەوە. واتە رێسای گەمەکە ئەوەیە کاتێک لە هەڵبژاردنەکاندا شکستت هێنا هەوڵی رووخاندنی حکومەت نەدەیت**
●●●

■■■

**ستفن ئیف جۆنز، ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی هۆلیوك Holyoke، پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر دەوڵەتانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو و هەنگاو هەڵگرتنیان بەرەو دیموکراسی، لەساڵانی ١٩٨٩-١٩٩١ و لەسەردەمی رووخانی یەکێتی سۆڤیەت جۆنز یەکێك بووە لەو شرۆڤەگەرانەی کە بەردوام لە میدیاکانی جیهان وەك نیویۆرك تایمز و واشنتۆن پۆست و BBC،NPR وچەندین کەناڵی دیکەوە بانگهێشت دەکرا و لە کێشەی ئەم دواییەی نێوان جورجیا و روسیاشدا جارێکی دیکە جۆنز ئەو شرۆڤەگەرە بوو کە زۆر کەناڵ پەیوەندی پێوەدەکرد .**

**پرۆفیسۆر جۆنز، بەوردی لەسەر زۆربەی ئەزموونە سیاسییەکانی دەوڵەتانی ئەوروپای رۆژهەڵات و ئۆراسیا دیراسەتی کردووە و دەیان توێژینەوە و کتێبی لەمبارەوە بڵاو کردۆتەوە، سەبارەت بە چۆنییەتی وەرچەرخان لە دوای رووخانی رژێمی توتالیتارییەوە بۆ دیموکراسی بەمجۆرە سەرنجەکانی خۆی بۆ گوڵان خستە روو:**

■■■

**هێنانەدی ئاڵ و گۆڕێکی ئاشتیانەی دەسەڵاتدا؟**

- رێسای دیموکراسی ئەوەیە کە ئەو راستییە قبوڵ بکەیت کە دەسەڵات لە دەست دەدەیت، بەڵام دەتوانێت دووبارە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا بەدەستی بهێنیتەوە. واتە رێسای گەمەکە ئەوەیە کاتێك لە هەڵبژاردنەکاندا شکستت هێنا هەوڵی رووخاندنی حکومەت نەدەیت، بەڵکو هەوڵی بدەیت لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا سەرکەوتنی بەدەست بهێنیت. واتە ئاڵ و گۆڕی دەسەڵات قبوڵ بکەیت، زۆجار پارتێکی حکومڕان کە زۆرێك لە دامەزاروەکانی دەوڵەتی کۆنترۆڵ کردووە، نیگەرانە لەوەی ئەگەر دەسەڵاتی سیاسیی لە دەست بدات، ئەوا دەسەڵاتی ئابووریش دەدۆڕێنێت و رەنگە دووچاری بەرپرسیارێتی و دادگای کردن ببێتەوە، لەبەر ئەوە هەوڵ ئەدات بە هەر نرخێك بێت دەسەڵات لە دەست نەدات. بەڵام لە دیموکرسیدا تەنیا دەسەڵاتی سیاسیی لە دەست دەدەیت، بێ ئەوەی ژیانت بکەوێتە مەترسیەوە ئەگەر لە هەڵبژاردنەکاندا شکستت هێنا. کێشەکە ئەوەیە چۆن بتوانین وا لە پارتە سیاسییەکان بکەین ئەم حاڵەتە قبوڵ بکەن، من پێم وایە بە دووبارە کردنەوەی ئەم پرۆسەیە دەتوانین بگەینە ئەم حاڵەتە، بۆ نموونە ئەگەر پارتێکی سیاسیی دەسەڵاتی لە دەستدا و دووچاری دەرئەنجامی مەترسیدار نەبووە، ئەوا ووردە ووردە خەڵکی باوەڕیان بە سیستەمەکە دەبێت و پیادەی دەکەن. کێشەیەکی دیکە ئەوەیە لە کاتی دەنگداندا دەبێت هاوڵاتییان دەنگ بۆ ئەو پارتە سیاسییە بدەن کە نوێنەرایەتی بەرژەوەندیی سیاسیی یان ئابوورییەکانییان دەکەن، بەڵام لە وڵاتێکی وەك عێراقدا کە جیاوازی ئاینی و ئیتنی و ناوچەیی هەیە دەنگدان لە سەر بنچینەی ئەو جیاوازیانە دەدرێن، ئەمەش پرۆسەکە ئاڵۆز دەکات.

*** لە قۆناغی دوای شەڕدا گرتنەبەری ئابووری بازاڕ گرنگی خۆی هەیە بۆ سڕینەوەی ئاسەوارەکانی شەڕ، خوێندنەوە و لێکدانەوەی ئێوە چییە لەم رووەوە؟**

- لە رووی تیوریەوە سیستەمی ئابووری ئازاد باشترین رێگایە لەبەر ئەوەی رێگە بە خەڵکی دەدات دەستپێشخەری بکەن و پرۆژەکانی خۆیان دابمەزرێنن و پتر گەشە بکەن، واتە باشترین رێگایە بۆ گەشەپێدانی ئابووری، بەڵام لە هەمان کاتدا گیر و گرفتیش لە خۆیدا دەهێنێت، بۆ نموونە دەبێتە هۆی گەورەکردنی کەلێنی نێوان ناوچە دەوڵەمەند و هەژارەکان. لە وڵاتێکدا وەك عێراق کە هێشتا ئابووریەکی بەهێزی نییە دەبێت دەوڵەت رۆڵی هەبێت لە پەرەپێدانی ئابووریدا، بە تایبەتی بواری پیشەسازی، هەرچەندە لە لایەکی ترەوە دەبێت چاودێری چۆنییەتی بەکارهێنانی داهاتی گشتی بکرێت لە لایەن دەوڵەتەوە. واتە گەشەپێدانی ئابووری و شەفافیەت دوو مەسەلەی پێکەوەبەستراون.

***ئێمە ئەو راستییە دەزانین کە بێ پشتیوانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەم هەرێمە ناتوانێن درێژە بەم ئارامی و ئاسایشە بدات، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وەك پێویست یارمەتی کوردستانی عێراقی نەداوە؟ ئایا فشارەکانی تورکیا رۆڵیان هەیە لەم رووەوە؟**

- کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە سەردەمی سەدام حوسێندا پتر یارمەتی کوردەکانی دەدا، لەبەر ئەوەی کوردەکان بەرهەڵستی سەددامیان دەکرد و رۆژئاواش لە هەوڵی روخاندنی سەددامدا بوو. حاڵی حازر رۆژئاوا بە شێوەیەکی سەرەکی بایەخ بە پاراستنی سەقامگیری عێراق دەدات، بە تایبەتی بۆ ئەوەی هەڵو مەرجێکی گونجاو برەخسێت بۆ کۆمپانیاکانی نەوتی رۆژئاوا بۆ ئەوەی بتوانن نەوت دەربهێنن، بەڵام من پێم وایە بێ بایەخدان بە کوردەکان و بە کێشەی کوردەکان لە گەڵ حکومەتی مەرکەزیدا ناتوانرێت سەقامگیری لە عێراقدا بهێنرێتەدی، من پێم وایە رۆژئاوا بە هەڵەدا دەچێت ئەگەر پێی وابێت بێ بایەخدان بە کوردەکان دەتوانێت سەقامگیری لە عێراقدا بهێنێتەدی. ئەوەی پەیوەندی بە تورکیاوە هەبێت، ئەوا تا رادەیەك فشارەکانی تورکیا رۆڵیان هەیە، بەڵام هۆکاری سەرەکی نییە، لەبەر ئەوەی ئێستا پتر بایەخ بە حکومەتی مەرکەزی دەدرێت بۆ هێنانەدی سەقامگیری، بەڵام ئەگەر پەیوەندی و کێشەکانی نێوان کوردەکان و حکومەتی مەرکەزی پشتگوێ بخرێت، وەك کێشە دەستووریەکان و کێشەی دابەشکردنی دەسەڵات و داهاتی نەوت ئەوا لە ئایندەی نزیکدا گیر و گرفت لە عێراقدا دروست دەبێت، لەبەر ئەوە ئەم مەسەلەیە شایستەی بایەخپێدانێکی زیاترە وەك لەوەی ئێستا پێی دەدرێت.

●●●

**لە وڵاتێکی وەک عێراقدا کە جیاوازی ئاینی و ئیتنی و ناوچەیی هەیە دەنگدان لە سەر بنچینەی ئەو جیاوازیانە دەدرێن، ئەمەش پرۆسەکە ئاڵۆز دەکات**

●●●

ڕۆگەر ساوسئۆڵ پسپۆر وتایبەتمەند لەسەر باشووری ئەفریقیا بۆ گوڵان:

# دەبێت ئۆپۆزسیون ڕێز لە شەرعییەتی حکومەت بگرێت

*** لە وڵاتی ئەفریقیای باشووردا سیستەمی دوو حزبی هەیە، ئایا چ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ ئەو سیستەمەدا کە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا هەیە؟**

-تەواو جیاوازن، جیاوازیەکە لە سیستەمی هەڵبژارندا هەیە، لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکادا فرەییەك هەیە، بەڵام تەنیا ئەو کەسەی هەڵدەبژێردرێت سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت، لە کاتێکدا لە ئەفریقیای باشوور لە سیستەمی هەڵبژاردن نوێنەرایەتی ڕێژەیی هەیە، واتە پارتەکان بە پێی ئەو ڕێژەیەی لە هەڵبژاردنەکاندا بەدەستی دەهێنن نوێنەرایەتیان دەبێت لە پەرلەماندا، هەروەها لە وڵاتی ئێمەدا پەرلەمان هەڵدەستێت بە هەڵبژاردنی سەرۆك لە کاتێکدا لە ئەمەریکا هەڵبژاردنێکی جیاواز ئەنجام دەدرێت بۆ دەستنیشانکردنی سەرۆك.

*** واتە تێکڕای پارتەکان بەشداری لە حکومەتدا دەکەن؟**

- نەخێر، پارتی حکومڕان کە بریتییە لە کۆنگرەی نەتەوەی ئەفریقی بانگهێشتی چەند پارتێکی دیکە دەکات بۆ ئەوەی بەشداری لە حکومەتدا بکەن، بەڵام ئەمە تەنها بانگهێشتێکە و بریتیە لە دەستپێشخەری پارتی حکومڕان و مەسەلەیەك نیە دەستوور بیسەپێنێت.



*** چۆن ئەم پارتە سیاسییە دەتوانێت دیموکراسی بنیات بنێن؟**

- لە دوای ساڵی ١٩٩٤ەوە دوای کۆتایی پێهاتن و شکستهێنانی ڕژێمی ڕەگەزپەرستی ( ئەپارتهاید) پارتە سیاسیەکان نوێنەرایەتیەکی ڕاستەقینەی جەماوەرکانی خۆیان دەکەن، کە پێم وایە ئەمە پێچەوانەی ئەو حاڵەتەیە لە عێراقدا هەیە، کە هەندێ لە پارتە سیاسیەکانی عێراق نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکی بەرتەسك دەکەن، بەڵام لە ئەفریقیای باشوور پارتەکان نوێنەرایەتی بەرژەوەندی شوێنکەوتوانیان دەکەن، بۆ نموونە پارتی حکومڕان لە ڕووی مێژوییەوە نوێنەرایەتی زۆرینەی وڵاتەکە دەکات، بەڵام هەندێ پارتی بچووکی دیکە هەن وەك هاوپەیمانی دیموکراسی و پارتی ئازادی کە شوێنکەوتوو و جەماوەری خۆیان هەن و نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانیان دەکەن.

سەرکەوتن لە وڵاتی ئەفریقیای باشوور لە ئەنجامدانی گفتوگۆ و ووتوێژە سەرکەتوەکانەوە سەرچاوەی گرت لە ساڵی ١٩٩٤دا، کە توانرا کۆتای بە شەڕی ناوخۆی چەند ساڵەی ئەو وڵاتە بهێنرێت، کاتێك خەڵکی بۆ ماوەی چوار تا پێنج ساڵی سەرقاڵی ئەنجامدانی گفتوگۆ بوون و توانیان دەستورێکی نوێ دابرێژن، جیاوازیەکی زۆر هەبوو لە بیر و بۆچونەکاندا، بەڵام توانیان لە کۆتاییدا لەسەر دەستوورەکە ڕێکبکەون کە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە وڵاتەکەدا. لە زۆر ڕووەوە دەستوورەکە بە بەردی بناغەی ئەو دیموکراسی و سیستەمە سیاسیە دادەنرێت کە لەو وڵاتەدا دامەزرێنراوە.

بە تێڕوانینی من ئەمە پێچەوانەی حاڵەتی عێراق، لەبەر ئەوەی لە عێراقدا پرۆسەی گفتوگۆ نیە، کۆمەڵگەکە دابەشبووە و دەستێوەردانێکی دەرەکی زۆر هەیە، هەروەها حاڵەتێکی وەك ئەوەی وڵاتی ئێمە لە عێراقدا ڕووینەداوە کە لە ئەفریقیای باشووردا لە ماوەی ساڵی ١٩٩٠بۆ ١٩٩٤ تێکڕای لایەنە جیاوازەکان پێکەوە دانیشتن و گفتوگۆیان کرد.

*** لە دوای روخاندنی دەسەڵاتی دیکتاتۆری، قۆناغی ئینتیقالی دەست پێدەکات بەرەو بنیاتنانی**

●●●

**لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکادا فرەییەک هەیە، بەڵام تەنیا ئەو کەسەی هەڵدەبژێردرێت سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت، لە کاتێکدا لە ئەفریقیای باشوور لە سیستەمی هەڵبژاردن نوێنەرایەتی ڕێژەیی هەیە، واتە پارتەکان بە پێی ئەو ڕێژەیەی لە هەڵبژاردنەکاندا بەدەستی دەهێنن نوێنەرایەتیان دەبێت لە پەرلەماندا**

●●●

باشووری ئەفریقیای دوای کۆتایی هاتنی رژێمی ئاپارتاید نموونەیەکی دیکەی دەسپێکی دیموکراسی و بونیادناوەی وڵاتی دوای دیکتاتۆری رەگەزپەرستیە، کێشەی باشووری ئەفریقیا ئاسان نەبوو بۆیە ماندێلا بووە یەکێك لە وەرگرانی خەڵاتی نۆبلی ئاشتی،سوود وەرگرتن لە ئەزموونی ئەفریقیای باشوور بۆ هەموو گەلان سوودی هەیە، بەڵام وەك پسپۆران ئاماژەی پێدەکەن لەوانەیە سوودەکەی بۆ عێراق زیاتر بێت. پرۆفیسۆر رۆگەر ساوسئۆڵ، کە ئێستا ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی کیپ تاون لە باشوری ئەفریقیا یەکێکە لەو ناوە دیارانەی کە کاریگەرییەکی گەورەی لە قۆناخی ئینتقالیدا لە ئەفریقیای باشور گێراوە و رێکخەری چەندین کۆنفراس بووە بۆ چۆنیەتی سەرخستنی قۆناخی ئینتیقالی لە ئەفریقیای باشوردا . لایەنێکی دیکەی گرنگ لە سیستەمی پارتەیاتی باشوری ئەفریقیا ئەوەیە کە بە شێوە سیستەمی دووپارتیە بەڵام ئەم سیستەمە زۆر جیاوازە لە سیستەمی دووپارتی ئەمەریکا، بۆ ئاشنابوون بە ئەزموونی سیاسیی باشوری ئەفریقیا پەیوەندیمان بە پرۆفیسۆر ساوسئۆڵ کرد وبەرێزی بەمجۆرە بیرو بۆچوونی خۆی بۆ گوڵان دەربری.

**دیموکراسی و سیستەمی فرەحزبایەتی، چۆن دەتوانین هەڵبستین بە ڕێکخستنی ئەم قۆناغە؟**

- ئەوەی پەیوەندی بە ئەزمونی ئەفریقیای باشورەوە هەبێت کە من پێم وایە رەنگە سوودی هەبێت بۆ عێراقیەکانیش، ئەوەیە خەڵکی ئەو وڵاتە گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە درێژەکێشانی شەڕی ناوخۆی بارودۆخەکە بەرەو خراپتر دەبات و دەستکەوتێکی زیاتریان دەست دەکەوێت لە ئەنجامدانی گفتوگۆ لە بری شەڕکردن لە دژی یەکتری، کات و بوێریەکەی زۆر ویست بۆ ئەوەی بگەنە ئەو قەناعەتە. بەڵام لە عێراقدا، هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد دەستێوەردانێکی دەرەکی زۆر هەیە کە تا رادەیەکی گەورە بارودۆخەکەی ئاڵۆزکردووە. هەروەها پشتگیری وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا لە چەند کەسانێکی دیاری کراو لە عێراقدا کە دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە ئەوەندەی دیکەی هەل و مەرجەکەی ئاڵۆز کردووە.

من پێم وایە دەبێت خەڵکی بگەنە ئەو راستیەی کە درێژەپێدانی شەڕ تەنها دەبێتە وێرانبوونی وڵاتەکەیان، هەروەها دەبێت ئەوە رەچاو بکەن کە بوونی دابەشبوونی ئیتنی و دەستێوەردانی دەرەکی لە شێوەی دەستێوەردانی سەربازیدا چارەسەرکردنی کێشەکان دژوار دەکات، من پێم وایە بارودۆخی عێراق زۆر سەختترە لەو بارودۆخەی کە لە ساڵی ١٩٩٠دا ئەفریقیای باشووری تێدابوو، راستە فشاری نێودەوڵەتی هەبوو، بەڵام بە چەشنی ئەو دەستێوەردانە سەربازیە نەبو کە لە عێراقدا هەیە.

*** لە قۆناغی دوای شەڕ و لە پرۆسەی بنیاتنانەوەی نەتەوەدا، دەسەڵات و توانای حکومەت کەمترە لە خواست و پێداویستیەکانی خەڵکی، ئایا رۆڵی پارتی بەرهەڵستکار چیە بۆ ئەوەی رێگەنەدات پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە رانەوەستێت؟**

- بە تێڕوانینی من ئەو شەڕەی لە عێراقدا هەیە بۆتە هۆی پتر دابەشکردنی عێراقیەکان و حاڵی حازر چەمکی نەتەوەیەکی یەکگرتوو لە وڵاتەکەدا لە ژێر هەڕەشەدایە. بەرهەڵستکارەکانیش دەتوانن رۆڵێکی بنیاتنەر ببینن، بەڵام دەبێت سنورەکانی خۆیان بزانن و رێز لە شەرعیەتی پارتی حکومڕان بگرن، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێت پارتی حکومڕانیش رێز لە مافی بەرهەڵستکاران بگرن بۆ ئەوەی رەخنەبگرن، ئەمە هاوسەنگیەکی سەختە، لەبەر ئەوەی دەبێت بەرەی بەرهەڵستکاران رێز لە شەرعیەتی حکومەت بگرن و حکومەتیش دەبێت سنووری توانا و دەسەڵاتی خۆی بزانێت.

***گرتنەبەری ئابووری بازاڕ گرنگی خۆی هەیە بۆ سڕینەوەی ئاسەوارەکانی شەڕ، خوێندنەوە و لێکدانەوەی ئێوە چیە لەم رووەوە؟**

- لە ناو پارتی حکومڕانی ئەفریقیای باشووردا بیر و بۆچونی جیاواز هەیە لەم نموونە ئەوانەی مەیلێکی چەپڕەوانەیان هەیە لە ناو ئەم پارتە لە گەڵ ئەوەدان حکومەت رۆڵێکی گەورەتر ببینێت لە دابەشکردنەوەی داهاتی گشتی وڵاتەکەدا، بەڵام بە گشتی هاوڕاییەك هەیە لە سەر ئەوەی گرتنەبەری ئابووری بازاڕی ئازاد دەبێتە هۆی گەشەپێدانی ئابووری.

***کورد لەعێراقدا فاکتەری سەرەکی پرۆسەی سیاسیی و دیموکراسیە، بەڵام ئێستا رەوتی دژە دیموکراتی زاڵترە، ئایا پێت وایە بێ کورد عێراق دەبێتە دیموکراسی ؟**

- من پێم وایە تاوەکو دەرفەت و بوار بۆ کوردەکان نەڕەخسێنرێت بۆ ئەوەی بتوانن نوێنەرایەتی خۆیان هەبێت لە وڵاتەکەدا، ئەوا پرۆسە دیموکراسیەکە دووچاری دژواری دەبێتەوە، رەنگە پیادەکردنی سیستەمێکی فیدراڵی کە ئۆتۆنۆمییەکی بەرچاو بدات بە کوردەکات کارێکی باش بێت، بەڵام دووبارەی دەکەمەوە بە هۆی دەستێوەردانی دەرەکیەوە بارودۆخەکە ئاڵۆز بووە.

**لە دوای ساڵی ١٩٩٤ەوە دوای کۆتایی پێهاتن و شکستهێنانی رژێمی رەگەزپەرستی ( ئەپارتهاید) پارتە سیاسیەکان نوێنەرایەتیەکی راستەقینەی جەماوەرکانی خۆیان دەکەن، کە پێم وایە ئەمە پێچەوانەی ئەو حاڵەتەیە لە عێراقدا هەیە، کە هەندێ لە پارتە سیاسیەکانی عێراق نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکی بەرتەسک دەکەن**

**ئەوەی پەیوەندی بە ئەزمونی ئەفریقیای باشورەوە هەبێت کە من پێم وایە رەنگە سوودی هەبێت بۆ عێراقیەکانیش، ئەوەیە خەڵکی ئەو وڵاتە گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە درێژەکێشانی شەڕی ناوخۆی بارودۆخەکە بەرەو خراپتر دەبات و دەستکەوتێکی زیاتریان دەست دەکەوێت**

جۆن بێرگ سەرۆکی بەشی حکومەت لە زانکۆی ماسیۆشێتد بۆ گوڵان:

# سیستەمی دادەوەری بەهێز هۆکاری سەرکەوتنی سیستەمی دووپارتی ئەمەریکایە

**هەمیشە پیادەکردنی دیموکراسی ئەرکێکی سەخت بووە و زۆرێک لە وڵاتان لەم هەوڵەیاندا شکست دەهێنن**

*** لە سیستمی دیموکراسیدا ئایدۆلۆژیای پارتە سیاسییەکان لە دەسەڵاتدا ڕەنگ دەداتەوە، هەروەها پارتە سیاسییەکان بە دڵی پرۆسە دیموکراسییەکە دادەنرێن، بەڵام لە کۆمەڵگەیەکی وەك عێراقدا پارتە سیاسییەکان هیچ ئەزمونێکی دیموکراسییان نییە، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن ئەم پارتە سیاسییانە دەتوانن دیموکراسی بنیات بنێن؟**

- هەمیشە پیادەکردنی دیموکراسی ئەرکێکی سەخت بووە و زۆرێك لە وڵاتان لەم هەوڵەیاندا شکست دەهێنن، بەڵام لە دیموکراسیدا پێویستە هەمو لایەك ئەو ڕاستیە قبوڵ بکەن کە ڕەنگە لە هەڵبژاردنەکاندا شکست بهێنن و ئەگەر لە دەسەڵاتدا بن ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە دەسەڵات لە دەست بدەن، بەڵام دەرفەتیان هەیە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا دووبارە سەرکەوتن بەدەست بهێننەوە و دەسەڵات بگرنەوە دەست.

*** زۆرجار باس لەوە دەکرێت بوونی دوو پارتی رکابەر دەبێتە هۆی سەرکەوتنی پرۆسە دیموکراسیەکە، هۆکارەکە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- لە راستیدا هەندێ نموونە دیموکراسییەتی سەرکەوتوو هەیە کە پتر لە دوو پارتی سیاسی ململانێی یەکتریان کردووە، بەڵام ئەوەش دەوەستێتە سەر بونیادی هەڵبژاردنەکان لەو وڵاتانەدا، سەرکەوتنی ئەم سیستەمە کە دوو پارتی سەرەکی رکابەری یەکتری دەکەن لە ئەمەریکادا بۆ ئەوەی دەگەڕێتەوە کە سیستمێکی دادوەری بەهێز هەیە لەو وڵاتەدا و هەڵدەستێت بە پاراستنی مافی هاوڵاتییان، بۆ نموونە کاتێك پارتێکی دیاری کراو شکست دەهێنێت ئەندامەکانی دووچاری سەرکوتکردن نابنەوە، لە مێژوودا نموونە ئەم حاڵەتەمان هەیە، بۆ نموونە ئیدارەی جۆن ئەدامز هەوڵیدا رکابەرە سیاسییەکان زیندانی بکات، هەروەها لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا ناکۆکی نێوان پارتەکان لەسەر کێشەی کۆیلایەتی سەریکێشا بۆ شەڕی ناوخۆ کە بە هۆی بەکارهێنانی هێزەوە یەکلاکرایەوە.

*** لە وڵاتی ئەفریقیای باشووردا سیستمی دوو حزبی هەیە، ئایا چ جیاوازیەکی هەیە لە گەڵ ئەو سیستمەدا کە لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکادا هەیە؟**

- لە ئەفریقیای باشووردا پارتی کۆنگرەی نەتەوەی ئەفریقی زۆر بەهێزە و زەحمەتە بتوانین بڵێین سیستمێکی دوو حزبیە، لەبەر ئەوەی پارتی بەرهەڵستکار دەرفەتێکی گەورەی لە بەردەمدا نییە بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت. بەڵام ئەفریقیای باشوور پێویستی بە پەرەپێدانی زیاتری مافەکانی تاکەکەس و پەرەپێدانی ململانێی نێوان پارتە سیاسییەکان هەیە.

*** لە دوای ڕوخاندنی دەسەڵاتی دیکتاتۆری و ڕژێمی تاك حزبیەوە، قۆناغی ئینتیقالی دەست پێدەکات بەرەو بنیاتنانی دیموکراسی و سیستمی فرەحزبایەتی، چۆن دەتوانین هەڵبستین بە ڕێکخستنی ئەم قۆناغە؟**

- ئەوەی لە عێراقدا هەیە پارتە سیاسییەکان لەسەر بنەمای ئیتنی و ئاینی دروست بوونە و هەندێ جار چەند پارتێکی دیاری کرا ململانێی لەسەر بەدەستهێنانی وەلائی گروپێکی ئاینی یان ئیتنی دیاری کراو دەکەن، ڕەنگە ئەمە لە سیستمێکی سەقامگیردا شتێکی ئاسایی بێت، وەك ئەوەی لە هۆڵەندا بەدی دەکرێت، بەڵام لە وڵاتێکی وەك عێراقدا پەرەپێدانی دامەزراوەکان کارێکی زەحمەتە لەبەر ئەوەی وڵاتەکە بە شێوەیەکی سەربازی و لە لایەن ئەمەریکاوە داگیرکراوە.



***لە سەرەتای پرۆسەی دیموکراسیدا، مەسەلەی پارتی حوکمڕان و پارتی بەرهەڵستکاری نەگەیشتۆتە قۆناغێکی کامڵ، واتە زۆرجار هەوڵەکانی هێنانەدی ئاڵ و گۆڕ لە حکومەتدا سەردەکێشێت بۆ روخاندنی حکومەت، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن دەکرێت پارتی بەرهەڵستکار ببێتە هۆکارێکی ئیجابی لە هێنانەدی ئاڵ وگۆڕێکی ئاشتیانەی**

**دەسەڵاتدا؟**

- پێشبینی کردن لەم ڕووەوە زەحمەتە لەبەر ئەوەی دەبێت بە فیعلی ئاڵوگۆڕەکە ڕووبدات بۆ ئەوەی بزانین تا چ رادەیەك سەرکەوتووە و بە ئاشتیانە ئەنجام دەدرێت یان نا، لە عێراقدا لە ڕێی پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەوە هەوڵی هێنانەدی ئەم حاڵەتە دەدرێت.

**جۆن سی بێرگ، سەرۆکی بەشی حکومەتە لە زانکۆی ماسیۆشێد و پرۆفسیۆرە لەسەر کاروباری حکومرانی و پرۆسەی دیموکراسی و رۆڵی پارتە سیاسییەکان لە حکومەتدا و لەساڵی ١٩٧٥ تێزی دکتۆراکەی پێشکەشی زانکۆی هارڤارد کردووە، بۆ زیاتر قسەکردن و بەدواداچوون لەسەر مەسەلەی حوکمڕانی و پرۆسەی دەستاودەستکردنی دەسەڵات گوڵان پەیوەندی بە پرۆفیسۆر جۆن کرد و بەمجۆرە هاتە ئاخاوتن.**

*** لە قۆناغی دوای شەڕ و لە پرۆسەی بنیاتنانەوەی نەتەوەدا، دەسەڵات و توانای حکومەت کەمترە لە خواست و پێداویستییەکانی خەڵکی، ئایا ڕۆڵی پارتی بەرهەڵستکار چیە بۆ ئەوەی ڕێگە نەدات پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە ڕانەوەستێت؟**

- کێشەکە لە عێراقدا ئەوەیە کە پارتە سیاسیەکان چەکداریی خۆیان هەیە و هەر ناکۆکیەکی سیاسی بۆی هەیە سەربکێشێت بۆ توندووتیژی کە دەبێت کۆتای بەم حاڵەتە بهێنرێت، بەڵام کێشەکە ئەوەیە چۆن بتوانین کۆتای بەم حاڵەتە بهێنین، چۆن دەتوانین قەناعەتیان پێ بکەین کە دەبێت دەست لە بوونی چەکدارانەی هەڵگبرن، ئەوە کارێکی زەحمەتە.

*** لە قۆناغی دوای شەڕدا گرتنەبەری ئابووری بازاڕ گرنگی خۆی هەیە بۆ سڕینەوەی ئاسەوارەکانی شەڕ، خوێندنەوە و لێکدانەوەی ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟**

- ئەوە کێشەیەکی گەورەیە لە عێراقدا، بۆ نموونە چ لایەك کۆنترۆڵی نەوتی وڵاتەکە دەکات، من پێموایە لەبەر ئەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەو وڵاتەی داگیرکردووە ئەوا هەڵدەستێت بە کۆنترۆڵ کردنی نەوتی وڵاتەکە و ئەمەش وا دەکات عێراقییەکان نەتوانن هیچ پلانێکیان هەبێت بۆ ئایندە.

*** کاتێك لە هەل و مەرجی عێراق دەڕوانین رەشبین دەبین، بەڵام کاتێك بارودۆخی کوردستان لەبەرچاو دەگرین، ئەوا کەمتر رەشبین دەبین، لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان و بەشێکیشە لە عێراق هەرێمێکی ئارام و سەقامگیرە، بەڵام ئێمە ئەو راستیە دەزانین کە بی پشتیوانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەم هەرێمی ناتوانێن درێژە بەم ئارامی و ئاسایشە بدات، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وەك پێویست یارمەتی کوردستانی عێراقی نەداوە؟**

- من پێم وایە مەسەلەکە بە شێوەیەکی سەرەکی پەیوەستە بە فشار و دەستڕۆیشتوی تورکیاوە، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش خوازیاری ئەوە نیە نیگەرانییەکانی تورکیا لەبەرچاو نەگرێت کە تورکیا مەترسی هەیە لەوەی بەهێزبوونی کوردستانی عێراق کاریگەری دەبێت لەسەر مەیلی جوداخوازی کوردەکانی وڵاتەکەی. جورجیا یەکێکە لە نموونەکانی ئەوەی کاتێك هەوڵی گۆڕینی سنووری نەتەوەی وڵاتێك دەدرێت، ئەم هەوڵە سەردەکێشێت بۆ پشێوی و شەڕ، هەر بۆیە ئەوە دەوڵەتە گەورەکان دوودڵن لەوەی ئەو ئاڕاستەیە بگرنەبەر، لەبەر ئەوە پێموایە باشترین ڕێگاچارە بۆ کوردەکان بریتییە لە بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی عێراقدا.

بەداخەوە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا تەنها بایەخ بە هێنانەدی بەرژەوەندی و دەستکەوتەکانی خۆی دەدات و زۆرجار لەو پێناوەدا خیانەتی لە دۆستەکانی کردووە، ئەمەریکا لەم ڕووەوە مێژوییەکی هەیە و بە داخەوە ئێستا ئەمە لەگەڵ کوردەکاندا ڕوودەدات.

**کێشەکە لە عێراقدا ئەوەیە کە پارتە سیاسیەکان چەکداریی خۆیان هەیە و هەر ناکۆکیەکی سیاسی بۆی هەیە سەربکێشێت بۆ توندووتیژی کە دەبێت کۆتای بەم حاڵەتە بهێنرێت**

**ئەمەریکا تەنها بایەخ بە هێنانەدی بەرژەوەندی و دەستکەوتەکانی خۆی دەدات و زۆرجار لەو پێناوەدا خیانەتی لە دۆستەکانی کردووە، ئەمەریکا لەم ڕووەوە مێژوییەکی هەیە و بە داخەوە ئێستا ئەمە لەگەڵ کوردەکاندا ڕوودەدات**



دۆسان سیڤۆلیك پسپۆر و تایبەتمەند لەسەر یوگسلافیای پێشوو بۆ گوڵان:

# ئەگەر پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ بووە پاڵنەری سەرەکی سیاسەت ئەوا دەتوانین کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی بنیات بنێین

***لە کۆمەڵگەیەکی وەك عێراقدا پارتە سیاسییەکان هیچ ئەزموونێکی دیموکراسییان نییە، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن ئەم پارتە سیاسییانە دەتوانن دیموکراسی بنیات بنێن؟**

- بە پێی تێگەیشتن و ئەزمونی ژیانی خۆم دیموکراسی پەیوەستە بە هەڵبژاردن و کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتەوە کە چەند بەهایەك لە خۆدەگرێت، پارتە سیاسییەکان رەگەزێکن لە پرۆسە دیموکراسییەکەدا، بەڵام گرنگترین رەگەزن و دیارترین لایەنن کە بەشداری لە پرۆسە دیموکراسیەکەدا دەکەن، گرنگترین ساتەوەختیش لە پرۆسەی دیموکراسیدا بریتیە لە سازدان و ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان و تێیدا پارتە سیاسییەکان بەشداری دەکەن و دەرفەتیان بۆ دەرەخسێت دەسەڵات بگرنەدەست، ئەمە لە رووی تیۆریەوە. لە رووی عەمەلییەوە چەند کێشەیەك هەیە، بەتایبەتی لە وڵاتانی دوای سەردەمی کۆمۆنیستییەوە، وەك سربیا و هەروەها عێراقیش، بۆ نموونە خەڵکی ئەم وڵاتانە تەنیا ئەزمونی تاقە حزبیان هەیە کە حکومڕانی کردووە، واتە بە ئەزمونی فرە حزبی و ململانێ و رکابەری پارتە سیاسییەکان ئاشنانین، کێشەیەکی دیکە ئەوەیە لە سەردەمی دیکتاتۆریدا هەڵبژاردن کراوە، بەڵام هەڵبژاردنێکی دیموکراتی و ئازادانە نەبووە، بەڵکو خەڵکی تەنیا سەرکردە دیکتاتۆرییەکانیان هەڵبژاردووە، واتە ئەگەر لە دەنگدەرێك بپرسی بۆچی دەنگت بۆ پارتێکی سیاسی دیاریکراو داوە، ئەوا لە وەڵامدا ئاماژە بە سەرکردەی پارتە سیاسییەکە دەکات، نەك بەرنامە سیاسییەکەی، ئەمەش پەیوەستە بە کەلتوری سیاسییەوە. بۆ نمونە لە سربیا هەرچەندە ماوەیەکی سیستەمی فرەحزبی پیادە دەکرێت، بەڵام تا ئێستا ناتوانین بڵێین وڵاتێکی تەواو دیموکراسییە، لەبەر ئەوەی تا ئێستاش پارتە سیاسییەکان کۆنترۆڵی تەواوی دام و دەزگاکانیان کردووە.

*** کەواتە چۆن دەتوانین دیموکراسی بنیات بنێین؟**

- پارتە سیاسییەکان و هەڵبژاردن و دیموکراسی ئامرازگەلێکن بۆ کۆنترۆڵکردنی ژیانی سیاسی و رێکخستنی ململانێ و ناکۆکی بەرژەوەندییەکان، بە پێچەوانەوە دوو چارەنووس چاوەڕوانی وڵاتەکە دەکات، یان گەڕانەوەی دەسەڵاتی دیکتاتۆری، یاخود شەڕی ناوخۆی، لەبەر ئەوە دەبێت لە بری فیشەك پەنا بۆ هەڵبژاردن ببەین. لە لایەکی دیکەوە دەبێت ئەو راستییەمان لەبەرچاو بێت کە دیموکراسی لە شەو و رۆژێکدا نایەتەدی، دیموکراسی پێویستی بە دووبارەکردنەوەی پرۆسەی هەڵبژاردن هەیە و ئەمەش کاتێکی دوور و درێژ دەخایەنێت، واتە پێویستمان بەوەیە رۆژانە خەبات و تێکۆشان بکەین لە پێناو چەسپاندنی بەها دیموکراسییەکاندا. رەنگە پارتە سیاسییەکان باشترین ئامراز نەبن، بەڵام گرنگن و دەبنە هۆی کەمکردنەوەی مەترسی سەرهەڵدانی دیکتاتۆری کە وڵاتەکە بەرەو شەڕی ناوخۆیی پەلکێش دەکات، هەروەك ئەوەی میلۆسۆڤیج کردی، لەبەر ئەوە **گرنگترین دەرس بۆ وڵاتانی دوای دیکتاتۆری ئەوەیە چیتر پەنا بۆ بەکارهێنانی هێز نەبەن بۆ کۆنترۆڵکردنی دەسەڵات.**

*** بەڵام زۆرجار باس لەوە دەکرێت بوونی دوو پارتی رکابەر دەبێتە هۆی سەرکەوتنی پرۆسە دیموکراسییەکە، هۆکارەکە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- ئەمە سیستەمە زیاتر لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەزمونی وڵاتانی ئەوروپا، وەك ئیتالیا، یاخود وڵاتانی دوای روخانی کۆمۆنیستی وەك سربیا، کێشەگەلێکی جیاواز بەدی دەکەیت، بۆ نموونە ژمارەیەکی زیاتری پارتە سیاسییەکان بەدی دەکەیت، لە لایەکی دیکەوە لە زۆرێك لە وڵاتانی دوای کۆمۆنیستیدا ئەو پارتە سیاسییانە پێکهاتوون کە لەسەر بنەمای ئیتنی دروست بوونە، واتە هەوڵی ئەوە دەدەن نوێنەریان هەبێت لە پەرلەمانی وڵاتەکەدا بۆ ئەوەی مافەکانیان پارێزراو بێت. ئەگەر لە حاڵەتی سربیا بڕوانین من پێم وایە کێشەکە بریتییە لە نەبوونی تێڕوانینێکی روون بۆ ئاییندە، واتە رێکنەکەوتن لە سەر چەند ئامانجێکی ستراتیجی، بۆ نموونە تا ئێستا جیاوازی و ناکۆکی هەیە لە ئاست بە ئەندام بوونی سربیا لە



**سربیا هەرچەندە ماوەیەکی سێستەمی فرەحزبی پیادە دەکرێت، بەڵام تا ئێستا ناتوانین بڵێین وڵاتێکی تەواو دیموکراسییە، لەبەر ئەوەی تا ئێستاش پارتە سیاسییەکان کۆنترۆڵی تەواوی دام و دەزگاکانیان کردووە**

**پرۆفیسۆر دۆسان سیڤۆلیك، جانجیك ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانكۆی بەلگراد و یەكێكە لە تۆژەر دیارەكانی سەنتری توێژینەوەی سۆسیۆلوجی بەلگرادیش، سیڤۆلیك پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر كێشە ئەتنیەكان و كۆكردنەوە و ڕێكخستنی ئەتنییەجیاوازەكان لە چوارچێوەی دەوڵەتێكدا و تێزی دكتۆراكەشی لەسەر پەیوەندی نێوان دەوڵەت و نەتەوە نوسیووە .**

**ئەزموونی هەڵوەشانەوەی یوگسلافیای پێشوو یەكێكە لە دیاردە گەورەكانی دوای شەڕی سارد، ڕاستە هێندەی ڕووخانی دیواری بەرلین كاریگەری نەبوو، بەڵام هەڵوەشانەوەی یوگسلافیای پێشوو، ئەو تەلیسمەی شكاند كە چیدیكە سنوورە تەقلیدیەكان موقەدەس نین، سەبارەت بە چۆنییەتی دەسپێكی حكومرانی دیموكراتی و سەركەوتنی ئەم پرۆسەیە لە دوای ڕووخانی دیكتاتۆریەت، پرۆفیسۆر سیڤۆلیك بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

ڕێكخراوی ناتۆ و یەكێتی ئەورووپادا، تا ئێستا هەڵوێستی جیاواز هەیە لە ئاست چۆنیەتی مامەڵەكردن لە گەڵ كۆسۆڤۆدا، هەرچەندە بە تێڕوانینی من ئەمە پتر پەیوەستە بە ئاستی هۆشیاری كۆمەڵگەوە و كێشەیەكی تەواو سیاسی نییە.

*** لە دوای ڕووخاندنی دەسەڵاتی دیكتاتۆری و ڕژێمی تاك حزبییەوە، قۆناغی ئینتیقالی دەست پێدەكات بەرەو بنیاتنانی دیموكراسی و سیستەمی فرەحزبایەتی، چۆن دەتوانین هەڵبستین بە ڕێكخستنی ئەم قۆناغە؟**

- ڕاستە لە عێراقدا دابەشبوون و جیاوازی ئیتنی و ئاینی و سیاسی هەیە، بەڵام دەبێت پتر جەخت لەسەر بەرژەوەندییە هاوبەشەكان بكرێتەوە نەك جیاوازییەكان، بە تێڕوانینی من باشترین ڕێگاچارە بۆ ڕێگەگرتن لەوەی گرووپە ئیتنییەكان بەرەو سەربەخۆیی هەنگاوبنێن بریتییە لە دابەشكردنی دەسەڵات و داهات بە شێوەیەكی دادپەروەرانە، لەبەر ئەوەی ئەگەر گروپێكی ئیتنی دیاری كراوت پەراوێز و نائومێد كرد، ئەوا لە دەرئەنجامدا بیر لە جیابوونەوە و جاڕدانی سەربەخۆیی دەكاتەوە.

***چۆن دەكرێت پارتی بەرهەڵستكار ببێتە هۆكارێكی ئیجابی لە هێنانەدی ئاڵوگۆڕێكی ئاشتیانەی دەسەڵاتدا؟**

- دەبێت بەرەی بەرهەڵستكار، یاخود پارتە بەرهەڵستكارەكان بە شێوەیەك خۆیان بۆ ڕای گشتی بخەنەڕوو كە دەتوانن ببنە بەدیلی پارتە حكومڕانەكە، واتە دەبێت لە تێڕوانین و گۆشەنیگای ڕای گشتییەوە ئەو قەناعەتە دروست بێت كە بەرەی بەرهەڵستكار باشتر دەتوانێت بەرژەوەندییەكانیان بهێنێتەدی و باشتر دەتوانێت كاروباری حكومڕانی هەڵسوڕێنێت و دەتوانێت بەرپرسیارێتی بڕیاردان و باشتركردنی ژیانی خەڵك بگرێتە ئەستۆ بۆ ئەوەی لە كاتی هەڵبژاردنەكاندا دەنگی بۆ بدەن. لە لایەكی دیكەوە دەبێت زۆرینە دەرفەت بۆ پارتە بەرهەڵستكارەكان بڕەخسێنێت بۆ ئەوەی فێری چۆنییەتی هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی بن.

***ئابووری بازاڕ گرنگی خۆی هەیە بۆ سڕینەوەی ئاسەوارەكانی شەڕ، خوێندنەوە و لێكدانەوەی ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟**

- بەدەستهێنانی ئابووری بازاڕی ئازاد گرنگی خۆی هەیە، بەڵام لە وڵاتانی دوای شەڕدا وەك عێراق و سربیا ئەمە كارێكی زەحمەتە كە پێشتر تەنیا دەوڵەت كۆنتڕۆڵی ئابووری وڵاتەكەی دەكرد، من پشتگیری لە ئابووری بازاڕی ئازاد دەكەم، بەڵام دەبێت لە سەرەتادا حكومەتیش ڕۆڵی هەبێت، واتە هەندێ لە كۆمپانیا و موڵكەكان لە ژێر دەستی حكومەتدا بن، بەڵام قۆرخكردنی تێكڕای كەرتی ئابوورییەكان لە لایەن حكومەتەوە مەترسیدارە. دەبێت حكومەت ڕۆڵی هەبێت لە زەمینەخۆشكردن بۆ گرتنەبەری ئابووری بازاڕی ئازاد و لە هەندێ ڕووەوە ڕۆڵی هەبێت، بۆ نموونە لە یارمەتیدانی هەندێ لە گروپە كۆمەڵایەتییە لاوازەكان وەك كەم ئەندامەكان، لەبەر ئەوەی زۆر جار ئامانجی كۆتایی پرۆژەكانی كەرتی تایبەتی كۆكردنەوەی زۆرترین قازانجە. واتە مەسەلەكە ڕاگرتنی هاوسەنگییە لە نێوان كەرتی تایبەتی و كۆنتڕۆڵكردنی ئابووری لە لایەن دەوڵەتەوە.

*** كاتێك لە هەلومەرجی عێراق دەڕوانین ڕەشبین دەبین، بەڵام كاتێك بارودۆخی كوردستان لەبەرچاو دەگرین، ئەوا كەمتر ڕەشبین دەبین، لەبەر ئەوەی هەرێمی كوردستان بەشێكیشە لە عێراق هەرێمێكی ئارام و سەقامگیرە، بۆچی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وەك پێویست یارمەتی كوردستانی عێراقی نەداوە؟**

- كێشەكە دوو ڕەهەندی هەیە، یەكەمیان هەڵوێست و كاردانەوەی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و هێزە گەورەكانە كە ئەوانیش بە پێی تێڕوانین و بەرژەوەندی خۆیان هەڵوێست وەردەگرن، لە گەڵ كێشە و ناكۆكییە ناوخۆیەكاندا، بۆ نموونە لە عێراقدا باشترە هەوڵی چەسپاندن و پیادەكردنی سیستەمێكی فیدراڵی بدرێت و دەسەڵات بە هەرێمەكان بدرێت، كە ئەمەش دەبێتە هۆی پاراستنی یەكپارچەی خاكی ئەو وڵاتە. لە لایەكی دیكەوە ئەم ساتەوەختە، ساتەوەختێكی لەبار نییە نە بۆ عێراق و نە بۆ سربیا، بەتایبەتی لەبەر هەڵكشانی ناكۆكی و ركابەرێتی نێوان وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا و ڕوسیا لە سەر سەرچاوە نەوتی و گازیەكان، كە زۆرجار كارتی كورد، یاخود كارتی بۆسنیا بۆ هێنانەدی بەرژەوەندیەكانیان بەكاردەهێنن، واتە ئەم دەوڵەت و نەتەوە بچووكانە دەبنە قوربانی ئەو ململانێی گەورانە.

*** دوا وتەت بۆ گۆڤارەكەمان؟**

- من تەنیا ئەوەندی دەڵێم كە گرنگترین دەرس ئەوەیە كە ئەگەر پاراستنی گیان و كەرامەتی مرۆڤەكان بوونە پاڵنەری سەرەكی سیاسەت ئەوا دەتوانین كۆمەڵگەیەكی دیموكراسی بنیات بنێین. بەڵام ئەگەر كۆمەڵگەیەك هەبوو سەركردەكانی بە پێچەوانەوە بیریان كردووە و ڕەفتاریان كرد، ئەوا هیچ گۆڕانێك بەدی ناكەین بەرەو دیموكراسی.

**ڕاستە لە عێراقدا دابەشبوون و جیاوازی ئیتنی و ئاینی و سیاسی هەیە، بەڵام دەبێت پتر جەخت لەسەر بەرژەوەندییە هاوبەشەكان بكرێتەوە نەك جیاوازییەكان**

## سەرکردایەتی کوردستان لەم هەفتەیەدا دەچێتە بەغدا..

# نەوتی کوردستان بۆ خزمەتکردنی ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتی کوردستانە



نێچیرڤان بارزانی سەرۆك وەزیرانی حكومەتی هەرێمی كوردستان لەگەڵ لی میۆنگ باك سەرۆك وەزیرانی كۆریای باشوور- سیئول

### نەوت وەک داینەمۆی ژیانی شارستانی و خۆشگوزەرانی

کاتێك سەرۆك وەزیرانی حكوومەتی هەرێمی كوردستان نێچیرڤان بارزانی لە ٢٥ ی سێبتەمبەری ڕابردوو سەردانی كۆریای باشووری كرد و یاداشتێكی لێكتێگەیشتنی لەگەڵ لی میۆنگ باك سەرۆك وەزیرانی كۆریا واژۆ كرد و دواتریش لەمەراسیمێكدا ژمارەیەك بۆندی دۆزینەوە و دەرهێنانی نەوتی لەگەڵ كۆمپانیای نیشتمانی نەوتی كۆریا (KNOC) مۆركرد. بەرپرسانی حكوومەتی ناوەندی عێراق و لەنێویشیاندا وەزیری نەوت وەكو هەموو جارێك كەوتە پەرچەكرداری نا واقیعیانە و بۆندە نەوتییەكانی حكوومەتی هەرێمیان بە ناشەرعی وەسفكرد. ئەمەش لەكاتێدا نێچیرڤان بارزانی لەكاتی واژۆكردنی بۆندەكەدا جەختی لەسەر ئەوە كردەوە كە ئەو هەنگاوە ڕێككەوتنێكی ئیستسنائییە و لەخزمەتی پێداویستییەكانی خەڵكی كوردستاندایە، وەك وزە و ئاوەڕۆ و كەرەسەكانی دیكەی ژێرخانی كوردستان. سەرۆكی حكوومەتی كوردستان گوتی: «ئێمە ڕاستەوخۆ سەرچاوە سروشتییەكان بە نرخەكانی خۆیان بۆ بەرژەوەندی خەڵكی بەكاردەهێنین و ئەمەش پابەندبوونێكی بەهێزی حكوومەتەكەمانە». هەروەك بەڕێزیان داوای لەحكوومەتی ناوەندی كرد بۆ مەسەلەی نەوت و سامانە سروشتییەكان پابەندی دەستوور بێت و گوتیشی: «ئەم ڕێككەوتنە نموونەیەكە كە دەبێ عێراق چی بكات. ئێمە باس لە پێداویستییەكانی گەلەكەمان دەكەین و دەبێ حكوومەتی فیدراڵیش هەمان شت بكات، نەوت دیارییەكە بۆ هەموو گەلانی عێراق. ئێستاش كاتی ئەوە هاتووە ئەو دیارییە بۆ هەموو گەلانی عێراق ڕەكاربخەین».

ئەو ئاخاوتنە ورد و ئۆبژێكتیڤانەی سەرۆكی حكوومەتی هەرێم هەڵگری ئەو هەقیقەتەیە كە ئیدی لەمەودوا نەوت وەك سامانێكی نەتەوەیی دەبێت وەڵامی پێداویستییەكانی خەڵك بداتەوە و ببێتە داینەمۆی ژیانی شارستانی و خۆشگوزەرانی، بەو پێیەی نەوت پێوەندی ڕاستەوخۆی بە ئاسایشی نەتەوەیی و سیاسەتی ئابووری و ستراتیژی نەتەوەیی میللەتانەوە هەیە. بۆیە لەعێراقی نوێدا چیتر قەبووڵ ناكرێت بە ئەقڵییەتێكی سەنتراڵی هەموو كایەكانی هێز و توانای بڕیاردان لە یەك ناوەندەوە كۆنترۆڵ بكرێت و كوردیش وەك جاران هاووڵاتی پلەدوو بێت. هەر بۆ ئەم ئامانجەش سەركردایەتی

کوردستـــان بە نیـــازە لەم هەفتەیـــەدا بۆ گفتوگۆکردنی پرســـە هەڵواسراوەکان سەردانی بەغدا بکات.

**بۆندە نەوتییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان**

بەشـێوەیەکی گشــتی، تائێســتا حکومەتی هەرێمی کوردستان ٢٠ رێککەوتننامەی بەشــداری بەرهەمهێنانی لەگەڵ کۆمپانیا ســـەربەخۆ نەوتییە ناوخۆیی و بیانییەکانــدا واژۆ کردووە، هەندێ لەو کۆمپانیایە بە سیســتەمی رووپێــوی بوومەلەرزەیی کاردەکەن و هەندێکـــی دیکەیان بەشـــێوەی دۆزینەوەی کانـــگا و ناوچە بۆ هەڵکەندنی بیری نەوت کاردەکەن. دیارترین ئەو کۆمپانیایانەی کە تائێستا بۆندیان لەگەڵدا مۆر کراوە، پێکدێن لە:

١- کۆمپانیــای گێنەل ئەنەرژی، بــەرەی گروپی کۆمپانیاکانی تورکیایە، کوکۆرڤا هۆڵدینگ لە کانوونی دووەمی ٢٠٠٥ لەگەڵ ئەداکس ئینتەرناشـــناڵ کۆمپانیایەکی نەوتی ســـویدی کەنەدی یەکیگرت و کۆمپانیای کارکردنی تەقتەق ناسراو بە (TTOPO) ی لێکەوتەوە.

ئێســـتا لە قۆناخی هەڵســـەنگاندن دان و لەوکاتەوەش شـــەش بیر ســـەرکەوتووانە هەڵکەنراون، هەریەکەیان توانای بەرهەمهێنانی ١٦ هەزار بۆ ٣٧ هـــەزار بەرمیل نەوتیان هەیـــە لەرۆژێکدا، مەزندە دەکرێت بیری زیاتر لەداهاتوودا هەڵبکەنرێت، لە کاتێک کە ئامێری هەڵکەندنی نوێ هێنراوە. ئەوکاتە پێویستە بەرهەمەکە بگاتە ١٠٠ هەزار بەرمیل لـــە رۆژێکدا، ئەمەش وا دەکات حکوومەتی هەرێم بتوانێت نەوت رەوانەی دەرەوە بکات. بۆ ئەمەش حکومەت هەموو تواناکانی لەگەڵ ئەو کۆمپانیایە یەکخســـتووە بۆئەوەی سەرکەوتن بێتە دوا ئاکامی لەقۆناخی پیشەسازی نەوتدا.

٢- کۆمپانیـــای (DNO)ی نۆرویـــژی، کاری گەڕان بەدوای نەوتی تەواو کردووە و سەرقاڵی دەرهێنانی نەوتە لەگەڵ واژۆکردنی بۆندێـك لەگـــەڵ حکوومەتی هەرێـــم لەســـاڵی ٢٠٠٤. توانی بەســـەرکەوتوویی بیری کەبەرۆك لێبدات کە توانای بەرهەمهێنانی پێنج هەزار بەرمیل نەوتی هەیە لەرۆژێکدا. هەروەها DNO پێنج بیـــری دیکەی لێداوە، پلانی هەیە بۆ ئـــەوەی ٥٠ هەزار بەرمیل لەرۆژێکدا لە تورکیاوە بۆ خاڵێکی نزیك بۆڕی سەرەکی کەرکووك- جەیهان دانراوە، رەوانە بکات.

٣- کۆمپانیای وێســـترن زاگـــرۆس، کۆمپانیایەکی کەنەدییە و لە ناوچەی گەرمیان کاردەکات و هێشـــتا لـــە قۆناخی گەڕاندایە، بڕیارە لەماوەیەکی کەمدا دەســـت بـــکات بە لێدانی بیری گەڕان. لـــەدوای بیری گەڕان بیری پشـــکنین دێت و جیـــاوازە لە بیری بەرهەمهێنان.

٤- هێریتێج ئەنەرژی میدڵ، کۆمپانیایەکی کەنەدییە و لە دەڤەرە جیاجیاکانی پارێزگای سلێمانی کاردەکات.

٥- وێســـترین ئۆیڵ ساندس، کۆمپانیایەکی دیکەی کەنەدییە و لە قۆناخی گەڕان و هەڵکەندنی بیری گەڕاندایە.

٦- پێیت پرایم، کۆمپانیایەکی هاوبەشی تورکی- ئەمریکییە، کە لە دەڤەری شەقلاوە کاردەکات و لە قۆناخی گەڕان و پشکنیندایە.

٧- هەنـــت ئۆیـــڵ، کۆمپانیایەکی گەورەی نەوتـــی ئەمریکییە، کە ســـاڵی رابردوو بۆندی لەگەڵدا مۆرکراوە. هێشـــتا لە قۆناخی دەسپێکدایە لەهەرێمی کوردستان.

٨- پێرینکـــۆ، کۆمپانیایەکی فەرەنســـییە و لە ناوچەی ئامێدی کاردەکات.

٩- کۆمپانیای کوردســـتان، کۆمپانیایەکی ناوخۆییە و تائێستا ٤ بۆندی لەگەڵدا واژۆکراوە بۆ بەدوا گەڕان و بەرهەمهێنانی نەوت.

١٠- نۆربێســـت لیمیتیـــد (Norbest Limited) و لقێك لە کۆمپانیـــای TNC-BP (کۆمپانیای نەوتـــی تیومن- بریتیش پترۆلیۆم) کە لەلایەن رووســـیای فیدراڵەوە وەبەرهێنانی بۆ دەکرێ و ئەم پرۆژەیەش ئاسۆیەکی رووناکی لەبەردەمدایە. ئەو کۆمپانیایە زۆرترین بەشەکانی سەرچاوە نەوتییەکانی کوردستانی بەدەستهێناوە و یەکێك لـــە بلۆکەکانی نزیك کەرکووك گەورەترین ســـەرچاوەی نەوتییە و چوار بەشی دیکەی ســـەرچاوە نەوتییەکانی کوردستان لەگەڵ کۆمپانیاکانی کۆریا، بریتانیا و ئەمریکا مۆرکراوە و بەپێی سەرچاوەکان هێشتا ٢٠ بەشی دیکە ماوە و دابەش نەکراون. وتەبێژی TNC-BP دەڵێت کاتێك هەڵی وەبەرهێنان لە کوردستان و عێراق رەخساوە پێویســـت ناکات چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئەو کۆمپانیایانە بین کە پێشـــتر بۆندیان لەگەڵ حیزبی بەعـــس واژۆ کردووە، وەك کۆمپانیای لۆك ئۆیەڵی رووسیا.

١١- OMV، کۆمپانیایەکی نەمساوییە بۆ دۆزینەوە و دەرهێنانی نەوت.

١٢- OML، کۆمپانیایەکی هەنگارییە بۆ دۆزینەوە و دەرهێنانی نەوت.

١٣- Relines، کۆمپانیایەکی هیندییە بۆ دۆزینەوە و دەرهێنانی نەوت.




١٤- Access-Renovo کۆمپانیایەکـــی وڵاتی رووسیای فیدراڵە.

١٥- ودساید پترۆلیۆم.

١٦- پێت ئۆیڵ.

١٧- ستێرلینگ ئەنەرژی.

١٨- گەڵف کی ســـتۆن.. هەروەها کۆمپانیای ئیماراتی دانا غاز.

١٩- KNOC، کۆمپانیای نیشتمانی نەوتی کۆریایە.

رۆژی ٢٦ی ئەیلول کاتێك سەرۆکی حکوومەتی هەرێم سەردانی ســـیئۆلی پایتەختی کۆریای باشـــووری کـــرد ژمارەیەك بۆندی دۆزینـــەوە و دەرهێنانی نەوتی لەگەڵ ئـــەو کۆمپانیایە واژۆکرد. ئەو بۆندە بەشـــێکە لەو رێککەوتننامـــە بەراییانەی کە بە هۆیەوە KNOC مافـــی دۆزینـــەوە و دەرهێنانـــی نەوتی لـــە کێڵگە نەوتییەکانی قوشـــتەپە و ســـەنگاو و چەند شوێنێکی دیکە دەبێت لەبەرامبەر یارمەتیدانی پرۆژەکانی ژێرخانی هەرێمی کوردســـتان. بەپێی ئەو رێککەوتنە KNOC لە قۆناخی ســـەرەتادا یارمەتی بونیاتنانـــی ئاوەڕۆ و وێســـتگەی کارەبا و کەرەســـەکانی دیکەی ژێرخانی هەرێمی کوردســـتان دەدات بـــە بری ٦٠٠ ملیۆن دۆلار، لە قۆناخی دواتریشـــدا بەهای پرۆژەکـــە ١,٥ ملیار دۆلار. جێی وەبیرهێنانەوەشە، لەســـەرەتای ئەمساڵ نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان یاداشتێکی لێتێگەیشتنی لەگەڵ ســـەرۆکی هەڵبژێردراوی کۆریا لی میۆنگ بـــاك واژۆ کرد کە گەشەپێدانی چوار کێڵگەی نەوت لە کوردستان لەخۆدەگرێت.

٢٠- هەروەهـــا زۆر کۆمپانیای دیکەی بیانیش چاویان لەوە بڕیوە بۆند لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردســـتان واژۆ بکەن، لەوانەش بەگوێرەی رۆژنامەی گۆڵف دەیلی نیوز کۆمپانیای نەوتی (سار ئۆیڵ)ی هیندستان دەخوازێ سەرمایەکانی لەکوردستان

وەگەڕ بخات و لەگەڵ حكوومەتی هەرێم بگاتە ڕێككەوتن. ئەو كۆمپانیایە دەیەوێ بەرهەمهێنانی نەوت لە ٢١٠ هەزار بەرمیل لەڕۆژێكدا بۆ ملیۆنێك بەرمیل لەڕۆژێكدا بەرز بكاتەوە دوای سێ ساڵ كاركردنی لەكوردستان. كۆمپانیاكە ئێستا لەوڵاتانی هیندستان، ڤێتنام، نایجیریا، ماداگسكار و ئوسترالیا خەریكی بەرهەمهێنانی نەوتە.

## هەرێمی كوردستان شەشەمین كۆگای نەوتە لەجیهاندا

بەگوێرەی ڕاپۆرتێكی وەزارەتی نەوت، عێراق خاوەنی ١١٥ ملیار بەرمیل یەدەگی نەوتە، هەر بەگوێرەی ئەو ڕاپۆرتە لەو بڕەشدا ڕێژەی ٤٠٪ی لەكوردستاندایە. پێشبینی دەكرێت یەدەگی نەوت بگاتە ٢٢٤ بەرمیل و بەمەش پێگەی یەكەم داگیر دەكات لە پۆلینی یەدەگی نەوتی جیهاندا، ئەمەش دوای ئاشكرابوونی ئەو دەرئەنجامانەی كە لەگەڕان بەدوای نەوتدا لەپارێزگای ئەنبار و بیابانی ڕۆژئاوادا دەردەكەوێت. لەم چەند مانگەی ڕابردوودا بەرهەمی نەوتی عێراق نزیك بۆتەوە لەو پلەیەی لە بەرهەمی نەوتی ئەو وڵاتە كە پێش هێرشەكەی ئەمریكا لەساڵی ٢٠٠٣ كردیە عێراق. هەر بە پێی ئەم ڕاپۆرتە داهاتی عێراق لەپارەی نەوت لەساڵەكانی ٢٠٠٥- ٢٠٠٧ سەرجەم ٩٠ ملیار دۆلار بووە و داهاتی نەوتیش ٩٤٪ی داهاتی حكوومەتی پێكهێناوە. چاوەڕوان دەكرێ داهاتی نەوت لەساڵی ٢٠٠٨- ٢٠١٠ ئێجگار زۆرتر بێت و بگاتە سەرووی ١٠٠ ملیارد دۆلار ئەگەر نرخی نەوت بەمشێوەیەی ئێستا بمێنێتەوە. هەروەها عێراق لەمانگی نۆڤەمبەری پار ساڵەوە تائێستا توانیویەتی هەناردەی نەوت بەرز بكاتەوە و ڕۆژانە ١,٥٧ ملیۆن بەرمیل لەڕۆژێكدا. واتە تێكڕای هەناردەی نەوت لە مانگێكدا دەگاتە نزیكەی ٤٧ ملیۆن بەرمیل كە تێیدا حەوت ملیۆن بەرمیل لەم ڕێژەیە بریتییە لە نەوتی خاوی بەسرا و دەزگای بازاڕی نەوتی عێراق (سۆمۆ) ئامانجی ئەوەیە لە ڕۆژێكدا ١,٥٥ ملیۆن بەرمیل نەوتی خاوی بەسرە بفرۆشێت، بەڵام دواتر ئەم ڕێژەیە گەیشتە ١,٦٥ ملیۆن بەرمیل لەمانگی دیسەمبەری ڕابردوو. جێی باسە، سۆمۆ بۆندێكی درێژخایەنی مۆركرد كە بەهۆیەوە ڕۆژانە نزیكەی ١,٧ ملیۆن بەرمیل دەفرۆشێت. لەلایەكی دیكەوە بە پێی لێدوانی وتەبێژی فەرمی حكوومەتی عێراق بە ڕێژەی ٦٥٪ بەرامبەر پار ساڵ بەرز بۆوە، كە ئەم ڕێژەیە ٩٣٪ی كۆی گشتی خەزێنەی عێراق پێكدەهێنێت لەماوەی ساڵی داهاتوودا. بودجەی پێشنیاركراوی ساڵی داهاتووش نزیكەی ٨٠ ملیار دۆلارە. لەگەڵ ئەوەی عێراق ئەندامی ڕێكخراوی ئۆپێك-ە بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا زۆر پابەند نەبووە بە یاساكانی.



سەبارەت بەهەرێمی كوردستانیش، ئێستا ناوەندە زانستییەكانی كورد خەریكی دیراسەكردنی نەوتی كوردستانن بۆ زانینی ڕێژەی نەوتی هەرێم. بە پێی ئەو لێتۆژینەوە نێودەوڵەتیانەشی كە ئاشكرا كراون، هەرێمی كوردستان شەشەمین كۆگای نەوتە لەجیهاندا، بە چەشنێك ڕێژەیەكی زۆری نەوتی خەزنكراو و یەدەگ لە كوردستاندا هەیە. هەروەها حكوومەتی هەرێم بەرنامە و پلانڕێژی داناوە تا كۆتایی ساڵی ٢٠١٠ ڕێژەی بەرهەمهێنانی نەوتی كوردستان بگاتە ٤٪ی بەرهەمی نەوت لەسەرانسەری دنیادا. بە پێی ئەو لێكۆڵینەوە و ڕوومێوە جیۆپۆلۆتیكیانەی لە هەرێمی كوردستان كراون پێشبینییەكان بەو ئاراستەین كە تا ساڵی ٢٠١١ ئەو ڕێژەیە بە پێی كۆمەڵی مەرج و ستانداردی زانستی بەرهەم بهێنرێت. هەروەها بە پێی خەملاندنی زانیارییەكانی پسپۆڕانی بواری نەوت، هەرێمی كوردستان (تەنها لەسنووری شارەكانی هەولێر، سلێمانی و دهۆك) خاوەنی ٥٠ ملیار بەرمیل نەوتی ژێر زەوییە. لەگەڵ چەندان ملیۆن مەتر سێجا لە غاز و سامانە سروشتییەكانی دیكە.

بەڕێژەیەكی تەقدیریش ٤٠ — ٥٠ ناوچەی دەرهێنانی نەوت لەهەرێمی كوردستاندا هەیە، كە تائێستا تەنها ٢٠ لەو ناوچانە كاریان لەسەر دەكرێت. لەكاتێكدا پسپۆڕانی بواری نەوت ڕایدەگەیەنن كە چەندین ناوچەی دیكەی ستراتیژی هەن كە چاڵی گەورەتی نەوت و سامانە سروشتییەكانی دیكە (ئاسن، فۆسفات و گۆگرد و... تد)ی تێدایە و دەتوانرێ سوودیان لێوەربگیرێت. وەك ناوچەكانی زورگەزراو و دیبەگە و قەرەچووخ و ...تد لە دەشتی شەمامك و هەولێر. هەروەها نزیكەی ٢٠٠ بیرە نەوت لە ناوچە كوردنشینەكانی باكووری دیالەدا هەیە، كە ٤٣ بیریان دەكەونە ناوچەی نەفتخانەی سەر بە قەزای خانەقین و نزیكەی ٧٠ بیرە نەوتی دیكەشیان لە ناوچەكانی قەرەتەپە و حەوزەی حەمرین دان، ئەمە جگە لەوەی لە ناوچەی عوزێم و دەڤەرە جیاجیاكانی دیكە ٧٠ بیرە نەوتی دیكە هەن، بەهۆی نەبوونی پاڵاوگەوە هیچ سوودێكیان لێنابینرێت. بەڵام بوونی ناكۆكی و قەیرانی نێوان هەولێر و بەغدا و مۆڵەقبوونی چارەنووسی ئەو ناوچانە لەچوارچێوەی ماددەی ١٤٠ دا و گەڕانەوەیان بۆ باوەشی ئیدارەی هەرێم، پاڵاوتگە لەسەر ئەو بیرە نەوتییانە دروست نەكراوە، لەبەرامبەردا حكوومەتی هەرێم بەهۆی نارازیبوونی بەغدا توانای سوودوەرگرتنی لەو بیرە نەوتییانە نییە. ئەمەش وایكردووە ئەو سامانە گرنگە بە هەدەر بچێت. لەبەرئەوە دەرهێنانی ئەو ناوچە بەنەوت دەوڵەمەندانە لەژێر كۆنترۆڵی كورد لەلایەن سوپای عێراقەوە گەورەترین زیانی بەكوردستان گەیاند. وەك سەرچاوەكانی هەواڵ ئاماژەی بۆ دەكەن لە دەڤەری نەفتخانەی خانەقین كە ٤٣ بیرە نەوتی تێدایە، نەوتەكەی لەڕێی ژێر زەوییەوە لەلایەن ئێرانەوە دەبرێت. لەكاتێدا ئەگەر بەتەنها ئەو ناوچانە پاڵاوتگەیان لەسەر دروست بكرێت ئەوا پێداویستییەكانی خەڵكی كوردستان لەڕووی سووتەمەنییەوە دابین دەكەن.

بەشێوەیەكی گشتی، حكوومەتی هەرێم پلانی ئەوەی داناوە تاكو دەسپێكی ساڵی ٢٠١٠ ڕێژەی بەرهەمهێنانی نەوت لەڕۆژێكدا بگەیەنێتە یەك ملیۆن بەرمیل نەوت. ئەو ڕێژەیەش بەپێی لێكۆڵینەوەی شارەزایانی بواری نەوت لەكوردستان و دەرەوە خەمڵێنراوە. ئەو خەملاندنەش لەسەر زاری ئاشتی هەورامی وەزیری وزە و سامانە سروشتییەكانی هەرێمی كوردستان دووپاتكرایەوە كاتێك بە ڕۆژنامەی زە میدڵ ئیست-ی ڕاگەیاند: «دەمانەوێ ڕۆژانە ١ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێكدا لەماوەی پێنج ساڵی داهاتوو بەرهەم بهێنین و لەبواری پاڵاوتنیشدا پشت بەخۆمان ببەستین».

## شێوازی بۆندەكان و كاركردنی كۆمپانیاكان لەعێراق

كاتێك نەوت لەعێراق دۆزرایەوە و ئەمریكا هاتە نێو پرۆسەكەوە،

سەرەتا کار بە بۆندی (مبدأ مناصفە الارباح) دەکرا و کۆمپانیا بیانییەکان ئاراستەکانی خەڵك و ڕای گشتیان بەلاوە نابوو. بۆیە کاتێك ئیبراهیم خانی دەلۆ و ڕەشید عالی گەیلانی شۆڕش بەرپا دەکەن، بارودۆخەکە دەگۆڕێت و ناچارن کە خەڵکی عێراق بە هەند وەربگرن. شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ قانوونی ژمارە ٩٠ ی دەرکرد و بەپێی ئەو قانوونە کۆمپانیا بیانییەکان بۆیان نەبوو لەو شوێنانە کار بەکەن کە پێشتر کاریان تێدا نەکردبوو، تا لەساڵی ١٩٨٠ دا نرخی نەوت بەرێژەیەکی بەرچاو دابەزی بۆ ٩ دۆلار، ئەمەش وایکرد کە وڵاتانی خاوەن نەوت زۆر زەرەرمەند ببن، بەمەش «شێوازی تەشریعی» نەما و گوتیان هەر وڵاتێك نەوتی تێدایە دەتوانن بەکاری بهێنن بۆ یارمەتیدانی وڵاتە زلهێزەکان بە پێی شێوازی بەشداریکردن (صیغة المشارکة). لەساڵی ١٩٧٣ ئەو شێوازەش گۆڕا، بەتایبەت کاتێك وڵاتانی خاوەن نەوت و لەنێویشیاندا وڵاتە عەرەبییەکان نەوتیان وەك چەکێك دژی وڵاتە زلهێزەکان بەکارهێنا بە بیانوی ئەوەی ئەوان یارمەتی ئیسرائیل دەدەن، ئەمەش ڕەنگدانەوەی خراپی لێکەوتەوە و بە جۆرێك لە ساڵی ١٩٨٠ دا نرخی بەرمیلێك دۆلار هاتە خوار ٩ دۆلاری ئەمریکی.

سەبارەت بەکوردستانیش، تائێستا نازانرێ بۆندەکانی نەوت لەکوردستاندا چۆن کراوە، کە ئایا ئەو گرێبەستانە بەشێوازی بەشداریی (مشارکة) یان شێوازی خزمەت (خدمة) یان شێوازی بەڵێندەرایەتی (مقاولات) کراون. بەڵام پێویستە بگوترێ، کە سەرەتا بۆندە نەوتییەکان لەعێراقدا بۆندی ئیمتیاز بووە، بەڵام لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ ەوە وەزارەتی نەوت لیژنەیەکی باڵای پێکهێنا بۆ لێکۆڵینەوەی لە سیاسەت و باری نەوت لە وڵاتدا بە مەبەستی دانانی ستراتیژێك لەماوەی نێوان ساڵانی ٢٠٠٥- ٢٠١٤ و لە یەکێك لە بڕگەکاندا بۆندی بەشداربوون لە بەرهەمدا (عقد مشارکة الانتاج)ی پەسەندکردووە، لەبەرئەوەی کۆمپانیا نەوتییەکان نایەنە شوێنێك کە باری ئاسایش و سەقامگیری و ئابووری تۆکمە نەبێت، بۆیە دەبێت بەهۆی ئەم جۆرە بۆندەوە هان بدرێن تا بێن لە عێراق کار و وەبەرهێنان بکەن، هەرێمی کوردستانیش وەك بەشێك لەعێراق دەتوانێ لەسەر ئەو شێوازە بۆندانەکانی بکات کە لەوڵاتانی لیبیا و سوریاش کاری پێدەکرێت و هیچ کێشەیەکیش لەئارادا نییە. بەڵام ئێستا بەپێی لێدوانی شەهرستانی بۆ کەناڵی ئەلجەزیرە بۆندەکانی حکوومەتی ناوەندی بۆندی خزمەتگوزارین (عقد خدمة) نەك بۆندی (مشارکة).

## بۆندەکانی وەزارەتی نەوتی عێراق نا قانوونین و نیشانەی لاوازی ڕۆڵی چاودێریی پەرلەمانی عێراق دەگەیەنێت

دوای ئەوەی هەواڵی ئەوە بڵاوبۆوە کە وەزارەتی نەوتی عێراق بۆندێکی لەگەڵ هەریەك لە کۆمپانیای شیلی هۆڵەندی بۆ بەرهەمهێنانی غاز و کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی چینی بۆ پەرەپێدانی کێڵگە نەوتییەکانی (ئەحدەب) لە پارێزگای کوت مۆرکرد، لە کاردانەوەیەکدا گەورە پسپۆری بواری ئابووری عێراق عیسام چەلەبی داوای لە وەزارەتی نەوت کرد بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم دوو گرێبەستە بگەڕێتەوە پەرلەمان، چونکە لە بڕگەیەکی قانوونیدا هاتووە کە مۆرکردنی ئەم دوو بۆندە ڕێك پێچەوانەی دەستوورە. جگە لەوە لە سەردەمی ڕژێمی سەددام ساڵی ١٩٩٧ لەگەڵ کۆمپانیا چینییەکە ڕێککەوتننامەی (مشارکە)ی مۆرکردووە. بەڵام بەپرسانی وەزارەتی نەوت دوای دانوستان لەگەڵ چینییەکان توانییان بۆندەکە لە بۆندی بەشدارییەوە بگۆڕن بۆ بۆندی خزمەتگوزاری (خدمة). بەپێی بۆندی خدمە کۆمپانیا چینییەکە بۆی هەیە لەقۆناخی بەرهەمهێنان، لەفرۆشتنی هەر بەرمیلێك نەوت ٧ دۆلاری پێ بدرێت و ئەو برەش گۆڕانی بەسەردا نایەت تەنانەت ئەگەر نرخی بەرمیلێك نەوت بچێتە سەرووی ٤٠٠ دۆلاریشەوە.

لەلایەکی دیکەوە، د. مەحمود عوسمان ئەندامی پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند کە حکوومەتی مالیکی بۆ بەدەستهێنانی پشتگیری وڵاتانی عەرەبی نەوت بە نرخێکی هەرزان دەفرۆشێتە وڵاتە عەرەبییەکان، هەروەك هەفتەی ڕابردوو چەند بۆندێکی لەگەڵ کۆمپانیا میسرییەکان ئیمزا کرد. د. مەحمود پێیوایە ئەو بۆندانە شەرعییەتیان نییە، لەبەرئەوەی نەوت سامانێکی نیشتمانییە و پێویستە بە نرخێکی ستانداردی جیهانی بفرۆشرێت، هەر بۆیە ئیمزاکردنی ئەو گرێبەستانە نیشانەی لاوازی ڕۆڵی چاودێریی پەرلەمانی عێراق دەگەیەنێت.



## گەڵاڵەنامەی قانوونی نەوت و غاز لە ئەنجوومەنی شوورا دەستکاری کرا

کاتێك لە ٢٠٠٧/١/١٥ ڕاگەیەنرا کە دوا گەڵاڵەنامەی قانوونی نەوت و غاز ڕەزامەندی لەسەر دراوە و نێردراوە بۆ پەرلەمانی عێراق. پرۆژە قانوونەکە لەلایەن ١١ ئەندامی لیژنەی نەوت و غاز پێداچوونەوەی بۆ کرا و لە ٢٠٠٧/١/١٩ ڕاگەیەنرا کە دوا گەڵاڵەنامە پەسندکراوە و ڕەوانەی پەرلەمانی عێراق دەکرێت. دواتریش لەسەر ناڕازیبوونی لایەنەکان گفتوگۆ لەبارەی ڕەشنووسی نوێ ٦ هەفتەی خایاند و لە ٢٠٠٧/٢/٢٦ کۆتاییهات و لەلایەن حکوومەتەوە پەسندکرا. بەڵام حکوومەتی هەرێم لەسەر هەموو بڕگە و ماددەکانی ڕازی نەبوو و ڕژد بوو لەسەر ئەوەی کە کە قانوونەکە پێویستە بە وردی ڕۆڵی کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی عێراق (INOC) و ئەو کێڵگە نەوتییانە دیاری بکات کە دەکەوێتە ژێر چاودێری کۆمپانیاکەوە. لەبەرئەوە هەرێم دەخوازێت قانوونێکی وردی دابەشکردنی داهاتەکان بەپێی دەستوور گەڵاڵە بکرێت. بەڵام قانوونی INOC لەلایەن لیژنەیەکی پێکهێنراوی گرێدراوی وەزارەتی نەوتەوە نووسراوەتەوە، کە پێیانوایە کۆمپانیای بیانی دێت بۆ عێراق «بۆ دزینی نەوتی ئەو وڵاتە»، نایانەوێ گوێیان لە ڕێککەوتننامەی بەشداریکردنی بەرهەمەوە بێت. بڕیاریانداوە زۆرینەی کێڵگە نەوتییەکان، ٩٣٪ی عەمباری نەوت بدرێتە INOC. بەڵام هەروەك وەزیری سامانە سروشتییەکانی حکوومەتی هەرێم ڕایگەیاند: «ئەگەر ٩٣٪ بدرێت بە INOC ئەی تۆ وەك چی بە من دەدەیت، ئەوکاتە پێویست بە قانوونی نەوت و غاز نابێت، ئەمانە هەموویان ڕەتدەکرێنەوە».

دوای ئەوەی دەسەڵاتدارانی هەرێم بۆ دوو هەفتەی دیکە گفتوگۆیان کرد لە بارەی مەسەلەی بەشداریکردن لە داهاتەوە. لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ ڕەزامەندی درا لەسەر هەموو داهاتەکان،

لەوانە داهاتەکانی هەرێمی کوردستان هەمووی دەچێتە یەك سندووقەوە. حکومەتی ناوەندی داهاتەکانی خۆی لەوەی پێی دەڵێت خەرجییەکانی موحاکەمە و سەروەری، وەك خەرجی کاروباری دەرەوە، بەرگری ساڵانە و بودجە لەلایەن پەرلەمانەوە ئەرێ دەکرێت، دەبات. هەرێمی کوردستانیش بەشی خۆی لە ١٧٪ دەبات، ئەوەشی دەمێنێتەوە لەلایەن دەسەڵاتدارانی ناوەندەوە بەڕێوە دەبرێت و دەچێت بۆ هەرێمەکانی دیکە ئەگەر کۆماری فیدراڵی لە عێراق پێکبهێنرێت و هەرێمی دیکە دروست بکرێت. بەڵام ناکۆکییەکی دیکە سەریهەڵدایەوە کاتێك ڕەشنووسی نەوت و غاز ڕەوانەی ئەنجوومەنی شوورا کرا کە لە پسپۆرانی وەزارەتی داد پێکهاتووە، بەو پاساوەی کە قانوونەکە لەگەڵ ڕۆحی دەستوور یەکانگیر نییە، گۆڕانکاری لە ڕەشنووسەکەدا کرد. بەشێوەیەك چەند لاپەڕەیەك لە ڕەشنووسی قانوونەکە لابرا و ڕۆڵ و سەلاحیاتەکانی هەرێمی کوردستان کەنارگیرکران و، گفتوگۆ لەبارەی قانوونی INOC وە کرا.



هەرچەندە سەرکردایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادە بوو چارەسەرێکی مامناوەندی لەسەر بنەمای پێکەوەسازان (توافق) قەبووڵ بکات، لەگەڵ پێکهێنانی ئەنجوومەنێکی نەوت و غاز بۆ پێداچوونەوە بە بۆندەکانی هەرێمی کوردستاندا، بەڵام هەرێم قانوونێك دەخوازێت کە ڕێز لە بنەماکانی دەستووری عێراق بگرێت، هەروەك ماددەی ١١٢ ی دەستووریش جەخت لەوە دەکاتەوە کە نابێت بە تەنها لە بەغداوە بڕیار بدرێت. ئەگەر کێڵگە نەوتییەکان کەوتنە کوردستان، کێڵگەیەکی نوێ ئەوا هەرێم بۆندی لەبارەوە دەکات، ئەگەریش کێڵگەکانی کۆن بێت دەدرێت بە INOC، کوردیش شەریکە لە ئیدارەکردنی.

بەشێوەیەکی بنەڕەتی حکومەتی هەرێم دەخوازێت مافی واژۆکردنی بۆندی دۆزینەوە و سودلێوەرگرتنی کێڵگەی نوێی نەوتی هەبێت. بۆ ئەمەش کێڵگە کۆنەکانی بە جێهێشتووە بۆ حکومەتی ناوەندی، لەکاتێکدا بەغدا دەیەوێت کۆنترۆڵی هەموو بۆندەکانی ڕووپێوکردن و سەرپەرشتیکردن و گەشەپێدان بکەن. ئەمەش سیاسەتێکی ئاشکرایە کە بەغدا نایەوێ لەکوردستان گەشە بە پیشەسازی نەوت لەکوردستان بدات.



### دادگای باڵای فیدراڵی
### ناتوانێ بۆندە نەوتییەکانی هەرێم ڕەت بکاتەوە

ماددەی ٤٧ی گەڵاڵەنامەی قانوونی نەوت و غازی عێراق، مافی ئەوە بە بەغدا دەدات کە لەدادگای باڵای فیدراڵی، لەسەر بۆندە نەوتییەکان سکاڵا لەدژی هەرێمی کوردستان تۆمار بکات، ئەگەر هاتوو ناشەرعی بوون، لەبەرامبەریشدا لایەنی کوردستانی پابەندە بەبڕیاری دادگای فیدراڵی، ئەگەر بڕیاری ئەوەیدا کە ئەم بۆندان قانوونی نین.

جێی باسە، ماددەی ١١٠ی دەستووری عێراق باسی سەلاحیاتی تایبەت دەکات و لەو سەلاحیاتانەش نەوت و غازی تێدا نییە، بۆیە حکوومەتی هەرێم مافی خۆیەتی قانوونێکی تایبەت بە نەوت و غاز دابنێت لەبەرئەوەی سیستمی سیاسیی عێراق دەسەڵاتی لامەرکەزییە، بۆیە هەرێم دەسەڵاتی هەیە مامەڵە بە سەرچاوە سروشتیەکانەوە بکات. لەم سۆنگەیەوە پرۆژە قانوونی نەوت و غازی هەرێمی کوردستان لەژێر ڕۆشنایی دەستووری عێراقدا دەرچووە، بەتایبەتیش لە ماددەکانی ١١١، ١١٢ و ١١٥. بە گوێرەی ئەو ماددانە نەوت و غاز موڵکی هەموو گەلانی عێراقە و ستراتیژییەتی بەڕێوەبردنی نەوت و غاز ئیدارەیەکی موشتەرەکە لەنێوان هەرێم و ناوەند یان لەنێوان دوو پارێزگادا بەگوێرەی ژمارەی دانیشتوانی هەر پارێزگایەك، دەبێ مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، سەرەڕای ئەوەی کە پێویستە شوێنە زەرەرمەندەکانیش لە داهاتی ئەو بەرهەمەدا ڕەچاو بکرێت و قەرەبوو بکرێنەوە. لەکاتێدا لەڕووی قانوونییەوە بۆندەکانی حکومەتی هەرێم لەگەڵ ڕۆحی دەستوور یەکدەگرێتەوە، بۆیە لێدوانەکانی بەرێز شەهرستانی کودەتایەکە لەسەر دەستووری عێراق، چونکە دەستوور دەسەڵاتەکانی هەرێم و ناوەندی دیاریکردووە و ڕێگەی بە هەرێمەکان داوە بۆندی وەبەرهێنانی نەوت واژۆ بکەن. هەر بۆیە تا قانوونی نەوت و غاز دەرنەچێت، دادگای فیدراڵی ناتوانێت گرێبەستەکانی هەرێم ڕەت بکاتەوە، چونکە تائێستا قانوونی نەوت و غاز دەرنەچووە و پەرلەمانی عێراق دەنگی لەسەر نەداوە.

### ماڵیکی و شەهرستانی بە نیازن ماددەی ١٤١ و ١١٥ هەموار بکەن

بڕیارە لەم هەفتەیەدا ترافیکێکی ئاڵۆز لە نێوان هەولێر و بەغدا دەستپێبکاتەوە، دوای ئەوەی سەرکردایەتی کوردستان ڕاگەیاند سەردانی بەغدا دەکات. لەمبارەیەوە عاسم جیهاد گوتەبێژی فەرمی وەزارەتی نەوتی عێراق بۆ گوڵان ڕایگەیاند کە وەزارەتەکەیان چاوەڕێی هاتنی شاندی حکومەتی هەرێم بۆ بەغدا دەکەن بۆ ئەوەی بتوانن درێژە بە وتووێژەکان لەبارەی قانوونی نەوت و غاز بدەن، بەڵام لەسەر زەمینەی واقیعدا دوای سێ مانگ لە پێکهێنانی لیژنەیەکی باڵا لە بەرپرسانی دەسەڵات بۆ چارەسەرکردنی کێشەی بۆندە نەوتییەکانی کوردستان و پرۆژە قانوونی نەوت و غازی عێراق. لیژنەکە تاوەکو ئێستا هیچ کۆبوونەوەیەکی نەکردووە و ماڵیکی و شەهرستانیش تا گۆڕانکاری لە دەستووردا نەکرێت قانوونی نەوت و غاز نانێرنە پەرلەمان. لەبەرئەوە چاودێرانی سیاسیی پێیانوایە د. نوری ماڵیکی خۆی لە بەستنی ئەو کۆبوونەوانە دەدزێتەوە. ئەمەش بە پلانێکی ماڵیکی و شەهرستانی دادەنێن، کە ئامادەنین هیچ گەڵاڵەنامەیەکی قانوونی نەوت و غاز ببەنە پەرلەمانی عێراق، چونکە ئەگەر قانوونەکە ببرێتە پەرلەمان ئەوا بە پێی ماددەی ١٤١ی دەستووری عێراقی بۆندە نەوتییەکانی کوردستان شەرعین، لەبەرئەوە بە پێی ئەو ماددەیە هەموو ئەو قانوونانەی لە هەرێمی کوردستان دەچووە و کاری پێکراوە لە ساڵی ١٩٩٢ تاکو وادەی دەرچوونی دەستووری هەمیشەیی عێراق وەکو خۆی کاری پێدەکرێت. بەگوێرەی ماددەی ١١٥ش هەر قانوونێك لە بەغدا دەردەچێ ئەگەر پێشتر قانوونێك سەبارەت بە هەمان بابەت لە هەرێمێك دەرچووبێ ئەوا ڕای سەردەست بۆ قانوونی هەرێمەکە دەبێت

هەروەك دەگوترێ بەڕێز ماڵیکی و شەهرستانی لەو ئاڵوگۆڕانەی بە پێی ماددەی ١٤٢ لە پێداچوونەوەی بەندەکانی دەستووردا دەکرێت، بە نیازن ماددەی ١٤١ و ١١٥ هەموار بکەن و کەرتی نەوت بکەنە کەرتێکی سەنتراڵی و وەزارەتی نەوتیش بکەنە وەزارەتێکی سیادی، ئەمریکاش پشتگیری لە هەوڵەکانیان دەکات. هەر بۆیەش قانوونەکەیان تائێستا نەناردۆتە پەرلەمان. ئەو تابلۆیەش بۆمان دەردەخات، کە بەغدا ئیرادەیەکی جیددی نییە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە و لەم ڕووەوەش هەندێ لایەن وڵاتانی دراوسێ تۆمەتبار دەکەن بەوەی تەحەکوم بە بەغدا دەکەن و گوشاری بۆ دەهێنن. ئەمەش ڕێگای چارەسەری تەنگژەکان درێژتر دەکاتەوە.



### عاسم جیهاد گوتەبێژی فەرمی وەزارەتی نەوتی عێراقی فیدراڵ بۆ گوڵان:

# چاوەڕێی شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین بۆ بەغدا

**عێراق بە یەکێك لە وڵاتە پێشەنگەکانی دەوڵەمەند لە بواری سامانی نەوتی دادەنرێت لە جیهاندا و بڕی یەدەگی ئەم سامانە نەوتییە تیایدا لە نێوان (١٢٠-٢٠٠) ملیار بەرمیل دەخەملێنرێت، سـامانی نەوتی عێراق پێویسـتی بە پاراستن و پارێزگاری لێکردنی هەیە لە بوارەکانی بەرهەمهێنان و وەبەرهێنان و یەدەگکردنی، هەرچەندە پیشەسازی نەوت لەم وڵاتەدا بەر لە حەفتاساڵ دەستی پێکردووە، بەڵام سوودێکی ئەوتۆ لە داهات و گرنگی ئەم سامانە بۆ هاووڵاتییانی بەدەست نەهاتووە، ئەمەش بەهۆی سیاسـەتێکی چەوت و خراپ بەکارهێنانی دەستووری نوێی عێراق چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ سیاسەتی نەوتی داڕشتووە کە بەپێی ماددەکانی (١٠٩) و (١١٠) لە بەندی چوارەم داهاتووە: (نەوت و غاز موڵکی سەرجەم گەلی عێراقە لەگشت هەرێم و پارێزگاکان) بەڵام بەشێوەیەکی جیدی ئەم مادە دەستوورییانە نەکەوتوونەتە واری جێبەجێکردن یان لە پراکتیزە بوونیان دا جۆرێك لە کێشە و تەنگژە لە نێوان هەرێم و بەغدا دروست کردووە بەتایبەتیش سەبارەت بەو بۆندانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی یاسادا لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان ئەنجامی داوە، بۆ تیشك خستنە سەر ئەو لایەنانە و چەند پرسێکی تر تایبەت بە بواری نەوت و غاز، گوڵان پەیوەندی کرد بە (عاسم جیهاد) شارەزا لە بواری نەوت و گوتەبێژی فەرمی بەناوی وەزارەتی نەوتی عێراقی فیدراڵ و بەڕێزیان بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

**دەستپێکردنەوەی خولێکی نوێی گفتوگۆکان لەبارەی یاسای نەوت**

*** تا ئێستا ناکۆکییەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و وەزارەتی نەوت بەردەوامە سـەبارەت بە بۆنـدە نەوتییەکانی حکومەتی هەرێم و چـاوەڕێ دەکرێ لەم هەفتەیەدا سـەرکردایەتی کورد بۆ تاوتوێکردنی ئەم مەسـەلانە سەرکردانی بەغدا بکات، ئایا لەم بارەیەوە هیچ پەرەسەندنێك هەیە؟**

- بەو پێیەی وەزارەتی نەوت بەشـێکە لە پێکهاتەی حکومەتی عێراق، بۆیە هیواخوازین سـەرجەم لایەنەکان و پێکهاتە سیاسـییەکان لە وڵاتدا لەرێگەی گفتوگۆ ودانیشتن و راگۆڕینەوە بگەنە چارەسەرێکی گونجاو و بۆ بڕیاردان لەسـەر دەرکردنی بڕیارێکی نوێمان سـەبارەت بە نـەوت، ئێمە چاوەڕوانی هاتنی شـاندی هەرێمی کوردسـتان دەکەین بۆ بەغدا لـە پێناو دۆزینەوەی چارەسـەرێکی گونجاو لە نێوان پێکهاتە و لایەنە سیاسییەکان بۆ گەیشتن بە رێککەوتنێکی کۆتایی و تەوافقی بۆ چارەسـەرکردنی کێشەکانی تایبەت بە نەوت. ئێمە بڕوامان وایە کەوا چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە و کێشەکانی تریش لەچوارچێوەی پەرلەمانی عێراقدا دەبێت چونکە ئەوکات بەپێی یاسـا ئەرك و سـەلاحییەتی بەکارهێنانی نەوت بۆ گشت لایەك دیاری دەکرێت. هەروەها ئـەرك و مەهامـی وەزارەتی نەوت و کۆمپانیای نەوت بەپێی یاسـا دیاری دەکرێت کەوا بڕیارە لە دوای دەرچوونی یاسای نەوت و گاز ئەو کۆمپانیایەش دروسـت بکرێتەوە، دواتر سـەلاحییەتی ئەنجومەنی ئیتیحادی نەوت و غاز لەگـەڵ ئەرك و بەرپرسـیاریەتی بۆ پارێزگا و هەرێمـەکان دیاری دەکرێت، هەرکاتێك ئەم بڕیارە بەرێککەتن و تەوافوق لە نێوان لایەنەکان دەسـتەبەرکراوە و بەرژەوەنـدی باڵای هاووڵاتییـان لەسـەرووی بەرژەوەندییەکانی تر دانرا ویاسـایەکی نوێ گەڵاڵە کرا، ئێمە لە وەزارەتی نەوت پێشـوازی لێدەکەین و ئێمە لایەنی جێبەجێکار دەبین. پێویسـتمان بە یاسـایەکی پتەو و پێشکەوتوو و هەیە. وەك پێشـتر ئاماژەم پێدا، ئێمە لـە وەزارەتی نەوت لە بەغدا لەگەڵ هەبوونی یاسایەکی پێشـکەوتوو و پتەوداین کە لە بەرژەوەندی هەموو لایەك دابێت و ئامانجی پێشخستنی سامان و پیشەسازی نەوت و غاز بێت لە وڵاتدا، هەروەها یاسایەك کەوەبەرهێنانێکی ژیرانە بکات و بەرپرسیاریەتی گشت لایەك لەبەرچاو بگرێت، کاتێك کە ئەوجۆرە یاسایەش

داڕێژراو کاری پێکراو بێگومان گشت کێشەکانیش چارەسەر دەبن، بۆیە پێویستە لایەنەکان کۆببنەوە و ڕێك بکەون، هەروەك چۆن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان گەیشتینە چارەسەرێکی گونجاو و پێمان وایە بە هەمان شێوەش بۆ یاسای نەوت و غاز بەهەمان شێوە دەتوانین بگەینە چارەسەرێکی تەوافقی کە لە بەرژەوەندی گشتی دابێت، نەوەك لە خزمەتی کۆمەڵێك یان لایەنێك یاخود حزبێك بێت، بەپێچەوانەوە پێویستە کار بۆ دەرچوونی یاسایەك بکەین سەردەمیانە بێت لە پێناو دوارۆژی عێراق و پەرەپێدانی ئەم سامانە نیشتمانییەمان.

**دواکەوتن لە پرۆژەی یاسای نەوت و غاز زیانی گشتی بەدواوەیە..**

*** ئایا پێتوایە لە مەسەلەی نەوتیشدا هەمان سیناریۆی داڕشتنی یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان دووبارە ببێتەوە، کاتێك لە جیاتی دەستوور وەك مەرجەعی سەرەکی بینیمان تەوافقی سیاسی کێشەکانی یەکلاکردەوە؟**

- وەك پێشتر ئاماژەمان بۆی کرد کاتێك یاسایەکت هەبوو، پرۆژەیەك هەبوو بۆ وەبەرهێنان و بەکاربردنی پیشەسازی نەوت ئەو کاتە کێشە و گرفتت نابێت، بەڵکو مامەڵەی جیهانی و کۆمپانیا دیار و ناسراوەکانی جیهانی دێن و پشکداریت دەکەن، ئەوکاتە متمانە و دڵنیایی تەواو پەیدا دەبێ و کارەکان یاسایی دەبن، هیواخوازین دڵسۆزی و جیدییەت لای گشتی پێکهاتەکان بێتە ئاراوە نەوەك لایەك کار بۆ سەرخستنی پرۆژەکان بکات و لایەنەکانی تریش کێشە دروست بکەن و هاوکار نەبن، چونکە هەردواکەوتنێك لە دەرچوونی یاسای نەوت و غاز زیان دەخاتە سەر بەرژەوەندی گشتی و کاریگەری خراپ بۆ سەر داهات و بەروبوومی وڵات دادەنێت، کە ئەم کێشانەش وەلانران ئەو کاتە دڵنیایی جیهان بەدەست دەهێنی و بەبێ ترس و دوو دڵی کۆمپانیا نەوتییەکان دێن و بۆندی درێژخایەن لەگەڵ دامەزراوەکانی نەوتی عێراق مۆر دەکەن، چونکە یاسا حوکم دەکات و بەپێی یاسا پرۆژەی نەوت داڕێژراوە و لەسەر هەموو لایەك پێویستە ڕێز لەو یاسایە بگرێت چونکە ئەو یاسایە پشتیوانی و دڵنیاییت پێ دەبەخشێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کۆمپانیا جیهانییەکان، چونکە سامانی نەوتی موڵکی گشتی گەلانی عێراقە نەوەك حزب و لایەنێك.

**وەزارەتی نەوت کێشەی لەگەڵ هیچ کەس و لایەنێک نییە**
**لایەنە سیاییەکان کێشەکان یەکلایی ناکەنەوە**

*** دوای چەند مانگێك لە پێکهێنانی لیژنەیەکی باڵا لە بەرپرسانی دەسەڵات بۆ چارەسەرکردنی کێشەی بۆندە نەوتییەکانی کوردستان و پرۆژە قانوونی نەوت و غازی عێراق، لیژنەکە تا وەکو ئێستا هیچ کۆبوونەوەیەکی نەکردووە و مالیکی و شەهرستانیش تا گۆڕانکاری لە دەستووردا نەکرێت قانوونی نەوت و غاز نانێرنە پەرلەمان. تا چەند ئەو قسانە ڕاستە کە د. نوری مالیکی خۆی لە بەستنی ئەو کۆبوونەوانە دەدزێتەوە. ئایا ئەمە ڕێگای چارەسەری تەنگژەکان درێژتر ناکاتەوە؟ دەگوترێ بەڕێز مالیکی و شەهرستانی لەو ئاڵوگۆڕانەی بە پێی ماددەی ١٤٢ لە پێداچوونەوەی بەندەکانی دەستووردا دەکرێت، بە نیازن ماددەی ١٤١ و ١١٥ هەموار بکەن و کەرتی نەوت بکەنە کەرتێکی سەنترالی وەزارەتی نەوتیش بکەنە وەزارەتێکی سیادی. هەربۆیەش یاساکەیان تا ئێستا نەناردۆتە پەرلەمان؟**

- ئێمە لە وەزارەتی نەوتی عێراقی ڕێز لە بۆچوونی هەموو لایەك دەگرین و نابینە تەرەف لە کێشەی نێوان پێکهاتە سیاسییەکان، سەبارەت بەو لیژنەیەی کە بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی تایبەت بە نەوت و غاز پێکهاتبوو و کارەکانی خۆیانیان نەکردووە و دواکەوتوون ئەوا بەرپرسیاریەتییەکە لە ئەستۆی خۆیان دایە و وەزارەتی نەوتی عێراقی لێی بەرپرسیار نییە، بەپێچەوانەوە، ئێمە چاوەڕوان دەکەین هێز و لایەنە سیاسییەکانی ناو پەرلەمانی عێراق بە زووترین کات بگەنە ڕێککەوتنێکی گونجاو و تەوافوقی بۆ داڕشتنەوەی یاسای نەوت و غاز چونکە ئەو بەرپرسیارێتییە مێژووییە لە ئەستۆی ئەندامانی پەرلەمان دایە بۆ ساغکردنەوەی پرۆژە بڕیارەکان لەسەرووشیانەوە پرۆژە بڕیاری نەوت و غاز، چونکە عێراق بەشێوەیەکی بنەڕەتی ئیعتیماد لەسەر واریداتی ئەم سامانە سروشتییە دەکات، لەسەر لایەنی یاسادانان واتە پەرلەمان پێویستە پەلە بکات لە دەرکردن و تەوافوقکردن لەسەر یاساکە و وەزارەتی نەوتیش لایەنی جێبەجێکار دەبێت بۆ کارەکان، ئەم کاتە وەزارەت هەوڵ دەدات ڕێژەی بەرهەمهێنان و هەناردەکان زیاد بکات و داهاتێکی زۆر بۆ وڵات مسۆگەر بکات. بە جۆرێك کە خزمەتی لایەنی بژێوی هاووڵاتییان بکات و پەرە بە تەکنەلۆژیای پیشەسازی نەوتی بدات و هانی وەبەرهێنانی زیاتر بدات.

**لەبەڕێوەبردنی کارەکانمان فشاری دەرەکی بەدی ناکەین، بەڵام ناحەزمان زۆرە**

*** دەگوترێ لە دواکەوتنی پرۆژە قانونی نەوت و غازدا بەغدا لەژێر گوشاری ئەمریکا و وڵاتانی دراوسێ دایە، ئایا هیچ لایەنێك لەم ڕووەوە تەحەکوم بە بەغدا دەکات؟**

- ئەم کێشە کێشەیەکی عێراقییە، کێشەکەش بەدەستی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقە، هەرکاتێك ئەوان بە گیانێکی نیشتمانپەروەری و دڵسۆزی و جدی هەڵسوکەوت و مامەڵەیان کرد لەگەڵ ئەو کێشەیە لە ژێر چەتری پەرلەماندا و هێز و لایەنە سیاسییەکان گەیشتنە ڕێککەوتنێکی تەوافقی ئەوکاتە کێشەکان نامێنن، هەرچەندە زۆر کەس و لایەن هەن حەز ناکەن وڵاتەکەمان پێشکەوتوو بێت، نایانەوێت لەم وڵاتەدا ئارامی و گەشەپێدان هەبێت سەروەت و سامانێکی زۆر لەعێراقدا بەدی دەکرێت و بوونی هەیە، بۆیە زۆر لایەن هەن چاویان بڕیوەتەوە ئەو سامانانە و ناهێڵن گەشەی پێ بدرێت، لە بەرامبەریشدا خەڵکانی تر هەن ئارەزووی خۆشی و تەناهی دەکەن بۆ وڵاتەکەمان، بەڵام ئایا دەبێت ئێمە چاوەڕوانی ئەو هێزو لایەنانە بین داخوا چیمان بۆ دەکەن و چی دەڵێین یاخود پێویستە خۆمان کاربکەین بۆ دەرچوونمان لەو کێشە و تەنگژانە، پێویستە پرسیار لەخۆمان بکەین چیمان کردووە و بە نیازین چی بکەین ئەگەر فشار هەبێت یاخود نا، بۆ سەلماندنی ڕاستی ئەم قسانەشمان ئێمە لە وەزارەتی نەوت یەکەم بۆندی نەوتی واژۆمان کرد لە دوای ڕووخانی ڕژێم لەگەڵ کۆمپانیایەکی (چینی) بوو دواتر لەگەڵ کۆمپانیایەکی هۆڵەندی و دواتر لەگەڵ چەندان کۆمپانیای ئەوروپایی و ئەوانی تر، بەڵام تاوەکو ئێستا یەك گرێ بەستمان لەگەڵ کۆمپانیا ئەمەریکییەکان واژۆ نەکردووە، بۆیە پێویستیش دەکات پەلە بکرێن لە دەرچوونی پرۆژ یاسای نەوت و غاز لە چوارچێوەی دەستووری عێراقی و لەناو پەرلەماندا.

*** ئایا سەبارەت بە چارەنووسی بۆندە نەوتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەو کێشەیە دەچێتە دادگای باڵای فیدراڵی و کەی یەکلا دەکرێتەوە؟**

- سەبارەت بەم لایەنەش هیوادارین ڕێگە چارەی گونجاو و یاسایی بۆ ئەم لایەنەش بدۆزرێتەوە لە ڕێگەی دانیشتن و گفتوگۆ و لێکگەیشتن و ڕێککەوتن، لێرەدا من لەسەر زاری وەزیری نەوتی عێراقی چەند خاڵێك ڕوون دەکەمەوە کە دەڵێت (هەر بۆندێکی نەوتی و هەر ڕێککەوتنێك لە دەرەوەی حکومەتی ناوەند و وەزارەتی نەوت لە بەغدا ئەنجام بدرێت نایاساییە) هەروەها خاڵی دووەم وەك ئەوەی لە دەستوور هاتووە دەڵێت (هەر ڕێککەوتن و بۆندێك لەگەڵ کۆمپانیاکان ئەنجام بدرێت لەلایەن هەرکەس و لایەنێك بێت بۆ نموونە هەرێم، پێویستە بە ئاگاداری و هەماهەنگی بێت لەگەڵ ناوەند ئەنجام درابێت)، کەواتە لێرەدا کێشە هەیە و پێویستە چارەسەر بکرێن، وەك چۆن کێشە لەبارەی یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان هەبوو بەم جۆرەش بیروبۆچوونی جیاواز دەربارەی پرۆژە یاسای نەوت و غاز و بۆندییەکانیش هەیە، کەواتە مادام کێشە هەیە پێویستە چارەسەریش هەبێت و بەڕای ئێمە ئەم کێشانەش شیاوی چارەسەرکردنن بەتایبەت لەنێوخۆی وڵاتدا، من دەتوانم بڵێم ئێمە لە وەزارەتی نەوت گەشبینین بە چارەسەرکردن و دوارۆژی وڵاتەکەمان، بەڵام ئەوە میدیا و ڕۆژنامەکانن کەوا کێشەکان وا گەورە دەکەن و خاڵە ناکۆکەکان زیاتر لە قەبارەی خۆیان زەق دەکەنەوە کە لە بنەڕەتدا بەم ئەندازەیە نییە چونکە ئێمە خاوەن دەستوور و پەرلەمانین کە دەتوانین کێشەکانمانی تیایدا ساغ بکەینەوە.

**من لەسەر زاری وەزیری نەوتی عێراقی چەند خاڵێک ڕوون دەکەمەوە کە دەڵێت (هەر بۆندێکی نەوتی و هەر ڕێککەوتنێک لە دەرەوەی حکومەتی ناوەند و وەزارەتی نەوت لە بەغدا ئەنجام بدرێت نایاساییە) هەروەها خاڵی دووەم وەک ئەوەی لە دەستوور هاتووە دەڵێت (هەر ڕێککەوتن و بۆندێک لەگەڵ کۆمپانیاکان ئەنجام بدرێت لەلایەن هەرکەس و لایەنێک بێت بۆ نموونە هەرێم، پێویستە بە ئاگاداری و هەماهەنگی بێت لەگەڵ ناوەند ئەنجام درابێت)**



# ئەگەر تورکیا دەیەوێت کێشەکە چارەسەر بکرێت

## دەبێت بە ئیجابیانە وەڵامی پەیامەکەی حکومەتی کوردستان بداتەوە

لێدوانی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی پەکەکە و تورکیا، لێدوانێکی راشکاوانە و بوێرانەیە، نەك هەر لەسەر ئاستی جیهان وەك خیتابێکی مۆدیرن بۆ بەڕێوەبردنی تەنگژەکان و چارەسەرکردنی کێشەکان پێشوازی لێدەکرێت .

بوڵنت کیناش سەرنوسەری زەمان تودەی تورکیا کە بۆ ئەم راپۆرتە تایبەت بە گوڵان قسەی کردووە، سەبارەت بەم پەیامەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بۆ تورکیا، راشکاوانە ئەوەی پێڕاگەیاندین کە لەسەر ئاستی رەسمی و جەماوەری تورکیا پێشوازی لێکراوە .

ئێمە لە هەرێمی کوردستان خۆشحالین بەوەی بەڕێز کیناش پێی راگەیاندین، بەڵام پێویستە ئەم پێشوازییە رەسمی و جەماوەرییە بکەوێتە واری کرداری و حکومەتی تورکیاش بوویرانە هەنگاو هەڵبگرێت و دەرگای وتوێژ لەگەڵ حکومەتی کوردستان بکاتەوە.

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی هیچ تەموڵێڵیەکی لەکەم مەسەلەیەدا نەهێشتەوە ، بوێرانە ئامادەباشی خۆی دەربڕی بۆ ئەوەی هاوکاربێت لە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەدا، ئەمەش جاری یەکەم نییە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بە لۆژیکێکی سەردەمیانە لە بەریوەبردنی تەنگژەکان و دۆزینەوەی رێگە چارە بۆ چارەسەرکردنیان بوێرانە دێتە مەیدان و دوا لە تورکیادا، فەرموون ئەگەر ئێوە مەبەستانە کێشەکە چارەسەر بکەن، وەرنە پێشەوە با هاوکاریتان بکەین، بەڵام دەبێت پێش دەست بەکاری هاوبەش بکرێت چەند خاڵێك لەبەر چاو بگیرێت و هەردوولاش لەبەر چاوی بگرن:

١. تورکیا دەبێت بەوە رازی بێت بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە راستەوخۆ دیالۆگ و وتوێژ لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەگشتی و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی دەست پێبکات.

٢. تورکیا دەبێت هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێکی فیدراڵ لە چوارچێوەی دەستوری عێراقدا بناسێت و رێز لە دەستوری عێراق بگرێت کەوەك هەرێمێکی فیدرالی و شەرعی دانی پێداناوە، ئەگەر تورکیا لەبەر هەر هۆیەك خۆی لەم دانپیدانانە دەدزێتەوە، ئەوا بێگومان مانای وایە رێز لەو دەستورە ناگرێت کە عێراقیەکان دەنگیان پێداوە و رەنگدانەوەی ئیرادەی عێراقیەکانە .

٣. تورکیا ئەگەر ئەم ئامادەباشیە پیشان نەدا، ناتوانێت هەرێمی کوردستان بە کەمتەرخەم لەسەر مەسەلەی پەکەکە و کێشە

ئەمنیەکانی سنوری نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستان تۆمەتبار بکات، هەروەها ئەگەر دانوستاندنی راستەوخۆ دەست پێنەکات، ئێمەش وەك هەرێمی کوردستان لەوە تێناگەین تورکیا دەیەوێت چۆن هاوکاری بکەین .

٤. تورکیا ئەگەر نایەوێت خۆی لە چارەسەرکردنی کێشەکە بدزێتەوە، باش دەزانێت کە پەنابردن بۆ بەکارهێنانی هێز کێشەکە ئاڵۆزتر دەکات، چارەسەری ناکات، تورکیا نزیکەی چارەکە سەدەیەکە رێگەی سەربازی بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە تاقیدەکاتەوە، ئەگەر ئەم رێگەیە سوودی هەبوایە ئاکامێکی دەبوو، بەڵام لە هەر چاودێرێکی سیاسیی بپرسیت، راشکاوانە دەڵێت ئێستای ئەم کێشەیە لە ٢٥ ساڵ لەمەو پێش ئاڵۆزترە، لەلایەکی دیکە ئەگەر رێگە چارەی سەربازی چارەسەرە، تورکیا ئەو دەوڵەتە بەهێزەیە دەتوانێ کە لەیەك کاتدا چەندین بەرەی شەڕی گەورەی دەوڵەتی بەرێوەبەرێت و زیاتر لە ٥٠ ساڵە ئەندامی ناتۆیە و ئەو دەوڵەتەیە هەموو رۆژئاوا بۆ ئیحتیواکردنی مەدی شیوعیەت پشتی پێبەستووە، هەربۆیە تورکیا ئەوەندە بێهێز نییە پێویستی بە هێزی سەربازی نەك کوردستان تەنانەت عێراقیش بێت، ئەو توانایەی هەیە تەنها رێگە چارەی سەربازی ببێت، بە رێگەی سەربازی کێشەکە چارەسەر بکات .

٥. بەرێز نێچیرڤان بارزانی ساڵی پاریش کە هەموو سوپا و حکومەت و دەوڵەتی تورکیا سەرقاڵی ئەوەبوون کە تیشکی سەوز لە ئەمەریکا وەربگرن بۆ ئەوەی بە شێوازی سەربازی ئەم کێشەیە چارەسەر بکەن، پشتگیری ئەو پێشنیارەی ئەمەریکای کرد کە هەرێمی کوردستان ئامادەیە بە دانیشتنی ٣ قۆڵی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان و ئەمەریکا، هەروەها بە دانیشتنی ٤ قۆڵی نێوان تورکیا و عێراق و هەرێمی کوردستان و ئەمەریکاش رازییە، کە بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە کۆببنەوە و چارەسەرێکی سیاسیانەی بۆ بدۆزرێتەوە، بەڵام بەداخەوە تورکیا رازی نەبوو، دواتریش تورکیا کەهەر سور بوو لەسەر هێرشی سەربازی جارێکی دیکە سەرۆکی حکومەتی کوردستان لە وتارێکیدا کە لە واشنتۆن پۆست بڵاویکردەوە هەموو لایەکی لەوە ئاگادار کردەوە کە پەنابردن بۆ رێگە چارەی سەربازی کێشەکە چارەسەر ناکات و هەرێمی کوردستان ئامادەیە بۆ چارەسەری سیاسی و ئاشتیانە هەموو هاریکار یەك پێشکەش بکات .

## رای گشتی تورکیا و چەواشەی راگەیاندنەکانی تورکیا

ئەوانەی لە ئەنکەرەو ئەستەنبوڵەوە گوێبیستی هەواڵەکان لە شاشەی تەلەفزیونەکان وماڵپەری رۆژنامەکانەوە دەبن، رووبەکی چەواشەکارانەی واقیعەکەیان پیشاندەرێت و بەو شێوەیە دەخرێتە بەرچاویان کە چەکدارەکانی پەکەکە لە ئۆتێلە پێنج ئەستێرەییەکانی هەرێمی کوردستان دانیشتوون و کەی تاقەتیان بوو بە ئوتومبێلەکانی هەرێمی کوردستان دەچنە ناو تورکیا چالاکی خۆیان ئەنجامدەدەن و بەهەمان ئوتومبیلیش دەگەرێنەوە هەرێمی کوردستان، بۆ ئەم راپۆرتە لەگەڵ مستەفا قەرەئۆغلۆ قسەمان کرد .، کەیەکێکە لەو رۆژنامەنوسانەی لە دەسەڵاتی تورکیا نزیکە، هەستمان بەم بیروبۆچوونە کرد، ئۆغلۆ راشکاوانە بەبێ ئەوەی هیچ خۆی تێکبدات پێمان دەڵێت هەرێمی کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی بارزانیدایە و بارزانی دەتوانێت بە ئاسانی رێگریان بکات، ئێمە لە بۆچوونە ناهەقی هاوڵاتییەکی ئاسایی ئەنکەرا و ئەستەنبوڵ ناگرین کەنەزانن باردۆخەکە چۆنە و تەنانەت نەشزانن تۆپۆگرافیای سنوری نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا چۆنە، هەروەك چۆن بۆهاوڵاتیانی ئێمەش ئاساییە نەزانن تۆپۆگرافیای سنوری نێوان تورکیا و ئازربایجان یان ئەرمەنستان چۆنە، بەڵام بۆ رۆژنامەنوسێك کەوەك چاودێرێکی باردۆخەکە قسە دەکات و رێگە چارە بۆ کێشەکان دیاری دەکات، کارەساتە نەزانێت سروشتی تۆپۆگرافیای ئەو ناوچە سنورییە چۆنە کە ئەو کێشە گەورەیەی تیا روودەدات، بێگومان کارەساتەکە گەورەتر دەبێت ئەگەر بیزانێت و راستییەکان لە هاوڵاتیانی خۆی بشارێتەوە.

هەقە حکومەتی تورکیا ئەگەر مەبەستێتی کێشەکە چارەسەر بکرێت و تارادەیەك خۆشی لەژێر ئەو گوشارە رزگار بکات کە لەلایەن رای گشتیەوە دەکرێتە سەری سنورێك بۆ ئەو راگەیاندنە چەواشەکارییە دابنێت و هەوڵبدات واقیعەکە چۆنە بە هەمان شێوە بۆ رای گشتی بیگوازێتەوە .

هاوڵاتیانی ئاسایی تورکیا هەقیانە وا بیربکەنەوە کە ئەم کێشەیە بە رێگەی سەربازی دەتوانرێت چارەسەر بکرێت، لەبەر ئەوەی هەر لەسەرەتاوە وا فێرکراون، هێزی سەربازی دەتوانێت بەسەر هەموو کێشەیەکدا زاڵبێت، سوپای تورکیایە ئەو سوپایە دەتوانێت نەتەوەی تورکیا بگەیەنێتە ئەو ئاستەی لەسەرو هەموو نەتەوەکانی دیکەوە بێت و کەس نەتوانێت لە رووی رابوەستێت، هەربۆیە کاتێك چالاکیەکی پەکەکە دەبینن، یان چەند تەرمێکیان بۆ دەچێتەوە هەست دەکەن زوڵمیان لێکراوە و دەبێت سوپا ئامادەبێت ئەو زوڵمە لابەرێت.

ئەم حاڵەتە پێشتر لە زەمانی جەمال عەبدولناسردا لەمیسر بوونی هەبووە، راگەیاندنی عەرەبی بەجۆرێك رایگشتی عەرەبیان چەواشە کردبوو، کە سەرکردە عەرەبەکان لە هەموو کۆڕ و کۆنگرەیەکدا ٣ نەخێرەکەیان دووبارە دەکردەوە، تەنانەت گەیشتە ئەوەی ئەنوەر سادات هەنگاوی بۆ ئاشتی هەڵگرت کەچی تیرۆرکرا.

ئێستا کەسەیری باردۆخی رای گشتی تورکیا دەکەین هەست بە هەمان مەترسی دەکەین، بەڵام لەبەرامبەردا کەسەیری رای گشتی کوردستان دەکەین دەبینن حکومەتی کوردستان ئەو گوشارەی لەسەر نییە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە حکومەتی کوردستان بەو ئاراستەیە هاوڵاتیانی خۆی گۆشنەکردووە، کە خۆیان لەسەروو گەل و نەتەوەی دیکەوە سەیر بکەن، هەربۆیە کە بریار دەدات رووبەروی ئەو فشارە نابێتەوە کە حکومەتی ئەنقەرە رووبەرووی دەبێتەوە.

لەم راپۆرتەدا زیاتر هەوڵمانداوە لایەنی رای گشتی تورکیا بخەینە روو بۆ ئەوەی خوێنەرانی گوڵان لەوە ئاگاداربن کە لایەنی بەرامبەر چۆن سەیری ئەم کێشەیە دەکەن.

●●●

**تورکیا دەبێت بەوە رازی بێت بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە راستەوخۆ دیالۆگ و وتوێژ لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەگشتی و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی دەست پێبکات**

●●●

●●●

**تورکیا ئەگەر ئەم ئامادەباشیە پیشان نەدا، ناتوانێت هەرێمی کوردستان بە کەمتەرخەم لەسەر مەسەلەی پەکەکە و کێشە ئەمنیەکانی سنوری نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستان تۆمەتبار بکات**

●●●

●●●

**هاوڵاتیانی ئاسایی تورکیا هەقیانە وا بیربکەنەوە کە ئەم کێشەیە بە رێگەی سەربازی دەتوانرێت چارەسەر بکرێت، لەبەر ئەوەی هەر لەسەرەتاوە وا فێرکراون، هێزی سەربازی دەتوانێت بەسەر هەموو کێشەیەکدا زاڵبێت**

●●●

# لە سەر ئاستی رەسمی و جەماوەری

# لە تورکیا پێشوازی لە لێدوانەکەی نێچرڤان بارزانی کرا

**بوڵنت کیناش**
**سەرنوسەری رۆژنامەی زەمان تودەی تورکیا بۆ گوڵان:**

**بوڵنت کیناش سەرنوسەری رۆژنامەی تودەی زەمانی ئینگلیزییە لە تورکیا و یەکێکە لەو رۆژنامە گرنگانەی کە هاوشانی تورکیش ویکلی جۆرناڵ و تورکیش دەیلی نیوز بە زمانی ئینگلیزی لە تورکیا دەردەچێت، بەڕێز کیناش خۆشی یەکێکە لە نوسەرە دیارەکانی تورکیا و بەردەوام لە زەمان تودەی نوسینەکانی بڵاو دەکاتەوە و گەلێك جاریش نوسینەکانی لە رۆژنامەی زە گاردیانی بەریتانی بڵاو دەکاتەوە، بوڵنت کیناش لە وتارێکیدا کە هەفتەی رابردوو لە زەمان تودەی بڵاویکردۆتەوە بۆ چارەسەر کێشەی پەکەکە و دژە تیرۆ رێگە چارەی سەربازی بە سەرکەوتوو نازانێت و پێیوایە دەبێت ئەو کێشەیە سیاسیانە چارەسەر بکرێت .**

**بۆ بەدواداچوون و قسەکردن لەسەر ئەو ئاڵۆزیانەی لە چەند رۆژی رابردوو لەسەر کێشەی پەکەکە لە نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان دروستبۆتەوە، پەیوەندیمان بە بوڵنت کیناش کرد و لە گفتوگۆیەکی تایبەتدا بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**




*** جارێکی دیکە پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان بەرەو ئاڵۆز بوون دەچن و ئێمە ئەوە دەزانین کە کاری توندوتیژی لە لایەن هیچ لایەنێکەوە قبوڵ ناکرێت، بەڵام پرسیارەکەی ئێمە ئەوەیە بۆچی تورکیا هەوڵی پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نادات لە گەڵ کوردەکاندا؟**

- سەرەتا من هاوڕانیم لەگەڵ ئێوەدا کە پەیوەندییەکانی تورکیا و کوردەکان بەرەو خراپ بوون دەچێت، ئەوەی هەیە ئەم رۆژانە پتر جەخت لەسەر بەرەنگاربونەوەی تیرۆریزم دەکرێت و لە رووبەڕبونەوەی پەکەکەدا نە کوردەکانی باکوری عێراق و نە کوردەکانی تورکیا نەکراونەتە ئامانج. تورکیا دژی پەیوەندی باش نییە لەگەڵ هیچ یەکێك لە دەوڵەتە دراوسێکاندا، یاخود دانیشتوانی دەوڵەتە دراوسێکاندا، بە پێچەوانەوە لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوودا تورکیا سیاسەتێکی ستراتیجی گرتۆتەبەر کە بریتییە لە باشترکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکاندا و عێراقیش لەم سیاسەتە بەدەر نییە، ئەمە هەڵوێستی رەسمی تورکیایە.

*** سەرۆکی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان رای گەیاند ئێمە ئامادەی هاوکاری کردنی تورکیاین، بەڵام تورکیا ئامادە نییە گفتوگۆمان لەگەڵدا بکات؟**

- ئەم لێدوانە لە سەر ئاستی رەسمی و جەماوەری پێشوازی لێکرا، تورکیا هیچ گرفتێکی نییە لە بەستنی پەیوەندی باش لەگەڵ کوردەکانی باکووری عێراقدا، لە رۆژنامەی «زەمان تۆدەی»دا باس لەوە دەکرێت بەرپرسەکانی تورکیا پەیوەندیان بە بەرپرسە کوردەکانی باکوری عێراقەوە کردووە و گفتوگۆیان لە بارەی تیرۆریزمی پەکەکەوە کردووە. بەڵام ئێمە نائاسودەین لە هەڵوێستی ئیدارەکەی بارزانی لە ئاست تیرۆریزمی پەکەکەدا، لەبەر ئەوەی لە تورکیا دەنگ و باسی ئەوە هەیە کە هێزەکانی پێشمەرگە یارمەتی پەکەکە دەدەن، یاخود بە لای کەمەوە بارودخێکی سەخت ناخوڵقێنن بۆ پەکەکە تاوەکو ناچاربێت ئەو ناوچانە جێبهێڵێت. لە لایەکی دیکەوە پەیوەندییەکان لە سەر ئاستی دەوڵەت دامەزرێنرێن، لەم رووەوە هەمیشە تورکیا هەوڵی باشترکردنی هاوکاری و پەیوەندییەکانی داوە لەگەڵ حکومەتی بەغدا بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئەمنییەکان، لەبەر ئەوە شتێکی راست نییە ئەگەر بڵێین تورکیا هاوکاری لەگەڵ خەڵکی عێراقدا ناکات، دانیشتوانی باکوری عێراقیش بەشێکن لە خەڵکی عێراق، بەڵام ئەگەر ئیدارەی بارزانی هەوڵی ئەوە بدات کێشەی پەکەکە بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی تورکیا ناچاربکات بە رەسمی ئەم ئیدارەیە بناسێت، ئەوا کارێکی راست و دروست ناکات، ئەمەش بە لای تورکیاوە قبوڵ نییە، لەبەر ئەوەی سیاسەتی رەسمی تورکیا ئەوەیە عێراق یەك دەوڵەتە و دەبێت یەکپارچەی خاکەکەی بپارێزرێت.

***هەردوو بەڕێزان بارزانی و تاڵەبانی ئیدانەی ئەو کارانە تیرۆیستیانەی پەکەکەیان کرد و دڵگرانی خۆیان دەربڕی، بۆچی تورکیا گلەی لە ئیدارەی کوردستان دەکات؟**

- تورکیا گلەیی لە حکومەتی هەرێم ناکات، کاتێك هەڵدەستێت بە ئیدانەکردنی کارە تیرۆریستیەکانی پەکەکە، هەروەها تورکیا لە دژواری و سەختییە جوگرافییەکانیش تێدەگات کە ئیدارەی کوردی روبەڕووی دەبێتە ئەگەر هەوڵبدات بەرەنگاری پەکەکە ببێتەوە، بەڵام تورکیا خوازیاری ئەوەیە لە رووی لۆجیستیەوە ئاستەنگ بۆ پەکەکە دروست بکرێت. لە لایەکی دیکەوە من پێم وانییە ئەوە وەسفێکی راست و دروست بێت کاتێك دەڵێین گرژی و ئاڵۆزی لە نێوان تورکیا و کوردەکاندا هەیە، بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە بارگرژی لە نێوان پەکەکە و تورکیادا هەیە.

*** بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان کاریگەرییەکی ئیجابی دەبێت لەسەر بارودۆخی ناوخۆی تورکیا، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەستە بە کێشەی کورد لە تورکیاوە، لەبەر ئەوەی کوردەکانی تورکیا هەست دەکەن تورکیا دژی مافەکانی کورد راناوەستێت، ئەمەش دەبێتە سەرەتایەکی باش و رێگە بۆ تورکیا خۆش دەکات بۆ ئەوەی ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی تورکیا ئەم هەنگاوە نانێت؟**

- ئەوەی پەیوەندی بە کوردەکانەوە هەبێت ئەوا جگە لە کێشەی پەکەکە

کێشـــەیەکی دیکە نییە، لەبەر ئەوەی تاوەکو پەکەکە دەســـت لە تیرۆر هەڵنەگرێـــت ئەوا تورکیاش درێژە بـــە خەباتی خۆی دەدات دژی ئەم تیـــرۆرە. لە لایەکـــی دیکەوە تورکیا هەوڵی پەرەپێدانی دیموکراســـی و مافەکانـــی مرۆڤ و ئازادی کەلتـــوری دەدات، بەڵام ئەگەر هەر هەوڵێکـــی تیرۆریســـتی تورکیا بکاتە ئامانج، ئـــەوا لە هەمان کاتدا دیموکراســـییەتی تورکیاش دەکاتە ئامانـــج کە هەوڵەکانی پەکەکە بەم ئاڕاســـتەیەیە. لەبەر ئـــەوە من پێم وایە دەبێـــت کوردەکانی باکووری عێراقیـــش لە لایەن خۆیانەوە هەوڵی ســـنووردارکردنی چالاکییەکانی پەکەکە بدەن، ئەگەر خوازیاری ئەوەن تورکیا پتر دیموکراسی بێت و پەرە بە مافەکانی مرۆڤ بدات و ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا.

*** تورکیا داوا لە ئیدارەی کوردستان دەکات کێشەی پەکەکە چارەسەر بکات، ئەمە لە کاتێکدا تورکیا کە خاوەنی سوپایەکی بەهێز و ئەندامی ناتۆیە نەیتوانیوە ئەم کێشەیە چارەسەربکات؟**

- ئێمە داوا لە ئیدارەی کوردســـتان ناکەین کێشـــەی پەکەکە چارەسەر بکات. تێڕوانینی من ئەوەیە تەنها بەکارهێنانی هێزی سەربازی نابێتە هۆی چارەسەرکردنی کێشـــەی تیرۆر، لەبەر ئەوە دەبێت ڕێگاچارەی سیاسی بۆ یەکلاکردنەوەی کێشـــەی پەکەکە لە باکووری عێراق و لە ناو تورکیاشـــدا بدۆزرێتەوە، کەواتە دەبێت سیاسەتمەداران هەڵبستن بە یەکلاکردنەوەی کێشەی پەکەکە نەك سوپا و دەزگا ئەمنییەکان، ئەوەی ئێوە دەیڵێن ڕاست و دروســـتە کە کوردەکانی باکوری عێراق ئامڕازی پێویستی لەبەردەســـتدا نییە بۆ کۆتایهێنان بە کێشەی پەکەکە، بەڵام دەتوانێت هاوکاری بکات لە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە.

*** تورکیا ســـنوورێکی دوورودرێژی هەیە لەگـــەڵ باکووری عێراقدا و ئەمـــە دەروازەیەکـــی بازرگانـــی گرنگە، بۆچـــی تورکیا هەوڵی سوودوەرگرتن نادات لەم سنوورە و هەوڵی هێورکردنەوەی گرژییەکانی نادات لەگەڵ ئیدارەی کوردســـتاندا، لە بری ئەوەی هەڕەشە دەکات و سنور دەبەزێنێت؟**

- تورکیا وەبەرهێنانێکی زۆری هەیە لەو ناوچەیەدا و ئەوەی پەیوەندی بـــە هاوکاری و پەیوەندییە ئابوورییەکانـــەوە هەبێت، ئەوا تورکیا هیچ کێشەیەکی لەگەڵ باکوری عێراقدا نییە، بەڵام ئەگەر توانرا کۆتای بە کێشەی پەکەکە بهێنرێت ئەوا بێگومان ئەم پەیوەندیانە باشتردەبن، دەبێت ئیـــدارەی بارزانی لەم پێناوەدا هەوڵەکانـــی بخاتەگەڕ بۆ کۆتایهێنان بە کێشەی پەکەکە، لەبەر ئەوەی گەورەترین ئاســـتەنگ لە بەردەم بەروپێشـــچوون و باشـــترکردنی پەیوەندییەکانـــدا بریتیـــە لـــە پەکەکە.

*** خاڵـــە هاوبەشـــەکانی نێوان تورکیـــا و ئیـــدارەی باکووری عێراقدا لـــە خاڵەکانی جیاوازی زۆرتـــرن، پرســـیارەکە ئەوەیە بۆچـــی تورکیـــا کار لەســـەر ئـــەم خاڵە هاوبەشـــانە ناکات و نایانخاتە خزمـــەت بەرژەوەندییە هاوبەشەکانەوە؟**

- سەرەتا ئێمە حکومەتی هەرێمی کوردســـتان بە قەوارەیەکی خاوەن ســـەروەری نازانین، ئێمە وەك بەشـــێك لە عێراق لـــە باکوری عێراق و لە ئیدارەی کوردســـتان دەڕوانین، کەواتە پێشـــبینی کردنی ناســـینی ئیدارەی باکوری عێراق وەك قەوارەیەکی ســـەربەخۆ لە لایەن تورکیاوە شتێکی واقیعی نییە. دەبێت پێشبینییەکانتان لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا بێت و هەر پێشـــبینی کردنێکی دیکە لە دەرەوەی دەســـتووردا دەرئەنجامەکەی نائومێدی دەبێت، دەبێت ئیدارەی کوردســـتان واقیعی بێت و پێشـــبینی واقیعیانەشی هەبێت. دەکرێت هەندێ لە بەرپرسەکانی تورکیا سەردانی باکووری عێراق بکەن، بەڵام نابێت پێشبینی ئەنجامدانی کۆبونەوە و دانوستاندن بکەن لەسەر ئاستێکی باڵا.

***ئەگـــەر تورکیا پەیوەندییەکی باشـــی لەگەڵ کوردســـتاندا هەبێت ئەوا دەتوانێت ڕۆڵێکـــی ئابووری گەورەتر ببینێت لە ناوچەکەدا و ئەو کاتـــە دەتوانێت ببێتە هێزێکی ئیقلیمی باڵا، ئایا ئەو کاتە هاوکێشـــە سیاسییەکە چۆن دەگۆڕدرێت؟**

- سەرەتا هێزە دیموکراتیەکانی تورکیا خوازیاری پەرەپێدانی پەیوەندی باشـــن لەگەڵ تێکڕای دەوڵـــەت و نەتەوە دراوســـێکاندا کوردەکانی باکووریش لەم حاڵەتە بەدەر نین، بەڵام گرفت و ئاســـتەنگە بریتیە لە پەکەکە. تورکیا خوازیاری ئـــەوە نییە ببێتە هێزێکی ئیقلیمی باڵا بە چەشنێك ببێتە هەڕەشە بۆ سەر دەوڵەتە دراوسێکانی بۆ سەر دامەزراوە نێودەوڵەتیەکان، تورکیا دەیەوێت پەیوەندیە ئابووری و دیبلۆماسیەکانی بەکاربهێنێت بۆ باشـــترکردنی پێگەی خۆی لـــە ناوچەکەدا، نەك لە ڕێی هەڕەشـــە و هێرشی ســـەربازیەوە. من پێم وایە تورکیا خوازیاری پەرەپێدانـــی پەیوەندیەکانێتی لەگەڵ کوردەکانـــی باکووری عێراقدا و ئەمەش لە بەرژەوەندی هەمولایەکە.

*** دوا وتەت بۆ گۆڤارەکەمان؟**

- مـــن ئەوەندە دەڵێم کە لـــە تورکیادا ململانێیەك هەیـــە لە نێوان هێزە دیموکراتیـــەکان و هێزە دژە دیموکراتیەکانـــدا، ئێمە خوازیاری ئەوەین لە بـــرا و دۆســـتە کوردەکانمان لە باکوری عێراق و لە ناو تورکیاشـــدا کە هاوکاری هێزە دیموکراتەکان بکەن بۆ ئەوەی لەم ململانێیەدا زاڵبن، بەڵام بوونی کێشەی پەکەکە یارمەتی هێزە دیموکراتەکان نادات بۆ ئەوەی لەم کێشمەکێشەدا سەرکەوتووبن، لەبەر ئەوە دەبێت کوردەکانی باکوری عێراق هۆشـــیاربن بەو ڕاستیەی کە کە بەهێزکردنی پێگەی هێزە دیموکراتەکان هاوشـــانە بە کارکردن بۆ کۆتایهێنان بە کێشەی پەکەکە. دەبێت ئیدارەی بارزانـــی هەڵوێســـتی خۆی لەم ململانێیـــەدا روون بکاتـــەوە، ئایا لەگەڵ هێزە دیموکراتەکانە یان بە پێچەوانەوە، بەڵام بە داخەوە تا ئەم دواییەش هەڵوێســـتی حکومەتی کوردی بە شـــێوەیەکی گشتی لە بەرژەوەنـــدی پەکەکە بـــووە و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆش خزمەتی بە هێزە دژە دیموکراتەکان کردووە. لەبەر ئەوەی هەمیشە جەنەراڵەکانی ســـوپا و بەرپرســـە ئەمنییەکاتی تورکیـــا کێشـــەی پەکەکە دەکەنە پاســـاوێك بۆ بەهێزکردنی پێگەی سیاسی خۆیان و ئەمەش خزمەت بە هێزە دژە دیموکراتەکان دەکات.




●●●

**ئەم ڕۆژانە پتر جەخت لەسەر بەرەنگاربونەوەی تیرۆریزم دەکرێت و لە ڕووبەڕبونەوەی پەکەکەدا نە کوردەکانی باکوری عێراق و نە کوردەکانی تورکیا نەکراونەتە ئامانج**

●●●

●●●

**دەبێت کوردەکانی باکووری عێراقیش لە لایەن خۆیانەوە هەوڵی سنووردارکردنی چالاکییەکانی پەکەکە بدەن، ئەگەر خوازیاری ئەوەن تورکیا پتر دیموکراسی بێت و پەرە بە مافەکانی مرۆڤ بدات و ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا**

●●●

●●●

**تورکیادا ململانێیەک هەیە لە نێوان هێزە دیموکراتیەکان و هێزە دژە دیموکراتیەکاندا، ئێمە خوازیاری ئەوەین لە برا و دۆستە کوردەکانمان لە باکوری عێراق و لە ناو تورکیاشدا کە هاوکاری هێزە دیموکراتەکان بکەن بۆ ئەوەی لەم ململانێیەدا زاڵبن، بەڵام بوونی کێشەی پەکەکە یارمەتی هێزە دیموکراتەکان نادات بۆ ئەوەی لەم کێشمەکێشەدا سەرکەوتووبن**

●●●

■■■

ئیحسان داغی بێجگە لەوەی ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی میدل ئیست تەکنەلۆژی لە ئەنکەرا، یەکێکە لە نووسەرە دیارەکانی رۆژنامەکانی تورکیا و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر کێشەی کورد .
داغی وەک رۆشنبیرێکی تورک بڕوای بەمافەکانی کورد هەیە و یەکێکە لەوانەی کە پەیوەندی دۆستانەی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا بە بەرژەوەندی هەردوولا دەزانێت و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پێویستە هەردوولا درک بەو راستیە بکەن و هەنگاوی جدی هەڵبگرن، سەبارەت بەم گرژی و ئاڵۆزییەی جارێکی دیکە لە پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان دروست بۆتەوە، پرۆفیسۆر داغی بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.

■■■



ئیحسان داغی
ئەکادیمیست و نوسەرو رۆژنامەنووسی تورکی بۆ گوڵان:

# کاتی ئەوە هاتووە سەرکردایەتی کورد لەعێراقدا بە شێوەیەک لە شێوەکان مامەڵە لەگەڵ کێشەی پەکەکەدا بکەن

▶ ■ ◀

*** باس لەوە دەکرێت دووبارە تورکیا هێرشی سەربازی دەکاتە سەر هەرێمی کوردستان، ئەمە لە کاتێکدا ئێمە دەزانین کێشەکان بە رێگاچارەی سەربازی چارەسەر ناکرێن، بۆچی تورکیا ئەم رێگاچارە سەرنەکەوتووە دەگرێتەوەبەر؟**

- هۆکارەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پەکەکە بە هۆی بوونی بنکەکانییەوە لە باکووری عێراقدا هێرش دەکاتە سەر تورکیا، هەروەك ئەوەی لەم دواییەدا بەدیمان کرد، واتە تاوەکو پەکەکە باکوری عێراق بەکاربهێنێت بۆ پەلاماردانی تورکیا ئەوا تورکیا ئۆپەراسیۆنی سەربازی ئەنجام دەدات بۆ لە ناوبردنی ئەو بنکانە و بۆ پاککردنەوەی ئەو ناوچانە لە چەکدارانی پەکەکە، واتە هۆکاری ئەم کاردانەوەیەی تورکیا بۆ هێرشەکانی پەکەکە دەگەڕێتەوە.

*** ئێوەش ئاگادارن کە هەردوو بەڕێزان بارزانی و تاڵەبانی ئیدانەی ئەو کارانەیان کرد و دڵگرانی خۆیان دەربڕی، هەروەها هەمیشە ئامادەی خۆیان بۆ هاوکاری کردنی تورکیا دەردەبڕن بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، تێڕوانین و لێکدانەوەی ئێوە چییە لەم رووەوە؟**

- راستە و پێویستە پێشوازی لە لێدوانەکانی بارزانی و تاڵەبانی بکرێت و دەسەڵاتدارانی تورکیا پێشوازیان لەو لێدوانانە کرد کە پاڵپشتیان بۆ تورکیا دەربڕی، بەڵام گەل و حکومەتی تورکیا چاوەڕوانی رێ و شوێنی کۆنکرێتین لە دەسەڵاتدارانی کوردستان بۆ ئەوەی رێگە بە پەکەکە نەدەن خاکی باکوری عێراق بۆ هێرشکردنی سەر تورکیا بەکاربهێنێت.

*** بێگومان کاری توندوتیژی لە هیچ لایەنێکەوە بکرێت، قبوڵ ناکرێت، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی تورکیا لە هەوڵی پێشێلکردنی پەیوەندییەکانیدایە لەگەڵ کوردستاندا، ئەمە لە کاتێکدا ئیدارەی کوردستان دژی گرژی و ناکۆکییە لەگەڵ تورکیادا؟**

- من شەخسی خۆم پشتگیری لە هاوکاریکردنی نێوان دەسەڵاتدارانی باکووری عێراق و تورکیا دەکەم و پێموایە ئەم هاوکاری کردنە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی هەردولا دەکات، بەڵام پێموایە بوونی پەکەکە لە باکووری عێراق لەم رووەوە بۆتە کۆسپ و ئاستەنگ، من بە راشکاوی دەدوێم و پێموایە دەبێت ئیدارەی باکووری عێراق ئەو راستییەی لەبەرچاو بێت کە تاوەکو هەڵنەستێت بە لە ناوبردن، یاخود سنووردارکردنی پەکەکە بۆ ئەوەی نەتوانێت خاکی ئەوان بەکاربهێنێت دژی تورکیا ئەوا هاوکاری کردن لە نێوانیاندا سنووردار دەبێت، کەواتە مەسەلەکە بۆ دەسەڵاتدارانی ئیدارەی باکووری عێراق دەگەڕێتەوە. من پێموایە کاتی ئەوە هاتووە دەسەڵاتدارە کوردەکانی باکوری عێراق درك بەوە بکەن کە ئەگەر بە راستی خوازیاری ئەنجامدانی گفتوگۆ و هاوکاری کردن لە گەڵ تورکیادا، ئەوا دەبێت بە شێوەیەك لە شێوەکان مامەڵە لەگەڵ کێشەی پەکەکەدا بکەن، لەبەر ئەوەی پەکەکە نەك هەر هەڕەشەیە بۆ سەر تورکیا، بەڵکو هەڕەشەیە بۆ سەر خاك و سەروەری باکووری

●●●

پێویستە پێشوازی لە لێدوانەکانی بارزانی و تاڵەبانی بکرێت و دەسەڵاتدارانی تورکیا پێشوازیان لەو لێدوانانە کرد کە پاڵپشتیان بۆ تورکیا دەربڕی، بەڵام گەل و حکومەتی تورکیا چاوەڕوانی رێ و شوێنی کۆنکرێتین لە دەسەڵاتدارانی کوردستان بۆ ئەوەی رێگە بە پەکەکە نەدەن خاکی باکوری عێراق بۆ هێرشکردنی سەر تورکیا بەکاربهێنێت

●●●

عێراقیش. لەبەر ئەوەی تاوەکو هێزی چەکداری پەکەکە لە باکووری عێراقدا جێگیربێت، ئەوا باکووری عێراق ناتوانێت بانگەشەی سەروەری بکات بەسەر خاکەکەیدا، لەبەر ئەوەی تورکیا دانی پێدا نانێت، هەر بۆیە کاتی ئەوە هاتووە دەسەڵاتدارە کوردەکانی باکووری عێراق بە پەکەکە رابگەیەنن کە دەبێت باکووری عێراق جێبهێڵێت، لەبەر ئەوەی پەکەکە دژمنی هاوبەشە و پیلان لە دژی هاوکاری و بوونی پەیوەندی باش لە نێوان باکووری عێراق و تورکیادا دەگێڕن. دەبێت بارزانی و تاڵەبانی بە روونی لەم راستییە تێبگەن، ئەمە مەسەلەیەکە پەیوەستە بە وەرگرتنی هەڵوێستێکی براگماتییەوە، لەبەر ئەوەی ئەگەر بە راستی خوازیاری ئەوەن خاوەنی ئۆتۆنۆمی بن، یاخود تەنانەت ئەگەر خوازیاری ئەوەن خاوەنی دەوڵەتی کوردی سەربەخۆ بن، ئەوا نابێت رێگە بە پەکەکە بدەن بنکەی لە باکووری عێراقدا هەبێت، لەبەر ئەوەی ئەمە دەبێتە رێگر لە بەردەم هاوکاری کردنیان و گفتوگۆکردنیان لەگەڵ تورکیادا.

***رەتکردنەوەی دیالۆگ لەگەڵ هەرێمی کوردستان لەلایەن تورکیا جێگەی نیگەرانییە، ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر تورکیا ئەم بەربەستە بشکێنێت، لەوانەیە کێشەکان ئەو ئاڵۆزییەی ئێستایان نەمێنێت ئایا بۆچی تورکیا ئەم هەنگاوە هەڵناگرێت؟**

- ماوەی ساڵێکە تورکیا هەوڵی پەرەپێدانی سیاسەتی دانوستاندن و هاوکاری کردنی داوە لەگەڵ حکومەتی باکووری عێراقدا، تەنانەت لە سەردانەکەیدا بۆ بەغدا سەرۆك وەزیرانی تورکیا سوپاسی هاوکاری بارزانی کرد. کەواتە تورکیا ئامادەی ئەنجامدانی دانوستاندن و بەستنی پەیوەندییەکانە لە گەڵ ئیدارەی باکووری عێراقدا، تورکیا پێی وایە ئەمە رێگەیەکی باشە بۆ بەدیهێنانی هاوکاری لە دژی پەکەکە، کەواتە دەبێت تێگەیشتنێکی هاوبەش هەبێت کە پەکەکە دەبێتە هۆی تێکدانی پەیوەندییەکانی تورکیا و باکووری عێراق و هەروەها هەڕەشەیە بۆ سەر سەروەری و دەسەڵاتی حکومەتە هەرێمییەکەی باکوری عێراق. بە دڵنیاییەوە بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکان و هاوکاری کردنی نێوان تورکیا و باکووری عێراق دەبێتە هۆی ئەوەی تورکیا بتوانێت عەقڵ و دڵی کوردەکانی وڵاتەکەی بەدەست بهێنێت، بەڵام تەنانەت کوردەکانی تورکیاش دژی چالاکییە تیرۆریستییەکانی پەکەکەن، لە تورکیادا دەست بە چاکسازی و کرانەوەی دیموکراسی کراوە و کوردەکانی ئەو وڵاتە هەست دەکەن پەکەکە هەڕەشەیە بۆ سەر دەستکەوتە دیموکراسییەکانیان، لەبەر ئەوەی تاوەکو چالاکیە تیرۆریستییەکانی پەکەکە بەردەوام بن، ئەوا تورکیا پتر دودڵ دەبێت لە درێژەپێدانی پرۆسەی کرانەوە و ریفۆرمی دیموکراسی.

***پێگەی کوردستان لە عێراقدا بۆ تورکیا وەك پێگەی تورکیا وایە بۆ هەرێمی کوردستان بۆ پەیوەندنی بەدەرەوە، تورکیا سنوورێکی دوورودرێژی هەیە لە گەڵ باکووری عێراقدا و ئەمە دەروازەیەکی بازرگانی گرنگە، بۆچی تورکیا هەوڵی سوودوەرگرتن نادات لەم سنوورە، لە بری ئەوەی هەڕەشە دەکات و سنور دەبەزێنێت؟**

- پەیوەندیە بازرگانییەکان لە بەرەوپێشچووندان و ئەمەش تەنها لە بەرژەوەندی تورکیا نەبووە، بەڵکو لە بەرژەوەندی حکومەتە کوردییەکەی باکووری عێراقیش بووە کە پێویستە ئەو پەیوەندیانە پتر پەرەیان پێ بدرێت و فراوانتر بکرێن، بەڵام کێشەیەکی ئەمنی هەیە کە دەبێت چارەسەر بکرێت، واتە دەبێت هەردولا هەوڵی چارەسەرکردنی ئەم گرفتە ئەمنییە بدەن. فشارێکی زۆر دەکرێتە سەر حکومەتی تورکیا بۆ ئەوەی ئابڵۆقەیەکی بازرگانی بەسەر باکووری عێراقدا بسەپێنێت و ئەو سنوورانە دابخات، بەڵام حکومەتی تورکیا بەرەنگاری ئەم فشارانە بۆتەوە، من پێموایە حاڵی حازر ئەولەویەتی سەرەکی ئەم کێشەیە ئەمنییە کە دەبێت هەوڵی یەکلاکردنەوەی بدرێت.

*** وەك رۆژنامەنوس و نووسەر و کەسێکی ئەکادیمی راسپاردەت چیە بۆ کوردەکان بۆ ئەوەی رێگە بە سەرهەڵدانی توندوتیژی نەدەن؟**

- من پێموایە دەبێت هەردولا، تورکیا و ئیدارەی باکووری عێراق نییەت باشی خۆیان بخەنەڕوو و هەنگاوی عەمەلی بگرنەبەر، کلیلی بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکان بریتییە لە هاوکاری کردنی نێوان هەردوولا دژی توندووتیژی و دژی کردەوە تیرۆریستییەکانی پەکەکە. راسپاردەی من بۆ دەسەڵاتدارانی باکووری عێراق ئەوەیە ئەولەویەتی خۆیان دەستنیشان بکەن، ئایا ئەولەویەتەکە بریتیە لە بێدەنگ و چاپۆشین کردن لە پەکەکە، یاخود بریتییە لە پەرەپێدانی خۆشگوزەرانی کوردەکانی باکووری عێراق. پێشنیاری من بۆ سەرکردە کوردەکانی باکووری عێراق ئەوەیە سەرەتا دەسەڵات و سەروەری خۆیان لە باکووری عێراق بچەسپێنن، بۆ ئەو مەبەستە دەبێت لە پێگەیەکدا بن بتوانن پەیوەندی سەرکەوتوانە لەگەڵ تورکیادا دابمەزرێنن، ئەوان پێویستیان بە تورکیایە و تورکیاش پێویستی بە ئەوانە، بەڵام بوونی پەکەکە دەبێتە هۆی ژەهراوی کردنی پەیوەندییەکانی هەردولا، تاوەکو پەکەکە لە باکووری عێراق جێگیربێت نە ئیدارەی باکووری عێراق و نە حکومەتی مەرکەزی عێراق ناتوانن مومارەسەی سەروەریەکی تەواو بکەن لە خاکەکەیاندا، ئەو کاتە تورکیاش پاساوی دەبێت بۆ ئەوەی ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە باکووری عێراقدا ئەنجام بدات، بەو پێیە نەمانی پەکەکە لەو ناوچەیەدا لە بەرژەوەندی تورکیا و لە بەرژەوەندی ئیدارەی باکووری عێراقیشە.

**پەکەکە نەک هەر هەڕەشەیە بۆ سەر تورکیا، بەڵکو هەڕەشەیە بۆ سەر خاک و سەروەری باکووری عێراقیش. لەبەر ئەوەی تاوەکو هێزی چەکداری پەکەکە لە باکووری عێراقدا جێگیربێت، ئەوا باکووری عێراق ناتوانێت بانگەشەی سەروەری بکات بەسەر خاکەکەیدا**

**ماوەی ساڵێکە تورکیا هەوڵی پەرەپێدانی سیاسەتی دانوستاندن و هاوکاری کردنی داوە لەگەڵ حکومەتی باکووری عێراقدا، تەنانەت لە سەردانەکەیدا بۆ بەغدا سەرۆک وەزیرانی تورکیا سوپاسی هاوکاری بارزانی کرد**

**دەبێت تێگەیشتنێکی هاوبەش هەبێت کە پەکەکە دەبێتە هۆی تێکدانی پەیوەندییەکانی تورکیا و باکووری عێراق و هەروەها هەڕەشەیە بۆ سەر سەروەری و دەسەڵاتی حکومەتە هەرێمییەکەی باکوری عێراق**

**پێشنیاری من بۆ سەرکردە کوردەکانی باکووری عێراق ئەوەیە سەرەتا دەسەڵات و سەروەری خۆیان لە باکووری عێراق بچەسپێنن، بۆ ئەو مەبەستە دەبێت لە پێگەیەکدا بن بتوانن پەیوەندی سەرکەوتوانە لەگەڵ تورکیادا دابمەزرێنن، ئەوان پێویستیان بە تورکیایە و تورکیاش پێویستی بە ئەوانە، بەڵام بوونی پەکەکە دەبێتە هۆی ژەهراوی کردنی پەیوەندییەکانی هەردولا**

مستەفا قەرە ئۆغلۆ یەکێکە لە ڕۆژنامەنووس و نوسەرە دیارەکانی تورکیا و سەرۆکی دەزگای یەنی شەفەقە و سەرنووسەری ڕۆژنامەوی ستاری ڕۆژانەشە، کە لەم دەزگایە دەردەچێ، لەنزیکەوە ئاگاداری سیاسەتی حکومەتی تورکیا و پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ ڕەجەب ئەردۆگانی سەرۆك وەزیرانی تورکیا هەیە، بۆیە کاتێك قسەی لەگەڵدا دەکەیت بە شێوەیەك لە شێوەکان وەك وتەبێژی حکومەتی تورکیا قسە دەکات و پیتەکان خاڵبەند دەکات، تا بڵێی کەسێکی هێمن و لەسەر خۆیەو زۆر بە نەرمی دەدوێ، بەرژەوەندی تورکیای دەوێ، بەڵام دەمارگرژ نییە و حەز بە برایەتی گەلانی دونیا دەکات، بەهۆی ئەو ئاڵۆزییانەی هەن لە نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان، لەوانەیە قسەکانی بەدڵی ئێمە نەبێت، بەڵام قسەکانی ڕەنگدانەوەی سیاسەتی ئێستای حکومەتی تورکیان بۆ مامەڵەکردنی لەگەڵ کێشەی پەکەکە و هەروەها بۆ چۆنیەتی ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا .
ئۆغلۆ لەم لێدوانە تایبەتیەیدا بۆ گوڵان ڕێگە چارەی وتوێژ ودیالۆگ ڕەتناکاتەوە بەڵام هەنگاوی یەکەم دەخاتە لای کورد و پێی وایە دەبێت کورد هەنگاوی زیاتر هەڵبگرێت، بە هەرحاڵ ئەو وەك ڕۆژنامەنوسێکی تورك بۆ بەرژەوەندی گەل و وڵاتی خۆی قسەدەکات، بەڵام گرنگە بەردەوام پەیوەندی و دیالۆگ لە نێوان ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنوسانی هەردوولادا هەبێت بۆ ئەوەی زیاتر لەیەکتری تێبگەین و باردۆخەکە بەرەو خاو بونەوە بچێت، ئەمەش دەقی وەڵامەکانی ئۆغلۆیە بۆ پرسیارەکانی گوڵان.



**مستەفا قەرە ئۆغلۆ سەرۆکی دەزگای یەنی شەفەق و سەرنووسەری ڕۆژنامەی ستار لە تورکیا بۆ گوڵان:**

# وتوێژ و دیالۆگ یەکێکە لە ڕێگەچارەکان بۆ ئاسایبوونەوەی پەیوەندییەکان بەڵام دەبێت پێشتر ئێوە هەنگاوی بۆ هەڵبگرن

***دووبارە پەیوەندیەکانی نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستانی عێراق ببەرەو ئاڵۆزبوون دەچێت، لە هەمانکاتدا وەڵامدانەوەی توندو تیژ لە هیچ لایەك پەسەند نییە، بۆیە پرسیاری یەکەمان ئەوەیە ئایا بۆچی تورکیا هەوڵنادات پەیوەندیەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەرەو پێشبەرێت؟**

-کارە تیرۆریستیەکانی PKK بۆتە بەربەستێکی گەورە لەبەردەم ڕێککەوتن و پێکەوەژیانی نەتەوە جیاجیاکانی تورکیا، بەتایبەتی سەبارەت بەو هێرشانەی لەم دواییەدا کرایە سەر (داغلەجە، بنکەی پۆلیس لە تورکیا) لە ناو میدیاو خەڵکی تورکیا کاردانەوەی راستەوخۆی هەبوو و خەڵکی تورکیا چاوەڕێی وەڵامدانەوەو هەڵوێستی ئیدارەی باکوری عێراق و بارزانیان دەکرد، و چاوەڕێی کاردانەوەیەکی بارزانی دەکەن بۆ ڕاگرتنی ئەو کارە تیرۆریستیانەی PKK و خەڵکی تورکیا پێیان وایە بارزانی دەتوانێت ئەم کارە بکات چونکە PKK هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆسەر پەیوەندییەکانی نێوان باکووری عێراق و تورکیا.

***ئەگەر تورکیا لەگەڵ بارزانی ڕێکەوتن و دانیشتنی ڕاستەوخۆ ئەنجامبدات ئایا پێت وا نییە کێشەکان بەرەو چارەسەر دەچن؟**

- بە رای من ئەمە یەکێکە لە ڕێگا چارەکان، بەڵام لەمبارەیەوە بارزانی پێویستە پێشتر هەنگاو هەڵبگرێت چونکە ماوەیەکی زۆر ئەو کارانەی لە لایەن باکوری عێراقەوە سەرچاوە وەردەگرێت تورکیای زۆر بێزار کردووە، ئەمەش لە کاتێکدا کە ئیدارەی باکووری عێراق لەژێر دەسەڵاتی بارزانیدایە و پێویستە هەنگاوی پێویست هەڵبگرێت، بۆ ئەوەی لەبەرامبەردا تورکیاش هەنگاوی باش بنێت وە ئەمەش ڕوون و ئاشکرایە بۆ هەموو جیهان کە بنکەکانی PKK لە باکووری عێراقە. (بێگومان ماوەیەکی زۆرە هیچ بنکە و بارەگایەکی پەکەکە لە سنووری هەرێمی کوردستاندا نەهێڵدراون، بەڵام وا درایە قەرە ئۆغلو ئەو ڕاستییەی تەواو لەلا ڕەنگی نەداوەتەوە- گوڵان-)، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو لا بەرەو باشتر بچێت دەبێت باکووری عێراق چەند هەنگاوێکی سەرەتایی بنێت، هەروەها چەندین هەنگاوی بنەڕەتی لە نێوان هەردوولادا لە ئارادایە دەبێت بگیرێتەبەر.

***لە دواین هەواڵەکان گوێبیستی ئەوەین کە تورکیا دەیەوێت هێرش بکاتە سەر هەرێمی کوردستان و پرسیار لێرە ئەوەیە بۆچی تورکیا دووبارە دەیەوێت ئەم ڕێگا هەڵەیە دووبارە بکاتەوە؟**

- ئاشکرایە تورکیا دەیەوێت وەڵامی ئەو کارە تیرۆریستیانە بداتەوەو، لەگەڵ ئەوەی هێرشی سەربازی تاکە ڕێگا چار نییە، بەڵکو چەندین ڕێگا چارەی دیکەهەن وەك بەکارهێنانی لایەنی ئابووری و مەدەنی تورکیا دەتوانێت پەنایان بۆ ببات . بەڵام کارە تیرۆریستیەکانی PKK تورکیای ناچار کردووە وەڵامیان بداتەوەو لەگەڵ ئەمەشدا ئەمەریکاش ئاماژەی بە بوونی PKK لە خاکی باکوری عێراقدا کردووە، تورکیاش تەنها ڕێگای سەربازی هەڵناگرێت بەڕای منیش ڕاستە تورکیا لە هەوڵی هێرش کردنە سەر باکوری عێراقە، ئەمەش حەقی هەرێمایەتی خۆیەتی.

***ئەوەی جێگەی سەرسورمانە ئەوەیە بۆچی تورکیا نایەوێت پەیوەندیەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان ڕێکبخات؟**

- نەخێر ئەمە ڕاست نییە، تورکیاش چەندین هەنگاوی ناوەو وەك ئاگادارین سەرۆك وەزیرانی تورکیا سەردانی بەغدای کرد و چاوی بە تاڵەبانی کەوت و لەم دوایەدا چەندین کۆبوونەوە

لە نێوان ئیدارەی باکوری عێراق و چەند نوێنەرێکی تورکیا لە هەولێر ئەنجامدراوە و ناتوانین بڵێین تورکیا هەنگاوی هەڵنەگرتووە، وە تورکیاش ناتوانێت دەستەوەستان بەرامبەر کارەکانی PKK بوەستێت منیش وەکو هاونیشتیمانێك هەمان بۆچونم هەیە کە تورکیا پێویستە چەندین هەنگاو بۆ چارەسەری درێژخایەنی کێشەکە بنێت.

***ئێمە لە هەرێمی کوردستان چاوەڕوانی ئەوەبووین سەرۆك وەزیرانی تورکیا سەردانی هەرێمی کوردستانیش بکات، بەڵام ئەمە نەبوو، ئایا بۆچی تورکیا نایەوێت دان بە ئیدارەی کوردی دا بنێت؟**

-تورکیا ئەم هەنگاوەی هەڵگرت بۆ رەوینەوەی ئاڵۆزیەکانی لەگەڵ تاڵەبانی، بەڵام کارەکانی PKK بەربەستە لەبەردەم هەڵگرتنی هەنگاوی تر لە لایەن تورکیاوە، دەبێت سەرەتا ئیدارەی باکوری عێراق لەمبارەیەوە دەستپێشخەری هەڵگرتنی هەنگاو بکات لەبەرئەوەی لە ناو کۆمەڵگەی تورکیا کاردانەوەی سەخت هەیە، لەبەر ئەوەی بارزانی سەرۆکی ئیدارەی باکوری عێراقە، دەبێت هێزێکی ئەوتۆشی هەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت کارە تیرۆریستیەکانی PKK رابگرێت ئەمەش ئەوەیە کە خەڵکی تورکیا چاوەڕوانی لێ دەکات، تورکیاش هەموو دەرگایەکی بۆ چاکترکردنی پەیوەندییەکان دانەخستووە، هەنگاوەکانیشی بەرچاوە.

*** پێت وایە لە داهاتووی نزیکدا سەرۆك وەزیرانی تورکیا سەردانی هەرێمی کوردستان بکات؟**

-نەخێر ئێستا زۆر گەشبین نیم بەمە.

*** بەڵام بەرەوپێشچوونی پەیوەندیەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان بێگومان دەبێتە ئاکامێك بۆ هێور بوونەوەی بارودۆخی ناوخۆی تورکیاو چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا، بەمەش تورکیا زیاتر لە بوونە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا نزیك دەبێتەوە، بە رای تۆ بۆچی تورکیا بۆ ئەم مەبەستە تا ئێستا دەستپێشخەری نەکردووە؟**

- چۆن ئێوە چاوەڕوانی هەنگاوی جیدی لە تورکیا دەکەن، بەهەمان شێوەش خەڵکی تورکیا چاوەڕێی هەنگاوی جیدی لە بارزانی دەکەن سەبارەت بە کارە تیرۆریستییەکانی PKK، و بارزانیش تا ئێستا هەنگاوی بۆ راگرتنی ئەم کارە تیرۆریستیانە هەڵنەگرتووە PKK حاڵی حازر تورکیای زۆر بێزار کردووە و ئەمەلەکاتێکدایە PKK لە باکوری عێراقدایە و کارەکانیان لەوێوە سەرچاوە هەڵدەگرێت.

*** ئێوە دەزانن ئێستا پەیوەندیەکی بازرگانی گەورە لە نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان هەیە، ئایا ئەم پەیوەندیانە لەبەر چاونا گرن؟**

-بێگومان هەموشتێك پارە نییەو، هەرگیز تورکیا چاو لەو کارە تیرۆریستیانە ناپۆشێت لەبەر ئەو برە ئابوورییە، لە هەمان کاتدا لە سەردانەکەی سەرۆك وەزیرانی تورکیا بۆ بەغدا گفتوگۆیەکی فراوان سەبارەت بە بواری ئابووری و بازرگانی کراو و ئیمزا کرا،هەروەها تورکیا بۆ باشتر کردنی پەیوەندیە ئابوورییەکان هەنگاوێکی هەڵگرتووە، بەڵام بە هەبوونی PKK لە سنوری باکوری عێراق باشتربوونی پەیوەندییە ئابوورییەکان کارێکی ئاسان نییەو، چونکە لە تورکیا گەورەترین کێشەی ئابووری، پەیوەندیەکان، مەدەنی و ناوخۆ تەنها PKKیە.

***ئێوە وەکو نوسەرێك ئایا ئەم هەڕەشانەی تورکیا بۆسەر هەرێمی کوردستان چۆن دەبێت؟**

- تورکیا بەهیچ شێوەیەك هەڕەشەی لە باکوری عێراق نەکردووە، تەنیا مەبەستی لە ئۆپەراسیۆنەکانی پاراستنی ناوچەکەیە، بە هیچ شێوەیەك راستەوخۆ هەڕەشەی لەکەس نەکردووە، بێگومان ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە باکوری عێراق کێشەیە، بەڵام تەنها بۆ راگرتنی PKKیە. بەڵام بێگومان ئەگەر بارزانی یان تاڵەبانی هەنگاو بۆ رازیکردنی تورکیا هەڵبگرن ئەم کێشەیە نامێنێت.

**PKK هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆسەر پەیوەندییەکانی نێوان باکووری عێراق و تورکیا**

**تورکیاش هەموو دەرگایەکی بۆ چاکترکردنی پەیوەندییەکان دانەخستووە**

**چۆن ئێوە چاوەڕوانی هەنگاوی جیدی لە تورکیا دەکەن، بەهەمان شێوەش خەڵکی تورکیا چاوەڕێی هەنگاوی جیدی لە بارزانی دەکەن سەبارەت بە کارە تیرۆریستییەکانی PKK**

**لە تورکیا گەورەترین کێشەی ئابووری، پەیوەندیەکان، مەدەنی و ناوخۆ تەنها PKKیە**





# ئەگەر مالیکی بیر لە حکومەتی مەرکەزی بەهێز بکاتەوە
## متمانەی سەرجەم پێکهاتەکانی عێراق دەدۆڕێنێت

گراهام فۆلەر بەرپرسی پێشووی دەزگای هەوالگری ئەمریکا و پسپۆرو تایبەتمەند لەسەر دۆسیێی عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەراست، چەند ساڵێك پێش ئەوەی رژێمی سەدام حوسێن بروخێنرێت لەلایەن ئەمریکاوە، توێژینەوەیەکی بەناونیشانی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ بڵاوکردبۆوەو تیایدا هەموو ئەو باردۆخەی شرۆڤە کردبوو کە عێراقی دوای سەدام حوسێن پیایدا تێدەپەڕێت، سەبارەت بە مانەوەی عێراقیش بە یەکگرتوویی، فۆلەر دوای ئەوەی کردووە کە هەوڵبدرێت میکانزمیکی ئارەزوومەندا بۆ هێشتنەوەی عێراق بەیەکگرتوویی بدۆزرێتەوە لەبەر ئەوەی وڵاتێك بەزەبری هێز بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە شایستەی ئەوە نییە یەکگرتوو بێت.

سەیرە دوای زیاتر لە ١٠ساڵ بەسەر ئەو نووسینەدا ئێستا خەریکە هەمان مەترسی سەرهەڵداتەوە و حکومەتی عێراق بانگێشە بۆ حکومەتی مەرکەزی بەهێز دەکات و پێیوایە ئەگەر حکومەتی ناوەندی بەهێز نەبێت ئەوا یەکپارچەیی عێراق دەکەوێتە مەترسییەوە و ئاسایش و سەقامگیری لە عێراقدا دابین نابێت.

ئێستا جێگەی خۆیەتی ئەوە بەبیری عێراقییەکان بهێنینەوە و بپرسین ئایا وڵاتێك بەزەبری هێز و حکومەتی ناوەندی بەهێز بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە شایستەی ئەوەیە بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە؟

هەقە بپرسین لەو رۆژەوەی عێراق بەزەبری هێز و بێ خواست پێکهاتە سەرەکییەکانی پێکەوە نرا ئایا عێراقییەکان بێجگە لە مێژوویەکی خوێناوی چیدیکەیان دەستکەوتووە، ئایا بێجگە لە کاولکاری و ئەنفال و کیمیاباران و پڕکردنەوەی زۆنگاوەکانی باشوور چیتریان دەستکەوتووە؟ هەربۆیە کە دەبیستین د. مالکی جارێکی دیکە دەیەوێت حکومەتی بەغدا بە ئاراستەی حکومەتی مەرکەزی هەنگاو هەڵبگرێت، ئەوا دەبێت ئەوەمان لەبەر چاو بێت کە حکومەتی نیشتمانی بنکە فراوان کە رەنگدانەوەی ئیرادەی سەرجەم عێراقییەکان بێت بوونی نامێنێت و ئەو پرۆسە دیموکراسییەی بۆ عێراقی ئومێدمان بۆ دەخواست دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بازنە خوێناوییە کە پێشتر کەمایەتییەك لە ناو عەرەبی سوننە هەڵیدەسوڕاند، ئێستا کەمایەتییەك لە ناو عەرەبی شیعە هەڵیدەسوڕێنێت.

عێراق بەم ئاراستەیە بێجگە لە دوو رێگەچارەی خراپ ئومێدی رێگە چارەی سێیەمی لێناکرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە یان ئەوەتا دەبێت چاوەرێی گەڕانەوە بین بۆ کودەتای سەربازی، یان ئەوەتا دەبێت بگەرێننەوە بۆ شەڕێکی ناوخۆیی سەرتاسەری.

لەو کاتەوەی د.مالکی ئاراستەی خیتابی گۆڕیوە هەستدەکەین، گوتاری شۆڤێنی عەرەبی لە ناو عێراقدا دەنگی زوڵاڵترە و توانای ئەوەی هەیە کە تەکەتولی گەورە دژ بە ئیرادەی دیموکراسییانەی عێراقییەکان دروست بکات، لەبەرامبەریشدا لیستی هاوبەندی یەکگرتووی عێراقیش کە نوێنەرایەتی شیعەکانی عێراق دەکات، دەبینین رۆژ لە دوای رۆژ بچوك دەبێتەوەو مەترسی ئەوە هەیە ئەوەی ئێستاش ماوەتەوە لەبەر یەك هەڵبوەشێت.

بۆ ئەوەی ئێمە روونەدات پێویستە هاوپەیمانی کوردستانی ئەمجارەش رۆڵیکی گرنگ بگێڕێت بۆ کۆکردنەوەی ئەو هێز و لایەنانەی کە بڕوایان بە ئایندەی دیموکراسی عێراق هەیە.

●●●
**وڵاتێک بەزەبری هێز بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە شایستەی ئەوە نییە یەکگرتوو بێت**
●●●

●●●
**ئەو پرۆسە دیموکراسییەی بۆ عێراق ئومێدمان بۆ دەخواست دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بازنە خوێناوییە کە پێشتر کەمایەتییەک لە ناو عەرەبی سوننە هەڵیدەسوراند، ئێستا کەمایەتییەک لە ناو عەرەبی شیعە هەڵیدەسوڕێنێت**
●●●

●●●
**لەو کاتەوەی د.مالکی ئاراستەی خیتابی گۆڕیوە هەستدەکەین، گوتاری شۆڤێنی عەرەبی لە ناو عێراقدا دەنگی زوڵاڵترە و توانای ئەوەی هەیە تەکەتولی گەورە دژ بە ئیرادەی دیموکراسییانەی عێراقییەکان دروست بکات**
●●●

**جۆشۆ لاندیس**
**پسپۆر و تایبەتمەند لەسەر سوریا و عێراق بۆ گوڵان:**

# جیاوازی سوریا و عێراق ئەوەندەیە لە سوریا دیکتاتۆری کەمینەیە لە عێراق دیکتاتۆری زۆرینەیە



**پرۆفیسۆر جۆشۆ لاندیس بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی ئۆکلاهۆما و پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر سوریا و وڵاتانی دەوربەری، جۆشۆ عەرەبییەکی باش دەزانێت، ئەمەش وایکردووە هێندەی دیکە لە پسپۆریەکدا شارەزاییێت و ئاگاداری بیروبۆچوونی شەقامی عەرەبی بیت، هەربۆیە کە شرۆڤەی باردۆخەکە دەکات وردتر لەو ئەکادیمیانە لەسەر باردۆخەکە رادەوستێت کە تەنیا زمانی ئینگلیزی دەزانن، سەبارەت بە کێشەکانی ئێستا و پێشبینی بۆ ئایندەی عێراق پرۆفیسۆر جۆشۆ لاندیس بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

*** چۆن بارودۆخی ئێستای عێراق و ئایندەی ئەم وڵاتە هەڵدەسەنگێنیت؟**

- ئەگەر لە وڵاتانی عێراق و سوریا و لوبنان بڕوانین، ئەو راستییە بەدی دەکەین کە ئەم وڵاتانە لە رووی ئیتنی و تائیفیەوە دابەشبوونە و ئەمەش ئاستەنگ و ئالۆزی بۆ پێکهێنانی ناسنامەیەکی نەتەوەی دروست کردووە کە لە دەرئەنجامدا پرۆسەی دروستکردنی دەوڵەتیش دووچاری سەختی کردۆتەوە، لە سوریا ئەم حاڵەتە سەری کێشا بۆ دروست بوونی دیکتاتۆری و لە لوبنانیش تا ئێستا دەوڵەتێکی بەهێز دروست نەبووە. کاتێك لە ساڵی ٢٠٠٣دا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا رژێمی سەددام حوسێنی رووخاند لەو باوەڕەدا بو کە بە لابردنی کەسانی خراپ لە دەسەڵاتدا خەڵکانێکی باش دێنەپێشەوە و حکومڕانی دەکەن، ئەمەش لێکدانەوەیەکی هەڵەبوو، لەبەر ئەوەی پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە لە عێراق بە هۆی دابەشبوونە ناوخۆییەکانەوە کارێکی سەختە.

*** لەم ساتەوەختەدا عێراق بەرەو عەسکەرتارییەت دەچێت، لەبەر ئەوەی سوننەکان هێزی چەکداری خۆیان هەیە کە بریتین لە چەکدارانی سەحوە، هەروەها شیعەکان سەرقاڵی چەکدارکردنی هۆزە شیعەکانن بۆ ئەوەی هاوسەنگی هێز بپارێزن، لە هەمان کاتدا ژمارەی سەربازانی سوپای عێراق گەیشتۆتە نزیکەی ٥٠٠،٠٠٠ سەرباز، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا رێگە دەدات عێراق ئەم رێگایە بگرێتەبەر؟**

- لە دوای داگیرکردنی عێراقەوە لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە، هەوڵدرا سیستەمێکی هاوچەشنی سیستەمی لوبنان لە عێراقدا پیادە بکرێت کە تێیدا لایەنە ئیتنە جیاوازەکانی بەشداری لە دەسەڵاتدا بکەن، بەڵام ئەمە سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت لە عێراقدا، لە بری ئەوە ئەگەری زیاتر ئەوەیە عێراق هەمان سیستەمی سوریای هەبێت، واتە دەسەڵاتێکی

ئەگەر لە وڵاتانی عێراق و سوریا و لوبنان بڕوانین، ئەو راستییە بەدی دەکەین کە ئەم وڵاتانە لە رووی ئیتنی و تائیفیەوە دابەشبوونە و ئەمەش ئاستەنگ و ئالۆزی بۆ پێکهێنانی ناسنامەیەکی نەتەوەی دروست کردووە کە لە دەرئەنجامدا پرۆسەی دروستکردنی دەوڵەتیش دووچاری سەختی کردۆتەوە

جیاوازیەکە ئەوەیە لـــە عێراقدا لە بری دیکتاتۆرییەتی کەمینە دەبێتە دیکتاتۆرییەتی زۆرینە کە شیعەکان زاڵ دەبن بەسەریدا، واتـــە رەنگە لە ماوەی دە بۆ بیســـت ســـاڵی داهاتوودا دووبارە بارودۆخەکە تێکبچێت و سەرەتایەکی خوێناوی دەست پێبکاتەوە، بە چەشـــنی ئەوەی لە دوای رووخاندنی رژێمی پاشـــایەتی بەدیمان کرد کە ماوەیەکی دیاری کراو وڵاتەکە سەقامگیر بوو، بەڵام لە ساڵانی شەستەکاندا دووبارە نائارامی و ناسەقامگیری دەســـتی پێکردەوە. واتە ماوەیەکی دیاری کراو ســـەقامگیری لە وڵاتەکەدا جێگیر دەبێت، بەڵام دواتر دەســـەڵاتدارێکی بەهێز سەرهەڵدەدات و دەســـەڵات بەرەو دیکتاتۆری دەبات، هەرچەندە دەستووری عێراق رێگە بە دروست بوونی حکومەتێکی ناوەندی بەهێزیش نادات.

*** ئیدارەی ئێســـتای ئەمەریکا بانگەشـــەی ئـــەوە دەکات کە سەرکەوتوو بووە لە عێراقدا، بەڵام هەلومەرجی سەر ئەرزی واقیع پێچەوانەی ئەم بانگەشـــەیەیە، لەبەر ئەوەی هێشتا بارودۆخەکە ســـەقامگیر نەبووە، تێڕوانیـــن و لێکدانەوەی ئێـــوە چییە لەم رووەوە؟**

- هیچ یەکێك لە پارتەکانی وڵاتـــە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا خوازیاری ئەوەنین بڵێن شکستمان هێناوە، بۆ نموونە دیموکراتەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە سەرکەوتنمان بەدەست هێناوە لە عێراقدا و کاتی کشـــاندنەوەی هێزەکانمانە لەو وڵاتەدا، کۆمارییەکانی بانگەشـــەی ئەوە دەکەن ســـەرکەوتنیان بەدەست هێناوە و دەبێت درێژە بەو ســـەرکەوتنە بدەن و پاشەکشەپێکردنی هێزەکان دەبێتە هۆی شکســـتهێنان و دۆرانی ئەمەریکا. مەسەلە بنەڕەتییەکە ئەوەیە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێناگات، بۆ نموونە هەمیشە ئەمەریکا و بەرپرسەکانی ئەمەریکا باس لە خستنەگەڕی هەوڵەکان دەکەن بۆ پەرەپێدان دیموکراسی لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتدا، بەڵام ئەو راستییە نازانن کە ئەم وڵاتانە ناتوانن بەرەو دیموکراسی هەنگاوبنێن، بۆ نموونە ناتوانرێت لە ماوەی بیســـت ســـاڵی داهاتوودا وڵاتانی میسر و پاکستان ببنە دوو وڵاتی دیموکراسی.

***دەســـتێوەردانێکی دەرەکی زۆر هەیە لە کاروباری عێراقدا، کە بۆتە هۆی زیادبوونی ئاستی توندوتیژی لەم وڵاتەدا، ئایا رۆڵی سوریا چی بووە لەم روەوە؟**

- لە ســـەرەتادا ســـوریا هەموو هەوڵێکی خستەگەڕ بۆ ئەوەی زۆرترین پشـــێوی و توندوتیژی لە عێراقدا دروســـت بێت، لەبەر ئەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەڵەی گەورەی کرد، لە سەرەتای شـــەڕەکەدا باوەڕی وابوو، هەروەها بانگەشەی ئەوەی دەکرد، بەتایبەتی موحافیزکارە نوێیـــەکان، دەتوانێت لە ماوەی شەش مانگدا بارودۆخی عێراق کۆنترۆڵ بکات و دواتر وڵاتانی دیکە داگیربکات و بیانگۆڕێت و دووبارە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دابرێژێتەوە، ســـوریاش ترس و نیگەرانی دایگرت و هەڵســـا بە پاڵپشـــتی کردنی بزوتنـــەوەی یاخیبوون و تێکـــڕای بزووتنەوە جیهادییەکان لە عێراقدا کە ئامانجیان بەرەنگاربوونەوە و شەڕکردن بوو لەگەڵ وڵاتـــە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا. هەروەها لە ناو توێژی گەنجانی وڵاتی ســـوریادا هاوسۆزی و ئامادەی هەبوو بۆ شەڕکردن و رووبەڕوبوونەوە لە گەڵ ئەمەریکادا، کە ئەوان بە هێزێکی ئیمپریالی و شەڕخواز و داگیرکاری وڵاتێکی عەرەبیان لە قەڵەم دەدا، بۆ نموونە زۆرێك لە قوتابیانی کۆلێژی شـــەریعە لە دیمەشق جل و بەرگی هاوشێوەی جل و بەرگی ئەفغانییەکان دەپۆشی، تەنانەت هەندێ لەو قوتابیانە کۆچیان کرد بۆ عێراق بۆ ئەوەی شـــەڕ لە گەڵ ئەمەریکادا بکەن، بەڵام ئەوەی جێی



سەرســـوڕمانی ئەوان بوو، عێراقییـــەکان بەرەنگاریان بوونەوە، ئەوان لەو باوەڕدابوون عێراقییەکان وەك پاڵەوان پێشوازیان لێدەکەن و مامەڵەیـــان لە گەڵدا دەکەن، بەڵام بـــە پێچەوانەوەبوو. حاڵی حازر ســـوریا بە حساباتەکانی خۆیدا چۆتەوە و زۆر بە وریاییەوە مامەڵەدەکات، بە تایبەتی کە هەوڵی ئەوە دەدات دووبارە دەست بە گفتوگۆ بکاتەوە لە گەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا، لەبەر ئەوە ئێســـتا سوریا پشـــتگیرییەکی کەمتر لە پەڕینەوەی چەکـــدار و جیهادییەکان دەکات بۆ عێـــراق و کەمتر هانی ئەم حاڵەتە دەدات، لە لایەکی دیکەوە لەبەر ئەوەی هێزەکانی عێراق و چەکدارانی ئەنجوومەنەکانی ســـەحوە و ســـوپای ئەمەریکا پێکەوە کاردەکەن و هاوکاری یەکتر دەکەن، ئەوا ئەو چەکدارانەی دەتوانن سنوور ببەزێن دەستگیردەکرێن. کەواتە سوریا گۆڕانێکی گەورەی بەسەر هەڵوێستی خۆیدا هێناوە و ئەو تەقینەوەیەی لە هەفتەی رابردودا لە دیمەشـــق روویدا ئەوە دەخاتەڕوو کە بۆی هەیە هەوڵەکانی ســـوریا بۆ هاندانی توندڕەوەکان دەرئەنجامی پێچەوانەی لێبکەوێتەوە.

*** حاڵی حازر پرۆســـەی سیاسی لە عێراقدا بەرەو هەرەسهێنان و شکســـت دەچێت، هەروەها لایەنە سیاسییە سەرکیەکان پتر لە یەکتر دوور دەکەونەوە، ئایا چی روودەدات ئەگەر ئەم پرۆســـەیە بە تەواوەتی شکستی هێنا؟**

- هەمو لایەك پێشـــبینی ئەوە دەکەن لە کۆتاییدا کوردســـتان جیاببێتـــەوە، لەبەر ئەوەی هەموو شـــتەکان بەو ئاڕاســـتەیەدا

●●●

**لە دوای داگیرکردنی عێراقەوە لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە، هەوڵدرا سیستەمێکی هاوچەشنی سیستەمی لوبنان لە عێراقدا پیادە بکرێت کە تێیدا لایەنە ئیتنە جیاوازەکانی بەشداری لە دەسەڵاتدا بکەن، بەڵام ئەمە سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت لە عێراقدا**

●●●

●●●

**وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێناگات، بۆ نموونە هەمیشە ئەمەریکا و بەرپرسەکانی ئەمەریکا باس لە خستنەگەڕی هەوڵەکان دەکەن بۆ پەرەپێدان دیموکراسی لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵام ئەو راستییە نازانن کە ئەم وڵاتانە ناتوانن بەرەو دیموکراسی هەنگاوبنێن**

●●●

دەڕۆن، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا عەرەبەکان بەمە رازی دەبن و ئایا چ کاردانەوە و هەڵوێستێکیان دەبێت. لە لایەکی دیکەوە باس لەوە دەکرێت بەشە عەرەبییەکەی عێراق دابەش دەبێت بۆ دەوڵەتێکی شیعە و دەوڵەتێکی سوننە، بەڵام من لەو باوەڕەدا نیم شیعەکان ڕێگە بەم حاڵەتە بدەن، لەبەر ئەوەی بە ئاسانی دەتوانن سوننەکان ببەزێنن، بە تایبەتی کە ئێستا هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی چەکدارەکانی ئەنجوومەنەکانی سەحوە دەدرێت و عێراق



خاوەنی سوپایەکی بەهێزە کە لە ژێر دەسەڵات و کۆنترۆڵی شیعەکاندایە. هەرچەندە تا ئێستا پتەوکردنی دەسەڵاتی سیاسی لە لایەن شیعەکانەوە پشتی بەو هاوپەیمانێتییە بەستووە کە لە گەڵ کوردەکاندا پێکیان هێناوە، لەبەر ئەوە دەبێت چاوەڕێ بکەین، چونکە زۆرێک لە مەسەلەکان دەوەستێتە سەر ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان چۆن ڕەفتار دەکات لە ئاست ئەو هاوپەیمانێتییەدا. ئێمە ئەوە دەزانین نزیکەی ١٨ ساڵی کوردستان نیمچە سەربەخۆیە، هەرچەندە دروستبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە کوردستاندا کارێکی سەخت و دژوارە، لەبەر ئەوەی تورکیا و ئێران بەرهەڵستی دەکەن، هەروەها عەرەبەکانیش فشارێکی زۆر دروست دەکەن بۆ ئەوەی ئەم ڕوونەدات، لەبەر ئەوەی عەرەب بۆ ڕۆژگارێکی دوورودرێژ حکومڕانی کوردستان دەکات و ئێستاش کوردستان بە بەشێك لە جیهانی عەرەب دەزانێت، بەڵام حاڵی حازر کوردستان لە هەوڵی گەشەپێدانی هەرێمەکەی و بنیاتنانی زانکۆکەکان و بەهێزکردنی سوپاکەیدایە، من پێموایە دەبێت کوردستان هەوڵی قەناعەت پێکردنی تورکیا بدات کە دروست بوونی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ کە خاوەنی پەیوەندی باش بێت لە گەڵ تورکیا لە بەرژەوەندی تورکیادایە. بەڵام نیگەرانی تورکیا و سوریا لە دروست بوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە کوردستاندا ئەوەیە کە ئەم دەوڵەتە ببێتە هۆی ناسەقامگیرکردنی بارودۆخی ئەو دوو وڵاتە، بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠٠٤دا کوردەکانی سوریا بە کاریگەربوون بە بارودۆخی کوردستان داوای سەربەخۆیان کرد و ئەمەش سوریای ترساند، هەروەها حاڵی حازر پەکەکە زیاتر و زیاتر بەهێز دەبێت، بەڵام ئەگەر کوردستان خوازیاری ئەوە بێت دەوڵەتی هەبێت و خاوەنی پەیوەندی باش و دۆستانەبێت لە گەڵ دراوسێکانیدا نابێت ڕێگە بەمە بدات، نابێت دراوسێکانی ئیستیفزاز بکات، لەبەر ئەوەی ئەگەر تورکیا کوردستانی بۆردومان کرد و بارودۆخەکەی ناسەقامگیر کرد، ئەوا عەرەبەکانی عێراق دەتوانن دەست بەسەر کوردستاندا بگرنەوە، لەبەر ئەوە دەبێت کوردستان قەناعەت بە تورکیا بکات کە ڕێگە بە پەکەکە نادات هەل و مەرجی تورکیا ناسەقامگیر بکات، هەروەها دەبێت قەناعەت بە کوردەکانی تورکیاش بکات کە ئەوان ناتوانن دەوڵەتی خۆیان هەبێت و ناتوانن ببنە بەشێك لە کوردستان و لە تورکیا جیاببنەوە، ئەگەر کوردستان بەم شێوەیە ڕەفتاری کرد ئەوا تورکیا پشتگیری لە سەربەخۆبوونی کوردستان دەکات، ئەمە گەورترین تەحەددایە بۆ حکومەتی کوردستان، لەبەر ئەوەی ئەگەر پەیوەندییەکی باشیان لە گەڵ تورکیادا هەبێت، ئەوا عەرەبەکان ناتوانن شکستیان پێ بهێنن، لەبەر ئەوەی تورکیا یارمەتی کوردستان دەدات، ئەو کاتە ئەمەریکاش یارمەتی کوردستان دەدات، لەبەر ئەوەی تاوەکو تورکیا دژی کوردستان بێت ئەمەریکاش ناتوانێت یارمەتی کوردستان بدات.

*حکومەتی مەرکەزی عێراق لە هەوڵی بەهێزکردن و پتەوکردنی دەسەڵاتی خۆیدا بۆ ئەوەی خۆی بەسەر تێکڕای وڵاتەکەدا بسەپێنێت، ئەمەش مەترسی و نیگەرانی ڕوودانی کودەتای سەربازی دروستکردووە، لێکدانەوە و تێڕوانینی ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟

- من لەو باوەڕەدام تاوەکو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا بێت، ئەوا کودەتای سەربازی ڕوونادات، هەرچەندە حاڵی حازر چەند کەسایەتییەکی دیاری کراو هەوڵی مەحکەمکردن و پتەوکردنی دەسەڵات دەدەن، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی هەر کشانەوەیەکی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا مەترسیداربێت، هەروەك ئەوەی جەنەراڵ پاتریۆس ئاماژەی بە مەترسی کشانەوەی پێشوەختەی هێزەکانی ئەمەریکا کرد لە عێراقدا.

* دەستووری عێراق نەخشەی ڕێیە بۆ وڵاتەکە، هەروەها دەکرێت بە هۆی دەستوورەوە تێکڕای کێشە ئێتنییەکانی وڵاتەکە چارەسەر بکەین، واتە ئەگەر بمانەوێت وڵاتەکە بە یەکگرتوی بمێنێتەوە، ئەوا دەبێت دەستوورەکە جێبەجێ بکرێت، بەڵام حکومەتی مەرکەزی عێراق جێبەجێکردنی دەستوورەکەی پشتگوێ خستووە، ئایا ئەمە چ کاریگەری و کاردانەوەیەکی دەبێت لەسەر ئایندەی وڵاتەکە؟

- ئەمە دەبێتە سەپاندنی نیزامێکی سەربازی، لەبەر ئەوەی ئەم حاڵەتە لە زۆرێك لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەدی دەکرێت بە تایبەتی لە میسر و سوریا کە هەردوو وڵاتەکە خاوەنی دەستوورێکی باشن و دەستوورەکانیان دەرفەت بە ئازادی دەدەن، بەڵام لە واقیعدا حکومەت تەنیا ئەو بڕگانەی دەستوور جێبەجێ دەکات کە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی خۆی دەکات و بڕگەکانی دیکە پشتگوێ دەخات.

**دەبێت کوردستان هەوڵی قەناعەت پێکردنی تورکیا بدات کە دروست بوونی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ کە خاوەنی پەیوەندی باش بێت لە گەڵ تورکیا لە بەرژەوەندی تورکیادایە**

**تاوەکو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا بێت، ئەوا کودەتای سەربازی ڕوونادات، هەرچەندە حاڵی حازر چەند کەسایەتییەکی دیاری کراو هەوڵی مەحکەمکردن و پتەوکردنی دەسەڵات دەدەن**

**پاتریک کیللر**
**ڕێکخەری سیاسەتی دەرەوەی پەیوەندییەکانی ترانس ئەتڵەنتیک بۆ گوڵان:**



# دەبێت لەنێوان کورد و بەغدا متمانە هەبێت ئەگەر متمانە نەبوو نە دیموکراسی و نە فیدرالی سەرکەوتوو نابێت

**ئایندەی عێراق دابەشبوون و پارچە پارچە بوون دەبێت، بەلام بۆ ئەوەی عێراق بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە دەبێت حکومەتی مەرکەزی لەگەڵ تێکرای گرووپە ئیتنییە جیاوازەکاندا کاربکات**

**پاتریك کیللر ڕێکخەری سیاسەتی دەرەوەی پەیوەندیەکانی دەوڵەتانی ترانس ئەتلەنتیکە (واتە دەوڵەتانی ئەمبەر و ئەوبەری ئۆقیانوسی ئەتڵەسی) لە ئەڵمانیا و یەکێکە لەو دیپلۆماتانەی بەبێ مۆڵەت وەرگرتن قسە بۆ میدیا ناکات، هەربۆیە کاتێك پەیوەندیمان پێوەکرد دوای لێکردین مۆڵەت لە بەشی پەیوەندییەکان وەربگرین و دوای خۆناسینمان وەك گۆڤاری گوڵان، کە پێشتریش دیمانەمان لەگەڵ خافیر سۆلانەی ڕێکخەری یەکێتی ئەورووپا کردووە، بواری ئەوەیان پێداین کەلەگەڵ کیللریش قسەبکەین. بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە:**

**تەنیا ئایندەیەکی خوازراو بۆ عێراق بریتیە لە بوونی سیستەمێک کە لە رووی سیاسییەوە سەقامگیربێت، ئەوەش پێویستی بە هێنانەدی پرۆسەی ئاشتەوایی دەبێت بە شێوەیەکی دیموکراتییانە**

***دەستووری عێراق نەخشەی ڕێیە بۆ وڵاتەکە، واتە ئەگەر بمانەوێت وڵاتەکە بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە، ئەوا دەبێت دەستوورەکە جێبەجێ بکرێت، بەڵام حکومەتی مەرکەزی عێراق جێبەجێکردنی دەستوورەکەی پشتگوێ خستووە، ئایا ئەمە نابێتە مەترسی لەسەر ئایندەی وڵاتەکە؟**

- من پێموایە ئایندەی عێراق دابەشبوون و پارچە پارچە بوون دەبێت، بەڵام بۆ ئەوەی عێراق بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە دەبێت حکومەتی مەرکەزی لەگەڵ تێکڕای گرووپە ئیتنییە جیاوازەکاندا کاربکات بۆ ئەوەی ئایندەیەکی هاوبەش پێکەوە بنێن. واتە دەبێت ڕێگاچارەیەکی گونجاو بۆ پێکەوە کارکردن و دابەشکردنی عادیلانەی داهاتەکانی نەوت بدۆزرێتەوە، ئەگەر عێراقییەکان نەتوانن ڕێگاچارەیەکی گونجاو بۆ دابەشکردنی داهاتەکان بدۆزنەوە، ئەوا شەڕوتوندوتیژی و ناکۆکی درێژە دەکێشن و هیچ سەقامگیری و گەشەکردنێکیش روونادات.

*** حاڵی حازر پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا بەرەو هەرەسهێنان و شکست دەچێت، هەروەها لایەنە سیاسییە سەرەکییەکان پتر لە یەکتر دوور دەکەونەوە، ئایا چی روودەدات ئەگەر ئەم پرۆسەیە بە تەواوەتی شکستی هێنا؟**

- تەنیا ئایندەیەکی خوازراو بۆ عێراق بریتیە لە بوونی سیستەمێك کە لە رووی سیاسییەوە سەقامگیربێت، ئەوەش پێویستی بە هێنانەدی پرۆسەی ئاشتەوایی دەبێت بە شێوەیەکی دیموکراتییانە. حکومەتی مالیکی بەم شێوەیە رەفتاری نەکردووە، ئەمەش هۆکاری ئەو تورەیی و نائۆمێدیەیە کە ئێوەی ئاماژەی بۆ دەکەن.

*** هەرێمی کوردستان هەرێمی ئارام و سەقامگیرە و هەوڵ**

**دەدات هاوکاری لەگەڵ حکومەتی مالیکیدا بکات، بەڵام حکومەتی مالیکی هەمان هەڵوێستی نییە و هەست دەکرێت کۆسپ و تاستەنگ بۆ هەرێمی کوردستان دروست دەکات و ئەو دەسەڵاتانە بە هەرێمی کوردستان ڕەوا نابینێت کە دەستوور پێی داوە، ئایا ئایندەی وڵاتەکە چی دەبێت ئەگەر هاوکاری لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی مەرکەزیدا نەبێت؟**

- ئەوە مەسەلەیەکی ئاڵۆز و هەستیارە، لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان هەرێمێکی ئارام و گەشەکردووە و خۆی کاروبارەکانی خۆی هەڵدەسووڕێنێت و ڕەنگە وەك مۆدێلێك لێی بڕوانرێت بۆ بەشەکانی دیکەی عێراق، بەڵام لە لایەکی دیکەوە مەترسی و نیگەرانی هەیە کە ئەمە سەربکێشێت بۆ هەڵکشانی مەیلی جیابونەوە و سەربەخۆی لای کوردەکان، هەر لەبەر ئەمەشە حکومەتی مەرکەزی دووچاری دژواری دەبێتەوە لە مامەڵەکردن لە هەرێمی کوردستاندا.

***بۆچی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ڕێگە دەدات عێراق بەرەو عەسکەرتاری هەنگاو هەڵبگرێت؟**

- مەترسی ڕاستەقینە ئەوەیە میلیشیا چەکدارەکانی کۆنترۆڵیان هەبێت بەسەر وڵاتەکەوە، لە بری ئەوە دەبێت حکومەتێك پێك بهێنن کە بە پێی بنەما فیدراڵی و دیموکراسییەکان کاربکات و تەنیا دەوڵەت بتوانێت کۆنترۆڵی وڵاتەکە بکات.

*** جێبەجێکردنی بنەماکانی فیدراڵیزم پێویستی بە هاوکارییەکی بەهێزی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی مەرکەزی هەیە، ئایا میکانیزمەکانی هێنانەدی ئەو هاوکارییە چین؟**

- ناکرێت ئەزمونی وولاتانی دیکە وەربگرن و وەك خۆی جێبەجێی بکەن، پێویستە هەل و مەرجی سەر ئەرزی واقیعی خۆتان لەبەرچاو بگرن، بیرۆکە سەرەکییەکە بوونی متمانەیە، لەبەر ئەوەی هیچ سیستەمێکی دیموکراسی و فیدراڵی بێ بوونی کەمترین ئاستی متمانە سەرکەوتوو نابێت، ئەمە ئاسانترین شتێکە بووترێت، بەڵام زەحمەتترین دەستکەوتە بۆ ئەوەی بەدەست بهێنرێت. من پێموایە لەم ڕووەوە هێنانەدی دوو شت گرنگی خۆیان هەیە، یەکەمیان ئاسایش و دووەمیان گەشەکردن، یەکەمیان ئەو کاتە دێتەدی ئەگەر تەنیا دەوڵەت مافی بەکارهێنانی هێزی هەبوو، دووەمیشیان ئەو کاتە دێت ئەگەر توانرا بەشێوەیەکی دادپەروەرانە داهاتی نەوت دابەش بکرێت.

من ئومێدەوارم درێژە بە تێکۆشانی خۆتان بدەن بۆ هێنانەدی عێراقێکی ئازاد و یەکگرتوو و من هیوادارم یەکێتی ئەورووپاش لەم ڕووەوە پشتگیریتان بکات و یارمەتیتان بدات، لەبەر ئەوەی تا ئێستا تەنیا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەم ئەرکەی لە ئەستۆ گرتووە.

**هەرێمێکی ئارام و گەشەکردووە و خۆی کاروبارەکانی خۆی هەڵدەسووڕێنێت و ڕەنگە وەک مۆدێلێک لێی بڕوانرێت بۆ بەشەکانی دیکەی عێراق**

**بیرۆکە سەرەکییەکە بوونی متمانەیە، لەبەر ئەوەی هیچ سیستەمێکی دیموکراسی و فیدراڵی بێ بوونی کەمترین ئاستی متمانە سەرکەوتوو نابێت**



پاتریک جامیس
پسپۆر و تایبەتمەند لەسەر عێراق بۆ گوڵان:

# دەستوری عێراق باشترین مەرجەعە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان



رای گشتی ئەمەریکا دابەزینی ئاستی توندوتیژی لە عێراقدا و کەم بوونەوەی ژمارەی سەربازە کوژراوەکانی سوپای ئەمەریکا لە عێراقدا کردۆتە  پێوەرێک بۆ سەرکەوتن و ئێستا بە هۆی دەرئەنجامی راپرسییەکانەوە ئەو راستییە بەدی دەکەین کە شەڕی عێراق بایەخێکی کەمتری هەیە لای دەنگدەرەکانی ئەمەریکا

**پرۆفیسۆر باتریك جامیس ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لەزانکۆی باشوری کالیفۆرنیا و پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر دۆسێی عێراق و دەستیوەردانی نێودەوڵەتی و چارەسەرکردنی کێشە ئەتنییەکان.**
**بۆ هەڵسەنگاندنی باردۆخی ئێستای عێراق و هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و رۆڵی ئەمریکا لە عێراقدا پەیوەندیمان بە پرۆفیسۆر جامیس کرد و بەرێزی بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربری:**

ئومێدەوارم هەرێمی کوردستان و حکومەتی مەرکەزی بگەنە سازش و رێگاچارەیەکی مام ناوەندی بۆ دابەشکردنی دەسەلآت و داهاتی نەوت

***چۆن بارودۆخی ئێستای عێراق وەسف دەکەیت و چۆن ئایندەی ئەم وڵاتە هەڵدەسەنگێنیت؟**

- من پێموایە دەستووری عێراق باشترین مەرجەعە و ئەوەی زیاتر دەبێتەهۆی شەرعیەتپێدانی ئەم دەستوورە ئەوەی حکومەت بتوانێت پتر سەربەخۆی خۆی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەدەست بهێنیت و بتوانێت هەڵبستێت بە هەمواركردن و پێداچونەوە بە دەستوورەکەدا، دواتر ئەو هەموارکردنە پەسەند بکرێت، ئەمەش زەمینەخۆش دەکات بۆ ئەوەی عێراق پتر بەرەوپێش بچێت لە ئایندەدا.

*** ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا بانگەشەی ئەوە دەکات کە سەرکەوتوو بووە لە عێراقدا، بەڵام هەلومەرجی سەر ئەرزی واقیع پێچەوانەی ئەم بانگەشەیەیە، تێڕوانین و لێکدانەوەی ئێوە چییە لەم رووەوە؟**

- رای گشتی ئەمەریکا دابەزینی ئاستی توندوتیژی لە عێراقدا و کەم بوونەوەی ژمارەی سەربازە کوژراوەکانی سوپای ئەمەریکا لە عێراقدا کردۆتە پێوەرێك بۆ سەرکەوتن و ئێستا بە هۆی دەرئەنجامی راپرسییەکانەوە ئەو راستییە بەدی دەکەین کە شەڕی عێراق بایەخێکی کەمتری هەیە لای دەنگدەرەکانی ئەمەریکا و پتر گرنگی بەو کێشە و مەسەلانە دەدەن کە پەیوەندییەکی راستەوخۆی هەیە بە ژیانیانەوە، بۆ نموونە ئەو پشێوییە ئابوورییەی لە ئەمەریکادا هەیە کە بارودۆخێکی زۆر خراپی خوڵقاندووە. رەنگە بتوانرێت باشتربوونی بارودۆخی عێراق بە سەرکەوتنێکی سەربازی لێك بدرێتەوە، بەڵام ئەگەر لە رووی سیاسییەوە بڕوانین ئەوا هێشتا پرۆسەکە زۆر دوورە لە سەرکەوتنەوە و هێشتا پرۆسەی هەموارکردن و پەرپێدانی دەستوور لە سەرەتادایە.

* ئامانجی ئەمەریکا لە ڕووخاندنی ڕژێمی سەددام حوسێن خولقاندنی وڵاتێکی دیموکراسی و یەکگرتوو بوو، بەڵام حاڵی حازر ناکۆکییەکی ڕو لە هەڵکشان هەیە لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی مەرکەزیدا، ئەگەر ئەم ناکۆکیانە درێژە بکێشن و زیاتر ئاڵۆزبن، ئایا هیچ دەرفەتێك هەیە بۆ ئەوەی عێراق بە یەکگرتوی بمێنێتەوە، ئەگەر نا ئایا کاریگەرییەکەی چی دەبێت لەسەر پێگەی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا؟

- ئەگەر شەڕ لە نێوان کوردەکان و حکومەتی مەرکەزیدا بەرپابێت، یاخود ئەگەر کوردستانی جاڕی سەربەخۆی بدات ئەوا تورکیا هەوڵی داگیرکردنی کوردستان دەدات، لەبەر ئەوەی بوونی دەوڵەتێکی کوردی ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا کە دانیشتوانەکەی کوردن. لەبەر ئەوە من ئومێدەوارم هەرێمی کوردستان و حکومەتی مەرکەزی بگەنە سازش و ڕێگاچارەیەکی مام ناوەندی بۆ دابەشکردنی دەسەڵات و داهاتی نەوت، لەبەر ئەوەی جیبابونەوەی کوردەکان و جاڕدانی سەربەخۆی چەندین ناکۆکی دەخولقێنێت، چونکە زۆرلایەن نیگەرانن لە دروست بوونی دەوڵەتی کوردی سەربەخۆ.

*** لەم ساتەوەختەدا عێراق بەرەو عەسکەرتاریەت دەچێت، لەبەر ئەوەی سوننەکان هێزی چەکداری خۆیان هەیە کە بریتین لە چەکدارانی سەحوە، هەروەها شیعەکان سەرقاڵی چەکدارکردنی هۆزە شیعەکانن بۆ ئەوەی هاوسەنگی هێز بپارێزن، لە هەمان کاتدا ژمارەی سەربازانی سوپای عێراق گەیشتۆتە نزیکەی ٥٠٠،٠٠٠ سەرباز، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ڕێگە دەدات عێراق ئەم ڕێگایە بگرێتەبەر؟**

- دەبێت سنووری دەسەڵات و توانای وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بزانین، ئەمەریکا سەرقاڵە بە دوو شەڕەوە، ئەفغانستان و عێراق و نزیکەی تێکڕای ئەرکی شەڕەکانیش لە ئەستۆی ئەمەریکایە، هەروەها ئەمەریکا لە ناوخۆی وڵاتەکەیدا دووچاری گیروگرفتێکی زۆر بۆتەوە، لەبەر ئەوە تێڕوانینێکی واقیعی نییە ئەگەر پێشبینی ئەوە بکەیت ئەمەریکا سەرچاوەی زیاتر و هەوڵی زیاتر دەخاتەگەڕ بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو کێشانەی لە عێراقدا هەیە، لەبەر ئەوەی ئەمە پێویستی بە ڕەوانەکردنی هێزی زیاتر هەیە بۆ ئەو وڵاتە، ئەمە لە کاتێکدا ئەمەریکا داهاتێکی زۆری لە شەڕی عێراقدا خەرج کردووە. بە داخەوە پێدەچێت لەگەڵ کەم بوونەوەی دەستڕۆیشتووی ئەمەریکا و کشاندنەوەی ژمارەیەکی زیاتری هێزەکان لە عێراقدا ناکۆکی گەورەتر لە عێراقدا سەرهەڵبدات، لەبەر ئەوەی حاڵی حازر هەڵکشانێکی سەربازی لە ئارادایە و زیاتر هەوڵی بە عەسکەرتاری کردن دەدرێت. ڕای گشتی ئەمەریکا چیتر ڕازی نابێت داهات و سەربازی ئەمەریکا بۆ بەرەنگاربونەوەی کێشەکانی عێراق تەرخان بکرێت، ئەگەرچی شەڕێکی ناوخۆی سەرتاسەریش لە عێراقدا سەرهەڵبدات.

*** ئێوە ئاماژەتان بە جێبەجێنەکردنی دەستوور کرد، بەڵام حاڵی حازر حکومەتی مەرکەزی عێراق بڕگەکانی دەستووری عێراقی پێشێل کردووە، بە تایبەتی ماددەی ١٤٠ی پەیوەست بە کەرکوکەوە، ئایا چ ڕاسپاردەیەکت هەیە بۆ کوردەکان لەم ڕووەوە، پێت وایە دەبێت چۆن ڕەفتار بکەن؟**

- ڕەنگە لەم ڕووەوە جێگیرکردنی سیستمێکی فیدراڵی نامەرکەزی بۆ پێکەوەژیانی ئاشتیانە کارێکی باش بێت، کە دەکرێت لەم چوارچێوەیەدا بتوانن بگەنە ڕێککەوتن و ڕێگاچارەیەك بۆ دابەشکردنی داهات، بە حوکمی ئەوەی هەرێمی کوردستان دەتوانێت داهاتی خۆی بەرهەم بهێنێت. کوردستان نابێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، بەڵام دەتوانێت ببێتە هەرێمێکی خاوەن ئۆتۆنۆمی کە خۆی کاروبارەکانی خۆی بەڕێوەببات، یەکێك لە نموونەکان لەم ڕووەوە بریتییە لە هەرێمی کیبوبیك لە کەنەدا.

***ئایا کوردەکان لەم هەوڵەیاندا دەتوانن پشت بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ببەستن؟**

- ئەگەر بە ڕاشکاوی وەڵامت بدەمەوە، ئەوا بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئەمەریکا سەرقاڵە بە چەند شەڕێکەوە، بە تایبەتی شەڕی ئەفغانستان کە بەرەو خراپتر دەچێت، ئەوا ئەمەریکا نە سەرچاوەی پێویستی هەیە بۆ یارمەتیدانێکی سەربازی گەورە و نە ڕای گشتی ئەمەریکاش بە کارێکی لەم چەشنە ڕازی دەبن، لەبەر ئەوە دەبێت کوردەکان زۆر بە وریاییەوە مامەڵە بکەن و کارێك نەکەن نیگەرانی و مەترسی تورکیا بوروژێنن.

*** حاڵی حازر پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا بەرەو هەرەسهێنان و شکست دەچێت، هەروەها لایەنە سیاسییە سەرکییەکان پتر لە یەکتر دوور دەکەونەوە، ئایا چی ڕوودەدات ئەگەر ئەم پرۆسەیە بە تەواوەتی شکستی هێنا؟**

- بە داخەوە ئەگەر ئەم پرۆسەیە شکست بهێنێت، ئەوا شەڕێکی ناوخۆی بەربڵاو هەڵدەگیرسێت و زۆرێك لە میلیشیاکانی وڵاتەکەی تێوەدەگلێن.

*** مەترسی ئەوە هەیە کودەتایەکی سەربازی لە عێراقدا ڕووبدات، ئایا لە حاڵەتی ڕوودانیدا چ دەرئەنجامێکی لە سەر وڵاتەکە؟**

- عێراق دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ سایەی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری بە چەشنی ئەوەی لە سەردەمی سەدام حوسێندا هەبوو، تێیدا کەمینەیەك دەسەڵات دەگرنەدەست و ئەوانی دیکە سەرکوت دەکەن، ئەوا کاتەش شەڕەکە و تێکڕای ئەو هەوڵانەی لە دوای شەڕەکەوە دراون بە فیڕۆ دەچن.

*** ئایا تا ڕادەیەك مەسەلەی عێراق کاریگەری هەیە لە سەر هەڵبژاردنەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا؟**

- ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەوەیە گرنگی و بایەخێکی زۆر کەم بە کێشەی عێراق دەدرێت لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەکاندا، هۆکاری ئەمەش بە ڕای من بۆ ئەو قەیرانە ئابوورییە سەختە دەگەڕێتەوە کە ئەمەریکا پێیدا تیدەپەڕێت.

**لەگەڵ کەم بوونەوەی دەستڕۆیشتووی ئەمەریکا و کشاندنەوەی ژمارەیەکی زیاتری هێزەکان لە عێراقدا ناکۆکی گەورەتر لە عێراقدا سەرهەڵبدات**

**ڕەنگە لەم ڕووەوە جێگیرکردنی سیستمێکی فیدراڵی نامەرکەزی بۆ پێکەوەژیانی ئاشتیانە کارێکی باش بێت، کە دەکرێت لەم چوارچێوەیەدا بتوانن بگەنە ڕێککەوتن و ڕێگاچارەیەک بۆ دابەشکردنی داهات**

**بایەخێکی زۆر کەم بە کێشەی عێراق دەدرێت لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەکاندا، هۆکاری ئەمەش بە ڕای من بۆ ئەو قەیرانە ئابوورییە سەختە دەگەڕێتەوە کە ئەمەریکا پێیدا تیدەپەڕێت**